

حۆڵ

محەمەد موکری







تۆڵە



محەمەد موکری



ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود
بەڕێوەبەری هونەری: باسم ڕەسام

ناوی کتێب: تۆڵە
ناوی نووسەر: محەمەد موکری
بابەت: ڕۆمان
دیزاینی تێکست: دانا حەسەن
نۆبەتی چاپ پێنجەم ٢٠١٥
چاپخانە: پەنجەرە
تیراژ: (١٥٠٠) دانە
نرخ: (٥٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١١٨٦)ـی ساڵی (٢٠١٥)ـی پێ دراوە.

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە/ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
سلێمانی-شەقامی مەولەوی-تەلاری سیروانی نوێ-نهۆمی چوارەم
www.endeshe.org●andesha.library@yahoo.com
http//www.facebook.com/Andeshacenter
07501026400

پێشکەشە بە:

شەهید عەبدولخالق مەعروف

(ئێستا) لەودیو ئەو زنجیرە چیا ڕووت و سەختەی بەرانبەرمە، لە پانتایی دە - دوانزە کیلۆمەتری چوارگۆشەیی، دووکەڵێکی ڕەش و سەخت بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت...

(زوو، لەودیو ئەو زنجیرە چیا سەخت و ڕووتەی بەرانبەرمە، دێیەکی گەورەی لێبوو، کە زیاتر لە دوو سەد ماڵێکی گرتبووە خۆی...

ئەگەر دە ساڵێک لەمەوبەر، کەسێک لە نزیکەوە سەیری دێی کردبا، ئەوا یەکسەر مەلی دیدەی هەڵدەنیشتە سەر جوانترین شوێنی دێ، ئەویش مزگەوتێکی گەورەی لە کۆنکرێت درووستکراو، حەوز و ئاوێکی ڕوون، باغ و باغاتێکی زۆر ببووە پەرژینی دەوری مزگەوت و قوتابخانەکەی تەنیشتی... قوتابخانەکە تا پۆلی شەشی سەرەتایی تیا دەخوێندرا، هەروەها کەسەکە، یەک - دوو دووکانی وردەفرۆش و چاپخانەیێکی چکۆلەیشی دەبینی، چۆمێکی باریکیش دێیەکەی کردبوو بە دوو بەشەوە...

گەر کەسەکە بچووبایەتە نێو دێ، سێ - چوار مامۆستای گەنجی دەبینی(بە کوردی وانەیان بەو قوتابیانەش دەدا، کە لە(کوێرە دێ)یەکانی ئەو دەوروبەرەوە بۆ قوتابخانەی دێیەکە دەهاتن... گەر سەرێکیشی لە چاپخانە چکۆلەکە دابا و حاجی محێدینی نەدیبا بە قرەقڕ و دەنگی بەرز لەنێو چەند زەلامێکدا دامە دەکات، ئەوا فەتاحی سەکنی (کەریمی شۆفێری

دەبینی، بە هەمـوو تاقەتێکی خـۆی پولەکانـی دۆمینـەی هەڵدەڕشـتە سـەر مێزەکە و ئەزنیفی دەکرد، سـەعە سـووری چاییش هـەر لەسـەر بۆڵەبۆڵی خـۆی بـەردەوام بـوو، لـە نێوانی دوو (ڕێکۆردە)دا سـەری لـێ تێک چـووە، هـەر دەیویسـت گۆرانییەکانی حەسـەن زیرەک بخاتـە سـەر نەوار و بە دوو قـات بیانفرۆشێت...

خۆ ئەگـەر (ئێسـتا) کەسـێک لـەم زسـتانە سـەختەی ئـەم ساڵەدا، بتوانێت بەسـەر چیـا ڕووتەکـەی بەرانبـەرم کـەوێ، بەفـر بشـکێنێت و بچێتـە سـەرێ، لەوێـوە سـەیری دامێنـی ئەودیـو بـکات، ئـەوا یەکسـەر لەنێـو پەڵـە دووکەڵـە ڕەشـەکاندا، چەندیـن داری بـەرداری زەبەلاحـی نیـوە مـردوو و سـووتاو و ڕەشـهەڵگەڕاو دەبینێـت - کـە ڕۆژێ لـە ڕۆژان بـەردار، سـەربەرز، خاوەنـی خۆیـان هەبـووە - .

گـەر بەفـری چیاکـەش کاری لـە چاوانـی کەسـەکە کردبێـت، بـەزۆر هەندێـک فرمێسـکی لێدۆشـیین، دەتوانێـت دەسـت بـە چاوانـی خۆیـا بێنێـت، هەندێک بیـان تروکێنێـت، ئەوجـا بـۆ دوورتـر بڕوانێـت، ئـەوا لـە دووری پێنـج سـەد مەترێکـی کـەلاوە و دار و پەردووەکانـی (دێیەکـە) لـە تەختـە زەوییەکـی بەبـاردا، پیـردار بـە ڕوویێکـی کـۆک، لـق و پـۆپ هەڵکشـاو دەبینێـت... تـا دێ ئـاوەدان بـوو (پیـرە دار نـاوی شـێخ ڕەش بـوو) ئێسـتاش ئـەوە شـەش حـەوت سـاڵێکە پێـی دەگوتـرێ (داری موختـار)...

خـۆ ئەگـەر کەسـەکە، لەسـەر چیـادا بحەسـێتەوە و ماندوویەتـی دەرچێـت، ئەوجـا بەڕوونـی لـە شـوێنەواری (دێیەکـە) ڕابمێنێـت، ئـەوا لەنێـو بەفـرە تـازە باریوەکـەدا، یـەک - دوو شـوێنی بـۆر، کـە پێنەئاسـا لکاونەتـە سـەر زەوییـە سـپییەکە، لەنێـو چاوانیـدا لەنگـەر دەگـرن و دەوەسـتن، ئـەو دوو شـوێنەش، شـوێنەواری مزگـەوت بەدەنەمێت تەقێنراو و قوتابخانە سـوتێندراوەکەی دێیە...

خۆ ئەگەر کەسەکە خەڵکی ئەو ناوچەیە نەبێت، ئەوا زۆر بەزەحمەت - لەو (بەرزییەشەوە) دەتوانێت شوێنەواری ئەو چەند کوێرە دێیە سوتێندراوانەی ئەو دەوروبەرە ببینێت... خۆ ئەگەر ئەوەندەی بوردی (دۆشکایەک) سەرنج هەڵبدات، ئەوا لە دووری دێ و لە تەختە زەوییەکی تەلبەندکراودا، دەیان موودەرەعە و سەیارەی سەربازی دەبینێت - هەندێکیان وەک خەڵوز ڕەش هەڵگەڕاون، هەندێکی دییان واژگوون بوون و شکێندراون، دەشێت تا ئێستاش هەر گڕیان لێ بەرز ببێتەوە... تەختە زەوییە تەلبەندکراوەکەیش لەنێو بازنەیێکی گردی زل زلدایە، قوتەکانیان (ڕەبایەی) داتەپیوی بەسەرەوەیە، ڕەش دەچنەوە! ڕێیەکی پێچاوپێچیش بە چەند کیلۆ مەترێک دێ دەبەستێتەوە بە شەقامی قیرتاوکراوەوە... شەقامی ڕەشیش وەک ئەژدیهایەکی بێگیان کەوتووەتە نێوان دوو زنجیرە چیای سەخت و ڕووت...

خۆ ئەگەر کەسەکە ڕوو وەرچەرخێنێت و بە دیوی لای مندا بڕوانێت، ئەوا لە دامێن و لەنێو هەندێک داری زل و شاشدا دەیان مرۆڤ دەبینێت، بە سەد مەترێک لە ژووروی ئەوانیشەوە (من) دەبینێت، لە پایینی گابەردێکدا ڕووەو چیا دانیشتووم... دەشێت کەسەکە بپرسێ (ئەرێ بۆ ئەو تاقە نەفەرە لەو دە - پانزە کەسە جیابۆتەوە و بە تەنها دانیشتووە؟ (ئەڵبەتە ئەو نازانێ بۆ؟بەڵام من باسی دەکەم، بۆ دورەپەرێز دانیشتووم - پێش ئەوەی بێمە سەر باسەکە، دەپرسم: - ئەرێ دەشێ مرۆڤ کەڵکی ئەوەی هەبێت لە یەک کات و شوێندا، سەرکەوتنێکی گەلێک مەزن و کۆستێکی سەخت گەمارۆیان دابێت و بتوانێت تەحەموول بکات؟

پێویستم بە چ وەڵامێک نییە. پێشەکی دەڵێم (ئا)، چونکە مرۆڤ لە سەرکەوتنی مەزن مەزنترە و خۆی خاوەنێتی (کۆستیش هەر چەندە ئەستوور و سەخت بێت، تینی هیوای ژیانویستی ڕایدەماڵێت...) (ئێستاش)

منم لەنێوانی ئەو دوو دژەدا نیمچە حەپەساوم!

خۆ ئەگەر کەسەکەی سەر چیا، چاو لەسەر من بگوازێتەوە، ڕووی بە ئاڕاستەی دێیە خاپوورکراوەکەدا وەرچەرخێنێت، ڕەنگە سووکە غەمێک بۆ ئەو دێیە سووتێندراوە بخوات - کە جێیەکەی چ لە جوانی و لە ئاو و هەواکەی لە بەهەشت کەمتر نییە.

***

من خەڵکی ئەو دێیەم، ناوم مستەفایە و زۆرجاریش پێم دەڵێن (مچە)... باوکم یەکێک بوو لەو جووتیارانەی ساڵی یەک - دوو جار هاتووچۆی شاری دەکرد... دایکم نەمابوو، باوەژنم هەبوو... من لەماڵی باوکم دەرکرابووم، لەماڵی (حەمە)ی خاڵۆمدا ژیانم دەگوزەراند...

باوکم دوو کوڕی دیشی لە باوەژنەکەم هەبوو، ئەحمەد ساڵێک و محەمەدیان دوو ساڵان لە من منداڵتر بوو، لە قوتابخانەدا برا بووین، بەڵام لە یەک ماڵدا نەدەژیاین، باوکم هەژارێکی ترزلی نەخوێندەوار بوو، کەس نازانێت چۆن، یا کێ فێری ئەوەی کردبوو بتوانێت ناوی خۆی بنووسێت، شەش - حەوت دەقیقەی پێدەچوو تا ناوەکەی خۆی دەنەخشاند، وەک ئەوەی کارێکی گەورەی کردبێت، نووسینەکەی نیشانی خوێندەواران دەدا، خۆیشی لێی ڕادەما، جارجارەیش دەیگوت: (پەکوو، ناوەکەم چەند قوورسە!) کەچی خۆی بە زانایەکی زل دەزانی، پێی وابوو سەری لە هەموو عیلم و علومێک دەردەچێت، گەلێک شارەزا و پسپۆڕە، پێویست دەکات ڕاوێژی پێبکرێت... لە هەموو باس و خواسێکدا خۆی تێهەڵدەقورتاند، گەر عەقڵی هەر شتێکی نەبردبا، بێ سێ و دوو، بەرانبەر هەر کەسێک با، دەیگوت: (نەخێر... وا نییە، تۆ نازانیت) سەرباری ئەمانەش، ڕووخسارێکی پێکەنینئامێزی هەبوو، ئەندامەکانی

سەر و سەکووتی هیچیان لەگەڵ یەکدیدا نەدەگونجان: دوو چاوی ڕەش، برۆکانی هەند سفت و ئەستوور بوون، تەواو سێبەریان خستبووە سەر چاوە ڕەشەکانی، کە هەمیشە بە کل دەیانی ڕژت و دەیگوت: (سوونەتە!) سمێڵەکەیشی لە چەشنی سمێڵی هیتلەر دادەنا، خەنە و وسمەیشی تێدەگرت...

باوکم خوویەکی زۆر سەیری هەبوو، هەر بۆ ئەوەی پاکانە بۆ ڕەفتارەکانی خۆی بێنێتەوە، ئایەت و حەدیسی ئەوتۆی درووست دەکرد، وەک دەڵێن:(سەربەقوڕی پێدەهاتە پێکەنین) چەندین چیرۆکی دەستکردی خۆی بۆ (ئەسحابە و پیاوچاکان) درووست کردبوو، بەبێ هیچ مووناسەبەیەک، چیرۆکی بۆ ئەسحابەیێک درووست دەکرد و لەگەڵ گوفتارێکی خۆیدا دەیگونجاند... باوکم هەمیشە مۆن بوو، هەر لە هیچە تووڕە دەبوو، دەنگی بەرز دەکردەوە، نەک تەنها لەگەڵ مندا - کە زۆری ئەزییەت دەدام و حەزی نەدەکرد بمێنێت، بەڵکوو لەگەڵ زڕبراکانم و هەموو خەڵکی دێیەکەشمان وابوو، کەچی سەری چووبا، نوێژی نەدەچوو، هەزار جنێوی بێسەروبەری بەو کەسانە دەدا کە نوێژیان نەدەکرد، وایدەزانی کلیلی دەرگای بەهەشت بەتایبەتی بۆ کەسانی دی، لەلای خۆیەتی!

***

من (ئێستا)

لە پانای ئەم گابەردەیا دانیشتووم، چاوم بڕیوەتە چیا سەخت و ڕووتەکەی بەرانبەرم، دەروونم دەکوولێت، چ هەست بە جوولەی ئەو هاوڕێیانەی دەوروبەرم ناکەم - کە خۆیان لەبەر من - دوور گرتووە، نایانەوێت ئەم تەنهاییەم لێبشێوێنن... (ئێستا) کە بە چاوی دڵ سەیری

ئەم کۆستە دەکەم، وا دەزانم من هەر بۆ کۆست لەدایک بووم. وەک دەگێڕنەوە:

دایکم بەسەر منەوە چوو، دایکی باوکم بەخێوی کردم، گوایە شیری مانگای دەدامێ، هێشتا چلەی دایکم نەچووبوو، باوکم ژنێکی دی هێنا... پاش یەک دوو مانگێکیش، نەنکم مرد... نازانم چ کەسێک ناوی (سەرە خۆرە)ی لێنام، بێ پەنا و دەرەتان مامەوە، چ کەسێک نەبوو بمگرێتە خۆی، تەنها ماڵی (خاڵە حەمەم) نەبێت، ئەویش حەوت منداڵی هەبوو، ژنەکەیشی هەمیشە نەخۆش و لاواز، خۆیشی هەندێک شێتۆکە بوو، گەر تووڕەبا، گەورە و بچووکی نەدەزانی، زمانی لە بیر دەچووەوە، بە تێلا (شەلم کوێرم ناپارێزم،) دەهاتە گۆ... کەچی هەر تەنها ئەویش بوو... دەیتوانی لە ڕووی باوکمدا بوەستێت، قسە بداتە بەر قسەی، لەنێو خەڵکی ئاواییدا، سەدبارەی بکاتەوە و پێی بڵێت: - قوربان... تۆ زیارەتی ماڵی خوات کردووە، بە ناو (حاجییت) هەی تانجی! گەر تۆزقاڵێک غیرەتت هەبا، سەیرت دەکرد چلەی ژنەکەت بچێت، ئەوجا ژنێکی دیت دەهێنا... گەر زەڕەیەکیش ڕەحمت هەبا، لەبەر ژن منداڵێکی سێ - چوار مانگەت دەرنەدەکرد!

باوکیشم هەر ئەوەندەی لە دەم دەهاتە دەر، (شێتە و لێی ناگیرێت.) بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو پێی نەدەوێرا.

وەک دەشگێڕنەوە - ئۆباڵێکیش بە ئەستۆی ئەوان - پاش ئەوەی نەنکم دەمرێت، ڕۆژێک یا دووان بە برسییەتی دەمێنمەوە، گریانە بێئامانەکەم دەوروبەر هەراسان دەکات، گوایە حاجی باوکم و باوەژنەکەم فڕێم دەدەنە کەلاوەیەکی تەنیشتی ماڵەکەمان - خەڵکی ئاواییش نازانن چەن سەعات لەو کەلاوەیەدا ماومەتەوە... تەنها ئەوەندە دەزانن، بە ڕێکەوت

منداڵێک دەبینن، دەمی بە گوانی دێڵە سەگێکەوەیە و دەیچەکێنێت! ئیدی خەڵکی ئاوایی لێی کۆدەبنەوە، دەیبەنە مزگەوت، لە حەوزە ئاوەکەیدا گلاویی دەردەکەن! پاشانیش دەیسپێرنە دەستی (حەمە شێت) و پێی دەڵێن: (هەرچی ئەرک و مەسرەفیشی هەیە، لەسەر ماڵانی گوندەکەیە.

(حەمە شێتی خاڵۆم) لەگەڵ هەموو دەسکورتییەکی خۆیدا، قایل نابێت چ کەسێک مەسرەفم بکات، بەڵام لە ئاستی سوێندی ڕیش سپییانی ئاوایی هیچی پێناکرێت و بەناچاری قایل دەبێت، هەموو گوند - جگە لە باوکم - مەسرەف و یارمەتیم بدەن... بەم حیسابە لە هەموو منداڵێکی گوند زیاتر (شتومەکم) هەبوو، لە پۆشاک و پێویستییەکانی دی، نەک پەکم نەکەوتبوو، بەڵکوو زیادیشم هەبوو، بەشی منداڵەکانی خاڵۆ حەمەشی دەکرد...

پێش ئەوەی بمنێنە بەر خوێندن، ڕیش سپییەکانی دێ کۆ دەبنەوە و بڕیار لەبەر ئەوە دەدەن، کە بە ناوی چ کەسێکەوە جنسییەم بۆ دەربکەن، هەموو تێکڕا لەسەر ئەو بڕیارە لەنگەر دەگرن، کە دەبێت بە ناوی شێخ ڕەش - ەوە جنسییەم بۆ دەربکەن، ئیدی نازانم چۆن و بە چ فرت و فێڵێک لە دائیرەی نفوس بەم ناوەوە جنسییەم بۆ دەردەکەن... بە ناوی مستەفای شێخ ڕەش داخڵی قوتابخانە کراوم و تا شەشی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندەکەمان قوتابییەکی زیرەک بووم... کە شیرە خۆرە بووم، خاڵۆژنم نەخۆش و کەم شیر بوو، ئافرەتانی ئاوایی، بە نۆرە و هەر ڕۆژە و یەکێکیان شیری دەدامێ، تا وای لێهات پاشان مەلای دێ فەتوای دا:

- (باوک بۆ کوڕ، بۆ یەکدی بگێڕنەوە، مستەفای شێخ ڕەش، مارەی چ کچێکی ئەم گوندەی لێنایێت... هەموو کچەکانی گوند خوشکی شیری

ئەم كوڕەن).

ئیدی نەك خوشكی شیری، برای شیریشم زۆر بوو، هەموو ماڵێكی گوند - جگە لە ماڵەكەی باوكم - ماڵی خۆم بوو، باوكم حەزی نەدەكرد بە هیچ جۆرێ چاوی بە من بكەوێت، دیار بوو نیگای من ئەو ڕۆژەی وەبیر هێنایەوە، كە خەڵكی ئاوایی منداڵێكی ساوایان بە دەستەوەیە، هەزاران نەفرەت لەو باوكە دەكەن وا ئەوەندە ناپیاو و بێڕەحمە!

بە پێی هەموو حیسابێکی ئینسانی دەبا ڕقم لە باوکم بێت، بە هیچ جۆرێک بە ئینسانم نەزانیبا، کەچی ڕقم لە زڕدایکەکەشم نەدەبووەوە، لەبری ئەم ڕقە، بەزەییەکی سەیرم بە باوکمدا دەهاتەوە، گەلێک جار - بەتایبەتی لە جەژناندا - حەزم دەکرد بچمە ماڵی باوکم، گەلێک هانی خۆمم دەدا، شەوان بڕیارم دەدا، بەیانیش پەشیمان دەبوومەوە، دەترسام و نەدەچوومە ماڵەکەی، نەوەک دەرم کات، بۆیە هەر لە دوورەوە چاوم دەبڕییە دەرگاکە و بەس! (نەشمدەزانی چ هەستێک وام لێدەکات بەزەییم بە باوکمدا بێتەوە، بە تایبەتی ئەو کاتانەی لەسەر کۆنکرێتی حەوشەی مزگەوتەکە و لە سێبەری دارچنارە گەورەکەدا دادەنیشت و لەنێو پیاواندا قسەی دەکرد، منیش لە دوورەوە دەوەستام و گوێم هەڵدەخست، دەمزانی هەندێک هەرزە گاڵتەی پێدەکەن، کەچی ئەو بە هیچ جۆرێ هەستی بەوە نەدەکرد، کە پێی ڕادەبوێرن.

سەدان جار گوێم لێ بووە، پێیان دەگوت:

- ئێ، حاجی، چۆن چوویت بۆ حەج؟ خۆش بوو یان نا؟

باوکیشم وەک قەوان سەدبارەی دەکردەوە:

- بە قوڕم گرت... ئای کە چەند دوورە، چ سەحراییکە، یا خوا ئەوەی موسوڵمانە ڕێی نەکەوێتە ئەوێ!... خۆ هەموو هەر وە عارەوی نوێژ

دەکەن.

باوکم پێی وابوو، ئەو نوێژەی دەیخوێنێت، کوردییە... کوردییەکە، ئەوەی ئیمانی بە خوا و قیامەت نەبێت لێی ناگات... نییەتی بە کوردی دەهێنا، وای دەزانی ئایەتەکانیش جۆرێکن لە کوردی، ئیتر بە ئارەزووی خۆی سەر و پۆتەلاکی ئایەتەکانی دەشکاند.

هەرزەکانیش سەری باسێکی گۆلمەزئامێزیان وەدەست دەهێنا، بە پرسیاری سەیر سەیر گەمارۆیان دەدا.

- باشە حاجی، لە حەجدا دوعاییکت بۆ ئێمە کرد؟

- ئەی چۆن... زۆر دوعای خێرم بۆ کردن.

- وەکوو چی؟

- گوتم: خوایە، کوردان، لە شەڕی شەیتان و بەلای ناگەهان بپارێزێت!

- هەر کوردان؟ ئەی ئەوانی دی؟

- ئەوانی دی کێن؟

- عارەب، تورک، فارس.

- گەلێک عارەب و توورک و فارس... نازانم چی تری لێبوو... ئەوان دوعایان بۆ ئێمە نەدەکرد.

- چوزانی؟

- ئەی ئێوە چوزانن؟ حەی، ئێژی لەوێ بوون و لەنێو دڵە... سا

وەسی جزمەی قورعان، لەوێشا... کفر بە پیاو دەکەن...

- دەی بیلێ حاجی... دەزانین دەیلێیت...

- بێژم چە هەی... خۆ ئەم دنیایەیان لێکردووین وە جەهەنم.

- باشە حاجی وتمان (ئەوان) ئەم دنیایەیان لێکردووین بە جەهەنەم، ئەی ئەو دنیا...؟

- هەی قوڕ وەسەرتان... بۆ خۆتان و عەقڵتان، لەو دنیا خوا و پێغەمبەر و چوار خولەفا و ئەسحابەکانیش عارەون... نەگبەتینە، ئێوە چیتان پێدەکرێت، هەر بێکەس کوژتان دەکەن و کەسێکتان ناتوانێت فزە بکات... هێشتا ئەم دنیایە خۆشترە... هەر هیچ نەبێت دەتوانن وە کوردی قسان بکەن.

- چاکە حاجی، تۆ سەرت بچێ نوێژت ناچێ، یانی چی ئەم قسانە دەکەیت؟ کفرە... کفر!

- قسەی قۆڕ... کفر... کفری چی... خوا خۆی لە قورحانا فەرموویەتی قسەی حەق بکەن... حەق... حەق... دەزانن حەق یانی چی... یانی حەق تێکەیشتن؟

ئەگەر درێژەیان بەم باسە دابا، ئەوا بێ شک یەکە دوو کەسی ئیهانە دەکرد، بەناچاری باسەکەیان دەگۆڕی، دەهاتنە سەر ئەو باسەی کە باوکم زۆر پێی خۆش بوو لە ڕۆژێکدا دەیان جار بیگێڕێتەوە!

- باشە حاجی... ئەو خوا نەناسانە، کە فەرهوودیان کردین. تۆ... نەیدەهێشت قسەکە تەواو بکەن، زوو لە دەمیانی وەردەگرت و دەیگوت:

- (ئەوانەی) هەر کەس ناناسن... نە خوا... نە پێغەمبەر... ساڵی (حەرەس قەومییەکە) هەر لەم گوندە حازرییەی خۆمان، دەرلنگی دەرپێی ژنانیان دەبەست و توتنیان تێدەکرد و دەیاندا بەکوڵدا، هی وایان هەبوو، ئەوەندە مریشک و قەل و قاز و مراوی هەڵگرتبوو، لەنێو ئەو تەیر و تیورەدا نەدەبیندرا... مەڕ و ماڵاتیان دەدایە بەر... کورتانیشیان دەدڕی... کورتان!

قسەکەیان لە دەم دەقوزتەوە و لەپڕ پێیان دەگوت:

- ئەی حاجی... تۆ چیت کرد؟

باوکیشم کلیلی زمانی دەکرایەوە.

- ماینەکوێتم زین کرد، پێش ئەوەی (ئەوان) بگەنە نێو دێ، تفەنگە پێنج تیرە ئینگریزیەکەم نایە شان، بە چەما بەرەو خوار بوومەوە، لە پاینی گوێزەکانی ئەولقادر ئەفەنی و لە کەندێکدا ماینەکوێتم بەستەوە، بە دزەدز خۆم گەیاندە (شێخ ڕەش) و ڕێی گەڕانەوەم لێ گرتن، بەئەسپایی چوومە سەر پیرە داربەڕوو، متەقم لەخۆم بری، نیو سەعاتێک چاوەڕێم کرد، بە خۆیان و مەڕ و ماڵات و شتومەکی فەرهوودەوە گەڕانەوە، گوێم لێبوو دەیانگوت:

- (ئیحنا بەدو، وێن ئەلعەدو).

یەکسەر ئەم قسەیەیان پێ دەبڕی:

- حاجی، ئەمەیان مەعنای چییە؟

- من لەم عارەوییە تێناگەم... نازانم، کتێوی نییە.

- باشە، با لەمەیان گەڕێین... چیت کرد؟

- چیم کرد؟ هەی لەو عەقڵەتان... چۆن دەمهێشت دەرباز بن... ناوی خوا و پێغەمبەرم هێنا، هەر کە یەکەم تەقەم کرد، زلەیەکیان وەک گا بۆڕەیەکی لێوە هات و بە پشتا کەوت، ئیتر هەر (یابە) بوو دەیقیژاند، ئەو ناوە لەبەر قەل و مریشک و قاز و وڵاخی بەرزە و مەڕ و بزن، جمەی دەهات، فرکان فڕکانێک بوو، دەتگوت ڕۆژی حەشرە، قرەقڕ و بارەباڕ و تەپوتۆز سەری لێ شێواندبوون، نەیاندەزانی لە کوێوە تەقەیان لێ دەکرێت، منیش جاری یەکەم لەسەر یەک چوار فیشەکم تێگرتن (ئەوان) وایان دەزانی چەن کەسێک تەقەیان لێدەکەن، بۆیە کوێرانە بە دەوروبەری خۆیاندا تەقەیان دەکرد... بە خوا ڕۆژێکی خۆش بوو، تا خوا پێی خۆش بوو تەقەم لێکردن و لێیانم کوشت... ئەوەندە شپرزە بوون، مەگەر هەر ئەو خوایە بزانێت چۆن ئەو سێ - چوار مەیت و بریندارەی خۆیان گواستەوە... بە قیژە بەرەو خوار بوونەوە، منیش لەسەر دارەکە کەوکوژی سێرەم لێدەگرتن، لنگەوقوچیانم دەکردەوە... ئای کە لنگەفرتێکەیان خۆش بوو... دەیانلووراند... بەرەو خوار، بۆ ئەو شوێنەی - عەیبە و پیاو نابێت بیڵێت - ئیتر ون بوون.

- حاجی زۆرت لێ کوشتن؟

- تا خوا پێی خۆش بوو.

- جا خوا ئەمەی پێ خۆشە؟

- ئەی چۆن... لە حەدیسا، نەتانبیستووە (ئەرزوکوم، دینوکم)!

- ئەمە یانی چە؟

- حەی... یانی ئەرزەكەتان، ئەو ئەرزەی لەسەریا دەژین، ئەوە وەكوو دینی ئێوە، ئەگەر داگیر كرا، وەك ئەوە وایە دینەكەتان لێ داگیر بكرێت...

- حاجی ئەمەمان نەبیستووە...

- من ئێژم ئێوە منداڵن... ئەی باشە نەتانبیستووە (من يقتل في سبيل الله جنات الانهار).

- قوربان ئەمەیان ئایەتە؟

- بەڵێ، كەلامی بینایی چاوانە، لە قورحانی كەریم و لە سورەی ئەلئەلعامدا فەرموویەتی.

- یانی مەبەستت سورەتی ئەلئەنعامە؟

- بەڵێ، فەرقی نییە... یەك حیساوە.

- قوربان ئەگەر ئایەتیش بێت، بە ناتەواوی خوێندتەوە، دەبێ بڵێیت (جنات تجري من تحتها الانهار).

باوكم بەتوورەییەوە وەڵامی دەدایەوە و هەڵدەچوو...

- وانییە... من ئێژم وانییە... ئەمە تازە وای لێهاتووە! لە سەردەمی ئێمەدا وا نەبوو... دەردی وڵاتانە چینگسرۆفاكیا و یونغسلافیا... نازانم تەڕەماش و تەڕەساس. كەی لە سەردەی ئێمەدا ئەم وڵاتانە هەبوون... ئەمانە تازەن... هەر ئێران و تۆران و عێراق و تورك و عروس هەبوو، خوا قبووڵ ناكات جارجارەش ناوی ئینگلیس هەبوو.

- حاجی لەمانە گەڕێین... ئەرێ لەو شەڕەدا هیچت دەستكەوت؟

- ئەی چۆن... بێ قەزابن... خوا دەیزانێت ئەوە دوانزە ساڵە چ گوریسێکم نەکڕیوە... قایمن، قایم!

بۆ ئەوەی هەندێک باوکم قەڵس بکەن، یەکێکیان لەپڕ قسەکەی پێ دەبڕی.

- ئاخر حاجی - بێ قەزا بێت - خەتای تۆ بوو وا گوندەکەمانیان سووتاند.

- کوڕە بڕۆ هەی دەمڕووت... ڕاست ناکەیت(ئەوان) هەر دەیانسووتاند، خۆ چ کەسێک لە دێیەکانی دەوروبەر تەقەیان نەکردبوو، وا داریان بەسەر بەردەوە نەهێشت... خۆزیا لەو دێهاتانەدا هەندێک تەقەیان دەکرد، جا با بوێرابان ئاوها بە ئاسانی فەرهوودمان بکەن...

وەک دەگێڕنەوە:

(بەرەبەیانی پاش ئەو ڕۆژەی حاجی تەقەی لێ کردن، هەموو گوند بەدەنگی تانک و مودەرەعە وەئاگا هاتن، هەر لە دورەوە بە تۆپی دەبابە بەرەو ئاوایی دەهاتن، ئەوەی ئازا بوو، بەرەو چیا - بۆ لای حاجی، کە هەر لە شەوەوە چووبووە چیا - کەوتنە ڕێ و خۆیان دەرباز کرد، گەلێک پیرەمێرد و منداڵ و پیرێژن، دواکەوتن، ئەو چەند کەسەی مابوونەوە - مەلای دێ یەکێکیان بوو - لە پەنایەکدا خۆیان مات دابوو، کە (ئەوان) گەیشتنە نێو دێ، هەندێک لە خانووبەرەکان بەرکەوتبوون و داتەپیبوون... مەلا لە پەنا دێتە دەر، بە قورئانێکەوە دەخالەتیان دەکەوێت، ناهێڵن هیچ قسەیێک بکات، دەستدرێژی لێدەکەن، مەلا و قورئان دەکەونە بەر پێیان، بە پۆستاڵ دەچنە سەریان، بێ سێ و دوویش دەستدرێژ لەو خەڵکە دەکەن... ئیدی مزگەوت و قوتابخانە و ماڵان دەسووتێنن، دێ

لەگەڵ زەویدا یەکسان دەکەن... ئەو خەڵکەی گەیشتبوونە چیا، چاویان لەو بەزم و ڕەزمە بوو، دێیەکانی دەوروبەریشیان دەبینی، کە چۆن لەنێو چڕە دووکەڵی ڕەشدا نوقوم بوون).

وەک دەگێڕنەوە:

(هەر شەوی پاش تەقەکانی حاجی محێدین... حاجی بە خۆی و تفەنگەکەیەوە، لەنێو دێدا وەستابوو، بە خەڵکەکەی دەگوت و ڕجای لێدەکردن: مەردی خوا بن، هەر ئەم شەو ئەم دێیە جێ بێڵن، ئەو چیایە پشتمانە و پەنای بۆ ببەن) کەچی هەندێک کەس لەو خەڵکانەی کە پاشان و بۆ ڕۆژی دوایی کوژران، بە حاجییان دەگوت: خۆ ئێمە لێیانمان نەکوشتووە، کێ ئەوەی کردووە، با ئەو بچێتە چیا، حاجیش بەتەوسەوە پێی دەگوتن: بەڵێ، حاکم و قازی دێنن، مەحکەمە دادەمەزرێنن و داوای شاهیدیش دەکەن... بەڵێ... چاوەڕێ بکەن!

وەک دەگێڕنەوە: بۆ ڕۆژی دوایی بە مەلای گوندەوە هەژدە پیاو کوژرا، چوار منداڵ و سێ ئافرەتیش کەوتنە ژێر خانووەوە، دوانزە کەسی دیش بریندار بوون!

ئیدی هەموو جارێکیش بەم پرسیارە کۆتاییان بەم قسە و باسە دەهێنا:

- ئەرێ حاجی، بۆ وایان لێ دەکردین؟

- باشە چەند جارم پێگوتن، چونکە کوردین، کوردا!

هەر کە باوکم چاوی بە من دەکەوت - لە دورەوە وەستاوم و گوێم بۆ قسەکانی هەڵخستووە - بەتووڕەییەوە سەرنجی دەدام و هەڵدەستایە

سەر پێ، منیش دەترسام، وام دەزانی بۆ من دێت، ڕامدەکرد و ئەو ناوەم جێ دەهێشت.

***

کە مێردمندال بووم و ئەم قسانەی باوکمم دەژنەوت، وام دەزانی کوڕی کابرایەکی زۆر شارەزا و ئازام، بەلام کە زەردەخەنە تەوسئامێزەکانی هەرزەی بە ڕووی قسەکانی باوکمدا دەتەقینەوە، ئیدی منیش دەکەوتمە گومانەوە، گومانێکی سەیر و بێدەنگ، خەجالەتی دایدەگرتم، گەر ئەو گومانەم وەبیر هاتبا... گومانێک بوو شەو و ڕۆژ پێوەی دەتلامەوە، حەزم نەدەکرد بە چ جۆرێک چیدی گوێبیستی ئەم قسانەی باوکم ببم... ئەو قسەی دەکرد، من ئارەق بە نێوچاوانمدا دەهاتە خوارێ... چ کوڕێک دەتوانێت، تەنانەت بە باوکێکی بێڕەحمی خۆی بڵێت (فشەکەرە و حەیای بردووین) گەلێکجار، هەر پاش قسەکانی، یەکسەر بەرەو (شێخ ڕەش) ڕامدەکرد ئەو ناوەم دەپشکنی، گەلێ جاریش دەورووبەری دارەکەم هەڵدەکەند، کەچی بەکەساسی و بە دەستی خاڵییەوە دەگەڕامەوە، تا جارێکیان لە پایینی (شێخ ڕەش)دا قەوانە فیشەکێکی ژەنگاویم دۆزییەوە، ئای کە کەیفخۆش بووم، خەریکبوو لە خۆشیا پەڕوپۆ دەربکەم و بفڕم، هەر ئەو ڕۆژە پێشانی هاوڕێکانم دا، لەسەریەک دەمگوت:

- ئا... ئەمەتا... ئەمە یەکێکە لەو قەوانە فیشەکانەی باوکم لە ساڵی (حەرەس قەومیەکە)دا لە(شێخ ڕەش) تەقاندوونی:

چ جارێک ئەوەندەی ئەوجارە بە خۆمدا نەهاتوومەتەوە و تەریق نەبوومەتەوە، کە یەکێک لە هاوڕێکانم - کە لە خۆم گەورەتر و شارەزاتر بوو - بە پێکەنینێکی ژەهراوییەوە گوتی:

لەگەڵ زەویدا یەکسان دەکەن... ئەو خەڵکەی گەیشتبوونە چیا، چاویان لەو بەزم و ڕەزمە بوو، دێیەکانی دەوروبەریشیان دەبینی، کە چۆن لەنێو چڕە دووکەڵی ڕەشدا نوقوم بوون).

وەک دەگێڕنەوە:

(هەر شەوی پاش تەقەکانی حاجی محێدین... حاجی بە خۆی و تفەنگەکەیەوە، لەنێو دێدا وەستابوو، بە خەڵکەکەی دەگوت و ڕجای لێدەکردن: مەردی خوا بن، هەر ئەم شەو ئەم دێیە جێ بێڵن، ئەو چیایە پشتمانە و پەنای بۆ ببەن) کەچی هەندێک کەس لەو خەڵکانەی کە پاشان و بۆ ڕۆژی دوایی کوژران، بە حاجییان دەگوت: خۆ ئێمە لێیانمان نەکوشتووە، کێ ئەوەی کردووە، با ئەو بچێتە چیا، حاجیش بەتەوسەوە پێی دەگوتن: بەڵێ، حاکم و قازی دێنن، مەحکەمە دادەمەزرێنین و داوای شاهیدیش دەکەن... بەڵێ... چاوەڕێ بکەن!

وەک دەگێڕنەوە: بۆ ڕۆژی دوایی بە مەلای گوندەوە هەژدە پیاو کوژرا، چوار منداڵ و سێ ئافرەتیش کەوتنە ژێر خانووەوە، دوانزە کەسی دیش بریندار بوون!

ئیدی هەموو جارێکیش بەم پرسیارە کۆتاییان بەم قسە و باسە دەهێنا:

- ئەرێ حاجی، بۆ وایان لێ دەکردین؟

- باشە چەند جارم پێگوتن، چونکە کوردین، کوردا!

هەر کە باوکم چاوی بە من دەکەوت - لە دورەوە وەستاوم و گوێم بۆ قسەکانی هەڵخستووە - بەتووڕەییەوە سەرنجی دەدام و هەڵدەستایە

سـەر پـێ، منیـش دەترســام، وام دەزانـی بـۆ مـن دێـت، ڕامدەکـرد و ئـەو نـاوەم جـێ دەهێشـت.

***

کە مێردمنداڵ بووم و ئەم قسانەی باوکمم دەژنەوت، وام دەزانی کوڕی کابرایەکی زۆر شـارەزا و ئـازام، بـەڵام کـە زەردەخەنـە تەوسئامێزەکانی هـەرزەی بـە ڕووی قسـەکانی باوکمدا دەتەقینـەوە، ئیدی منیش دەکەوتمـە گومانـەوە، گومانێکی سـەیر و بێدەنـگ، خەجاڵەتـی دایدەگرتـم، گـەر ئـەو گومانـەم وەبیـر هاتبـا... گومانێـک بـوو شـەو و ڕۆژ پێـوەی دەتلامـەوە، حەزم نەدەکرد بە چ جۆرێک چیدی گوێبیستی ئەم قسانەی باوکم ببم... ئەو قسەی دەکرد، من ئارەق بە نێوچاوانمدا دەهاتە خوارێ... چ کوڕێک دەتوانێت، تەنانـەت بـە باوکێکی بێڕەحمی خۆی بڵێت (فشـەکەرە و حەیـای بردوویـن) گەلێکجـار، هـەر پـاش قسـەکانی، یەکسـەر بـەرەو (شـێخ ڕەش) ڕامدەکـرد ئـەو نـاوەم دەپشـکنی، گەلـێ جاریـش دەوروبـەری دارەکـەم هەڵدەکەنـد، کەچـی بەکەساسـی و بـە دەسـتی خاڵییـەوە دەگەڕامـەوە، تـا جارێکیـان لـە پایینی (شـێخ ڕەش)دا قەوانـە فیشـەکێکی ژەنگاویـم دۆزییـەوە، ئای کە کەیفخۆش بووم، خەریکبوو لـە خۆشیا پەڕوپۆ دەربکـەم و بفـڕم، هـەر ئـەو ڕۆژە پیشـانی هاوڕێکانـم دا، لەسـەریەک دەمگـوت:

- ئـا... ئەمەتـا... ئەمـە یەکێکـە لـەو قەوانـە فیشـەکانەی باوکـم لـە سـاڵی (حـەرەس قەومیەکـە)دا لە(شـێخ ڕەش) تەقاندوونـی:

چ جارێـک ئەوەنـدەی ئەوجـارە بـە خۆمـدا نەهاتوومەتـەوە و تەریـق نەبوومەتـەوە، کە یەکێک لـە هاوڕێکانـم - کە لـە خۆم گەورەتر و شـارەزاتر بـوو - بـە پێکەنینێکـی ژەهراوییـەوە گوتـی:

- ئەمە قەوانە فیشەکی بڕنەوە!

ئیدی چ شتێکم نەبوو، یا ڕاستتر باوکم چ شتێکی لە دەروونمدا نەهێشتبوو، کە ببێتە مایەی ئەوەی منیش وەکوو زۆربەی منداڵان شانازی بە باوکی خۆمەوە بکەم - ئەگەرچی هەموو دێ، جگە لە خۆم، پێیان ناخۆش بوو گەر - بەو کابرایەم - گوتبا باوە...

ئیدی لەوەولا، حەزم نەدەکرد لە دووریشەوە باوکم ببینم، دەیان جار لە پیاوانی ئاواییم بیستبوو:

(حەیفێ... حاجی وا بێڕەحمە! دەنا پیاوێکی گەلێک ڕەشیدە... ساڵی (حەرەس قەومی)یەکە یەکەم پیاوی ئەم ناوە بوو، کە ئەم گوندەیان سووتاند، جا چی نەیهێشت ساڵ بگەڕێتەوە، قۆڵی هیمەتی لێ هەڵماڵی، بناغەی گوندی داڕشت، هانی خەڵکی دەدا، تا ئاوها ئاوەدانیان کردەوە).

وەک باس دەکەن:

(حاجی، بەر لەوەی ماڵەکەی خۆی ئاوەدان بکاتەوە، هەر لە بەیانی تا ئێوارێ ئەوەندەی یەک دوو کرێکاری کۆککاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی قوتابخانە و مزگەوتەکە دەکرد... پاشان ماڵی ئەو کەسانەی کە مێرد و کوڕ و کەسوکاریان کوژراون، دوا شت ماڵەکەی خۆی بوو... بە دەنگی بەرز هانی خەڵکەکەی دەدا، ورەی بەرز دەکردنەوە و پێی دەگوتن:

- چاکتر ئاوەدانی بکەنەوە، قوتابخانە و مزگەوتەکەش گەورەتر بکەن... با بەشێوەیەکی چاکتر خانووبەرەکان دروست بکەینەوە... دەی کوڕینە، با هەر ماڵێک لەنێو حەوشەکەیدا سەنگەر و کونە تەیارەیەکیش لێبدات.

وەک دەگێڕنەوە، ئەو ساڵە تەمەنی مەحمودی برا بچووکم سێ ساڵان بوو.

***

گەورە و بچووکی دێم خۆش دەویست، ئاشنای هەموو شتێکیان بووم، تەنانەت باڵندە و ئاژەڵەکانیش ئاشنام بوون - تەنها باوکم نەبێت - کە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕق و بەزەیییکی سەیر لە ناخیدا دژ بە یەک دەجەنگان، هەر کە دەمبینی باوکم ئەوەندە بێبەزەییە و زەڕەیێک ڕەحمی ئینسانی لە دڵدا نییە، حەزم دەکرد منیش وەک زۆربەی خەڵکی دێ نەفرەتی لێ بکەم... بەلام کە لە پیرەمێردەکانم دەبیست:

- حاجی بەجەرگ و ڕەشیدە... پیاوی ڕۆژی تەنگانەیە... گەلێک کوێرەوەری بینیوە.

دڵم پێی دەسووتا، هەموو ئاوایی سەرگوزشتەکەی باوکمیان دەزانی، خۆی - هەرگیز - باسی نەدەکرد، دەنا گەورە و بچووک بەسەرهاتەکەیان دەزانی...

وەک باس دەکەن:

- سێ - چل ساڵێک لەوەوبەر، باوکم لەسەر کەرێک گۆبەنێکی ناوەتەوە - لە هەڕەتی لاویدا گەلێک گومڕا و سەرەڕۆ دەبێت، کەرێک دەچێتە نێو تووتنەکەیان، ئەویش - دیارە چەن جارێک بە خاوەنەکەی گوتووە بەڕەڵای نەکات و زەرەر نەدات، دووریش نییە خاوەن کەر، هەر گوێی نەدابێتێ - باوکم تووڕە دەبێت، کلک و گوێی کەرەکە دەبڕێت، خاوەن کەر بەمە دەزانێت، برایەکی باوکم دەکوژێت، باوکیشم دەسبەجێ خاوەن کەر سەردەبڕێت، ئیدی دووژمنایەتییکی گەرم دەکەوێتە نێوانیان،

کەسوکاری خاوەن کەر دەستیان ناگاتە باوکم، لە فرسەتێکدا باپیرم دەکوژن... ئیتر خەڵک و خوا دەکەونە نێوانیانەوە، سوڵحیان پێدەکەن و لە بری خوێن دایکم دەدەنە باوکم... بەڵام باوکم وەک خۆی لەنێو خەڵکیدا باسی کردبوو، بە دڵ سوڵحی نەکردبوو، نەفرەتی لەو بنەماڵەیە دەکرد، هەموو شتێکیانی بە دوژمنی خۆی دەزانی.

دەشێت باوکم هەر لە ڕوانگەی دوژمنایەتییەوە ڕوانیبێتیە من و بە نیوە دوژمن لە قەڵەمی دابم... بەر لەم کارەساتەش، کارەساتێکی جەرگبڕتری تووش ببوو، ئەویش حەز لە کچە گەرمیانییێک دەکات، چەن جارێک دەنێرێتە خوازبێنیی، کەچی نایدەنێ و پێی دەڵێن، ئێمە بە کچی دەدەین و ژن بە ژنی پێدەکەین، باوکم خوشکی نابێت و کچە فریو دەدات و هەڵیدەگرێت... هەر ئەو ڕۆژە شوێنیان دەکەون، فرسەتیان لێدێنن و کچە دەکوژن، باوکیشم برینداد دەکەن، بە سەد دەرد و مەینەتی خۆی دەرباز دەکات... جارێکی دیش لەنێو دێدا، کەسوکاری کچە فرسەتی لێدێنن، فیشەکێک دەنگاونە سەر سینگی، نیوەمردووی دەکەن، کەس نەیدەگوت دەمێنێت، کەچی وەک پشیلەی حەوت ڕۆح، پاش یەک - دوو مانگێ، بە هەمان خۆگێفکردنەوەوە دەکەوێتەوە گەڕ.

***

لە دێدا کەم کەس باوکمیان خۆش دەویست، ئەویش نەک سەبارەت بەوەی، قسە ڕەق و بێڕەحم بوو، بەڵکوو بەشی زۆری ڕقەکەیان لەبەر ئەوە بوو، کە (مەسئولی) دێ بوو، زیاتر لە هەموو کەسێک شارەزای یەک بە یەکی خەڵکی ئاوایییەکە بوو، دەیزانی چ کەسێکیان ئیش بە نیوە چڵ جێ دێڵێت و چ کەسێکیشیان بە دڵ و بە گیان دڵسۆزە، لەگەڵ پێشمەرگە و کادردا بە سەر و ماڵ لە خزمەتدایە... وەی بۆ ئەو کەسانەی

بە ئیشوکاری پێشمەرگە و پێویستییەکانیان قەڵس دەبوون، نەک تەنها سەرزەنشتی دەکردن، بەڵکوو کارەکەی بۆ قورستر دەکردن و دەینەڕاندە سەریان:

- (ئا... خۆتان لەنێو پێخەفی گەرم و لە باخەڵی ژنەکانتان تا بەیانی... ئەم پێشمەرگە زەرد و سوورانەش لەنێو بەفر و لەبەر باران لە چیادان، زەوی ڕایەخیانە و بەردی (نەرمیش) سەرینیان!... بۆ کێی دەکەن؟ بۆ ئێمە نییە؟ بۆ قسە ناکەن؟ کەچی کە سووکە ئیشێکیان بە ئێمە دەکەوێت، لە باتی ئەوەی بە دڵ و بە گیان ئیشەکەیان ڕاپەڕێنن، یەکێک دەڵێت، هێسترەکەم لە ماڵ نییە، یەکێکی تر دەڵێت، ئاردم نییە، شەکرم نییە... خوای دەکرد لە برسا دەمردن و چاوتان دەردەهات، ئەوەی پێی خۆشە سەربەرز بێت، دەبێت هەموو کارێکی پێشمەرگەکان مەیسەر بکات... دەنا، بۆ کوێ دەڕوات حەوت بەردی لە دوو، نازانم تا کەی تێناگەن، تا کەی فکر ناکەنەوە و بزانن گەر پێشمەرگە نەبێت، ئەوەی بە کوردی قسان بکات، زمانی دەبڕن، هەر هەموو کوردان دەبەنە سەحرا و جەزیرە و جەهەنەم! کەی تێدەگەن، ئەم کوڕە نازدارانە بۆ سەربەرزی ئێوە خۆ بە کوشت دەدەن... خۆ هەندێکتان تیادایە وا دەزانێت دنیا هەر ئەم گوندەی ئێمەیە و بەس! ئیتر هەموو خەمێکی لە باغ و ماڵ و توتن و ڕەز و ژن و منداڵەکانی تێناپەڕێت... خۆزیا دەسەڵاتم دەبوو، ئەوسا هەر خۆم دەمزانی چۆن سێدارەیەکم بۆ هەڵدەخست).

کەس نەیدەوێرا فزە بکات و بڵێت ئیشی پێشمەرگە ناکەم... بەقەد ئەوەی باوکم لەلای بەشێکی زۆری خەڵکی ئاوایی بێزراو بوو، دووئەوەندە لەلای پێشمەرگە و کادر خۆشەویست بوو، هەچ کارێکی قورسیان هەبا، بەسووک و ئاسانی وە ئەنجامی دەگەیاند، دەیان جار دەبووە دەلیلیان و دەیانبردە سەر مۆڵگەی جاشان و ڕەبایای عەسکەر و جاش، ڕێنمایی

دەکردن، لە چەندین شەڕدا بەشداری کردبوو، بە دیاری تفەنگێکی برنەوی ڕەقەم حەڤدەیان دابووێ، ئیدی باوکم هەندەی دی خۆی گڤ دەکردەوە و خۆی بە ئیمپراتۆری دێ دەزانی، ناحەقی نەبوو، کێشە و ناکۆکییەکانی نێو دێ لەلایەن دادگای پێشمەرگەوە ڕووبەڕووی باوکم دەکرانەوە، ئەویش بە تۆپزی سوڵحی عەشایەری ئەوتۆی پێ دەکردن، چ عەقڵێک قەبووڵی نەدەکرد، بەڵام دەیسەپاندە سەریان، دەبا ملکەچیش بان، دەنا لە حیساباتی باوکم دەبوونە خایەنی کورد و کوردستان!!

جارێکیان وسووی فاتە بێوەژن دەنێرێتە داخوازی کچەکەی مام نادر، نایداتێ، وسووی فاتە بێوەژن و خونچەی کچی مام نادر دڵیان بە یەکدییەوە بوو، بەڵام وسووی بەستەزمان هەر هیچی نەبوو، مام نادریش چاوچنۆک و پارەپەرست... وسوو ناچار دەبێت پەنا بەرێتە بەر باوکم، ئەویش تەکبیری بۆ دەکات:

- کوڕم، چاری ئەم دەردەی تۆ هەر بە پێشمەرگەکان دەکرێت، بەقسەی مامی خۆت بکە، ببەوە پێشمەرگە، فێری زۆر شت دەبی، دەبیتە پیاوێکی ماقووڵ و ئەوساش مامی خۆت قسەیێکی خێرت بۆ دەکات...

وسـوو بـه قسـەی باوکـم دەکات، پـاش یـەک - دوو مانگێـک، باوکـم بـە تۆپزی خونچـە لـە وسـوو مـارە دەکات، مـەلای دێش بـەم کارە قایل دەبێت و فتـوای بـۆ دەدات، پاشـانیش بـە شـێوەیەکی سـەیر سـوڵحیان پێدەکات، بـە مـام نـادر دەڵێت:

- پیـاوی چـاک بـە... تۆیش فاتـەی دایکـی وسـوو بخوازە، ئەوە چەند ساڵە بێ ژنـی... دەبێت هـەرواش بکەیت، ئەمـە قانونـی کوردسـتانە، دەبێت هەموو کەسـێک حەقـی خـۆی وەربگرێت، هـەر کچێک بە ئارەزووی خۆی نەدرێـت بـە شـوو، هـەر باوکێـک بـە زۆر کـچ بـدات بـە شـوو، ئـەوا دژی قانونـی کوردسـتانە، هـەر کەسـێکیش دژی قانونـی کوردسـتان بێت، ئەوا لـە هـەردوو دنیـادا جێی جەهەنـەم و بئس المصیـر - ە.

ئیـدی هەر حیکایەتـی دەسـکردی خـۆی بـوو، لـە دەمییـەوە دادەبـاری، باسـی ژنهێنانـی فلانـە ئەسـحابە و فلانـە پیاوچاکـی دەکـرد، هەر ئایـەت و حەدیسـی هەڵبەسـتراوی خـۆی بـوو لـە گیرفانییـەوە دەردەهات، بـە سـەر و گوێلاک شـکاوی و بـە عەرەبییەکـی (فریشـقە) دەیخوێندنـەوە... مـەلای دێش نەیدەوێرا بڵێ (شتی وا نییە) چونکە باوکـم دەسـتبەجێ تـوڕە دەبـوو، ئیدی بـە هەزار پەڵپ و بیانوو لێـی دەهاتـە دەسـت، گەلـێ جاریش ڕاستەوڕاست پێـی دەگوت:

- جەنابی مامۆستا، ئەوە کام ئایەتە باسی ئەو مارەبڕینە دەکات، کە لە دە دینار کەمتر بێت، ئەوا مارەبڕینەکە بەتاڵ دەبێت، ئەری جەنابی مامۆستا، ئەوە کام حەدیسە باسی ئەوە دەکات سەرفترە و زەکات بۆ مەلا بێت؟ ئەری جەنابی مەلا، نوێژ بۆ خوا بەکرێ دەکرێت؟ ها، قسە بکە! - خوا قەبوڵ ناکات مەلای دێیەکەمان گەر لەکاتی خۆی سەرفترە و زەکات و یارمەتییەکی باشیان نەدابا، نە بەرنوێژی دەکرد و نە دەهاتیشە مزگەوت - مەلایش دەچووە قاوغی خۆیەوە و فزەی نەدەکرد، دەیزانی گەر بە ئاستەم وەڵامی باوکم باتەوە، ئەوا ئیدی ژیاننامەی لەسەر زاری باوکمدا، دەبووە بنێشتەخۆشە.

***

لەو نهێنییە نەدەگەیشتم، بۆچی زۆربەی پیاوانی ئاوایی حەزیان لێ نەدەکرد، کەچی هەر هەموو پێشمەرگەکان و مامۆستا بەکری مەکتەبەکەمان باوکمیان خۆش دەویست، مامۆستا بەکر نەک هەر لە مەکتەب، بەڵکوو لەنێو پیاوانی دێدا هەمیشە دووبارەی دەکردەوە و دەیگوت:

- پیرۆزترین شتێک گەر کورد شانازی پێوە بکات، ئەوە پێشمەرگەیە... هەر پێشمەرگە پارێزەری شەرەف و ناموسی کوردە... ئومێد و ئاواتی سەراپای نەتەوەیێکی دابەشکرا و زوڵم لێکراوی ئەم دنیایەیە...

ئەگەرچی ئەو سەردەمە بەجوانی لە وشەی (شانازی) و (ئاوات) و (دابەشکراو) نەدەگەیشتم، بەڵام دەمزانی ستایشە... من و هەموو قوتابییەکان، مامۆستا بەکرمان خۆش دەویست... جارێکیان لێی پرسین:

- حەز دەکەن لە دوارۆژدا ببن بە چی؟

هەر هەموو قوتابییەکان بە یەک دەنگ گوتمان:

- پێشمەرگە.

زۆری پێخۆشبوو، بەوپەڕی ئاسانییەوە تێی گەیاندین:

- ئێوە ئێستا پێشمەرگەن! بەڵام دەبێت وەک هەر پێشمەرگەیێکی ئازا و زیرەک خۆتان هیلاک بکەن... بەجوانی دەرسەکانیان ڕەوان بکەن، تا هەر یەکە ببێتە پێشمەرگەی دکتۆر، پێشمەرگەی موهەندیس، پێشمەرگەی مامۆستا...

هەر هەموومان، خۆمان بە پێشمەرگە دەزانی، بە تایبەتی ڕۆژانی نمایش، مامۆستا بەکر ڕایدەگرتین، زۆر بەنەرمییەوە دەوری دابەش دەکردە سەرمان، بە زمانێکی سادە و بێ گرێ، فێری دەکردین بۆ کورد بژین و بۆ کورد بمرین، پاش نمایشەکە، مامۆستا بەکر پێی دەگوتین:

- ئەو کوردەی بۆ سەربەرزی کورد بژی، ئەوا بۆ مرۆڤایەتی ژیاوە، خزمەتی بە هەموو ئینسان کردووە، بەڵام ئەو کوردەی بۆ کوردی زوڵم لێکراو و کوردستانی دابەشکراو نەژی، ئەوا ئەو کەسە لە ژێر پەردەی هەر ناوێکدا بێت، دۆستی ئینسان و خاک و نەتەوە نییە...

گەر باوکم بە ڕێکەوت گوێی لەم قسانەی مامۆستا بەکر با، کە لە ساحەی مەکتەبەکەدا بە دەنگی بەرز بۆ قوتابییەکانی باس دەکرد، باوکم گەلێکی پێخۆش دەبوو، چەن جارێکیش لەسەر یەک دەیگوت:

- دەک ئافەرین... سەد ڕەحمەت لەو کەسەی شیری داوی!

ئیدی باوکم هەمان قسەی مامۆستا بەکری بەناوی یەکێک لە ئەسحابەکانەوە، بۆ پیاوانی ئاوایی دەگێڕایەوە، چ کەسێکیش بۆی نەبوو

بڵێت وا نییە...

هیچ دیمەنێکی جوان، هەندەی دیمەنی پێشمەرگە، نەیدەبزواندم و کاری تێنەدەکردم، کە ئێواران و بەیانیان بەڕیز بە چیادا سەر دەکەوتن، یەکسەر قسەکەی مامۆستا بەکرم دەهاتەوە بیر، کە دەیگوت:

- پێشمەرگە... هەتاومان بە دیاری بۆ دەهێنن.

حەزم دەکرد هەمیشە ئاوایییەکەمان پێشمەرگەی لێبێت، هەندێکیان زۆر قسە خۆش بوون، زۆربەشیان گەنج و شارنشین بوون، بە دەگمەن نەخوێندەواریان تێدا بوو، ئای کە پێم خۆش بوو لە نزیکەوە گوێیان لێ بگرم.

***

چ جارێک باوکمم وا بەتووڕەیییەوە نەبینیبوو، سەرتاپا دەلەرزی، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، ڕووخساری هەند گرژ ببۆوە، خەریک بوو برۆکانی بە یەک دەگەیشتن، ئەو ڕۆژە لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم، لە پەنجەرەی قوتابخانەکەوە چاوم تێوە بوو، بە دەنگی بەرز لەنێو خەڵکەکەدا قسەی دەکرد:

- نابێت... چۆن شتی وا دەبێت؟

هەر زەلامە بە جۆرێک لێی دەپرسی، ئەویش هەر دەیگوت:

- نابێت... چۆن دەبێت... با ئەمانە گوو بخۆن... هەر نازانن - لە خۆیانەوە قسە دەکەن... تێنەدەگەیشتم مەسەلە چییە...

پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، بە جۆرێک دیمەنی باوکمم بینی، هەرگیز ئەو

دیمەنەم لە یاد ناچێت، بە جۆرە کزییەک و مەلولییێکی ئەوتۆ کسکۆڵەی کردبوو، دەتگوت، غەمی هەموو دنیای لە کۆڵدایە، بێدەنگییەکی سەیر هەڵنیشتبووە سەر ڕووخساری، ڕەنگی پێ بواردبوو، بە مردووییەکی زیندوو دەچوو، ئەو ڕەنگە زەردە، تا دوا هەناسەی تەمەنی ڕووخساری جێ نەهێشت، هەر لەو کاتەدا کادیرێک و دوو پێشمەرگە گەیشتنە نێو دێ، باوکم زۆر بەپەرۆشەوە بەرەو پیریان چوو، نەمزانی چ شتێکی لە کادیرەکە پرسی، بەڵام گوێم لێبوو کادیرەکە گوتی:

- بەڵێ، حاجی، وایە.

ئەگەرچی لە دوورەوە وەستابووم و سەرنجم دەدا، نەمدەوێرا لە ترسی باوکم نزیک ببمەوە، بەڵام زۆر بەوردی گوێم هەڵخستبوو، چونکە قەد شتی وام لە باوکم نەبینیبوو... هەر کە بە دەنگی بەرز نەڕاندییە سەر کادرەکە، من لەلای خۆمەوە ڕاچڵەکیم.

- یانی هەر هیچ نەما... تەواو؟ ئەی ئەوە نییە ئێوە ماون، ئەی ئەوە نییە هێشتا تفەنگەکانتان بەسەر شانەوەیە...

- نا حاجی، ئەمە ڕواڵەتە... یەک - دوو ڕۆژی دی ئەمەش نامێنێت.

- فلتەفلت.

- بە سەری تۆ حاجی، تەواو - ئاشبەتاڵ - ئەوا ئێمەش، یانی من و ئەم پێشمەرگەیە، بەرەو ئێران، بەرەو ئاوایی دەڕۆین... ماڵئاوا.

- یانی تەواو... تەواو؟

- بەڵێ تەواو.

هەرگیز باوكم نەدیبوو بگرییت، فرمێسكەكانی باوكم بوونە بەنزین لە ناخی مندا و گڕیان تێ بەربوو، كاتێک كە باوەشی بە كادر و پێشمەرگەكاندا كرد و خواحافیزی لێكردن، هۆن هۆن فرمێسک بە گۆنایا دەهاتە خوارێ، تا ئەوساش نەمزانیبوو باوكم هەند دەنگ خۆشە، بە سۆزێكی دەرویشانە، هەندێک جاریش جۆرە هەنسكێكی دڵتەزێن تێكەڵ بە لاواندنەوە و باوكەڕۆكەی دەبوو، بەردی دەكرد بە ئاو، تا پێشمەرگەكان لە چاو ون بوون، هەر دەیچریكاند...

***

ئەو ڕۆژانە تفەنگێ قیمەتی مریشكێكی نەبوو، پێشمەرگەكان تفەنگەكانیان لێ ببوو بە بار، گەلێک جار بە بار لوغم و نارنجۆكیان فڕێ دەدا... لە ئەشكەوتێكی نزیک بە ئاواییەک و لە ناوچەكەی ئێمە، سەدان گوللەتۆپ و چەكی قورسیان تەقاندەوە... ئەگەر ئێمە لەو تەمەنەدا بمانپرسیبا بۆ وا دەكەن، پێیان دەگوتین:

- وەک ئێمە شكاین، با چەک و تەقەمەنییەكانمان دەستی دوژمن نەكەوێ.

(ئێمە شكاین)، یەكێک بوو لەو شتانەی عەقڵی ئەو سەردەمەمان قەبووڵی نەدەكرد و تێی نەدەگەیشتین... ئێمەی منداڵ گەلێكمان پێ سەیر بوو، لەوەوبەر ئەو تفەنگانەی بەسەر شانی پێشمەرگەكانەوە نیشانەی جوانمەردی و پیاوەتی بوو، كەچی لە پڕ، بە - شەو و ڕۆژێک - هەر هەمان ئەو تفەنگانە ببوونە شتێكی بێزار و فڕێ دەدران، ترسیش داچۆڕابووە نێو ناخی خەڵكەكە، تەنانەت نەیاندەوێرا سەیری چەكەكان بكەن... باوكم هەرچی پارەیێكی هەبوو، دایە چەک و فیشەک، تەنانەت ئاڕ پی جی - یشی بە نرخێكی زۆر هەرزان دەكڕی، چەک و فیشەكەكانی

دەبردە چیا و قایمی دەکردن...

پاش چەند ڕۆژێک، خەڵکی ئاوایی بە جارێک لێی هاتنە دەنگ:

- تۆ ماڵی ئێمە وێران دەکەیت... دێیەکەمان بە تالان دەدەیت...

باوکم چ وەڵامێکی نەدانەوە، بۆ ڕۆژی دوایی بە جارێک هەموو خەڵکی ئاوایی وروژاند، ئەویش لە پڕ هاتە ماڵی حەمەی خاڵم، پەلی گرتم و پێی گوتم:

- دەی حازربە و با بچینەوە بۆ ماڵی خۆمان.

باوکم
قسەیەک لە مامم، قسەیەک لە خاڵم، دەبێتە دەمەقاڵە و هەموو خەڵکی ئاوایی کۆ دەبنەوە، پشتی خاڵم دەگرن و بە باوکم دەڵێن:

- حاجی، تەنانەت بە جنسیەش کوڕی تۆ نییە... هیچ حەقێکت بەسەریەوە نییە.

- کوڕی خۆمە!

پیرە مێردێکی ڕیش سپی لێی ڕاپەڕی، گۆچانەکەی بۆ درێژکرد، بە توورەییەوە پێی گوت:

- لە کەیەوە؟

- دەڵێم کوڕی خۆمە، بەزۆر بێت دەیبەم، بەخوایشت بێت، هەر دەیبەم.

تا ئێستاش سەرم لەو نهێنییە گەورە و پڕ تەلیسمە سوور دەمێنێت، چ شتێک بووە هۆی ئەوە وا باوکم کتوپڕ و بێ هیچ پێشەکیەک ئاوها

بابداتەوە، هەرچەندم کرد و کۆشام و لە خۆمم دەپرسی، چ وەڵامێکی ئەوتۆم وەدەست نەدەهێنا، بۆچی تا ئێستا، ئەو بۆ من نەک باوک نەبووە، بەڵکوو بە دوژمنی خۆی دەزانیم، چۆن بە شەو و ڕۆژێک داکۆکییەکی ئەوتۆی لەسەر کردم، چ شتێک نەیتوانی ڕێی لێبگرێت، قەتیش دوودڵی نەدەکرد، گەر کارەکە بگەشتبایەتە سەر شەڕەتفەنگ... چ کەسێکی ئاواییش نەیدەزانی چییە ئەو شتەی وا ویژدانە مردووەکەی جووڵاندووەتەوە و من بە کوڕی خۆی بزانێت...

ئای پێم ناخۆش بوو، هەر ئەو ڕۆژەی لە ماڵی خاڵمەوە بردمییە ماڵەکەی خۆی، هەر ئەو ڕۆژەش لە قوتابخانە دەریکردم، سەراپای خەونەکانمی قرتاند، چەندم حەز دەکرد قوتابخانە تەواو بکەم، بە قسەی مامۆستا بەکر بکەم، هەر لە دێکەی خۆماندا ببم بە پێشمەرگە و مامۆستا، دەرس بە قوتابییەکان بڵێم... نەک هەر ئەم خەونەی من، بەڵکوو خەونی زڕبراکانم، ئەحمەد و مەحمودیشی قرتاند... ئای لە قوتابخانە یەکدیمان زۆر خۆشدەویست، پشت و پەنای یەک بووین، ئەگەرچی ئەوان هەندێک چەتوون و شەڕانی بوون، بەڵام چ قوتابییەک شەڕی لەگەڵ نەدەکردین، ڕاستەوڕاست پێیان دەگوتن: مستەفا زڕبرای ئێوەیە و برای شیری ئێمەیە، بەم حیسابە ئێوەیش برای ئێمەن، ئەحمەد و مەحمود وایان دەزانی کە منداڵان ئەم قسانە دەکەن، سەبارەت بەوەیە کوڕی حاجین و پێیان ناوێرن!

باوکم هەر سێکمانی پەلکێش کرد، بێ ئەوەی چ قسەیێک بکات بەرەو بنار بردینی، لە ژوور قووتەیەکی ڕەبزر و لەنێو چەند گابەردێکی زلدا، بن کەسێکی دەستنیشان کرد:

– ئا لێرەدا هۆدە خانوییێک دروست دەکەین... ئەم شوێنە گەلێک

چاکە... دورە دێیە و بەرزە، نزیکە ئاوە... هەموو ئاواییش دەکەوێتە بەر سێرەی تفەنگەکانمان!

ئێمە هەرسێکمان سەیری یەکدیمان دەکرد، لە مەبەستی حاڵی نەدەبووین، ئەوەندەش لێی دەترساین، نەماندەوێرا چ شتێکی لێبپرسین.

***

شەو و ڕۆژ کارمان دەکرد، پاش یانزە شەوێک، ئەوەی باوکم مەبەستی بوو، وە ئەنجامی گەیاند، پاش ئەوەش، کاری پێ دەکردین، گوێی بە قسەی چ کەسێک نەدەدا، تەنانەت بۆڵەبۆڵ و خوتەخوتی زڕدایکیشم کاری لێ نەکرد... ماڵی گواستەوە، ئەوەی زۆر پێویست بوو، هێنای، ئیدی تا دە - دوانزە ڕۆژێکی دیش لە بەرزییەکانی ئەملا و ئەولای ماڵە نوێکەمان، سەنگەری قوڵ قوڵی پێ لێدەداین... هەر بە بێدەنگی کارمان دەکرد.

ئێمە هەرسێکمان نەماندەزانی بۆچی ئەمە دەکەین... باوکیشم هیچی نەدەگوت، جارجارێک دەیگوت:

- ئەم سەنگەرە ڕێی کشانەوەی نییە، ئا لێرەوە بۆ لای خوارەوە هەڵیبکەنن... با قووڵتر بێت... یانی ئەم سەنگەرەش جوان نەگیراوە... زیاتر گڵی بکەنە سەر.

بە پێی ویستی ئەو پاچمان دەوەشاند، ئەویش گاهێک گڵی هەڵدەدایەوە و گاهێک ئەندازەی دەگرت و ئەملا و ئەولایانی هەڵدەچنی... لە دنیای دێدا برا بووین، هەر ئەوە بوو جووڵەی دانیشتووانمان دەبینی... هەر کە ئەو کارە (پێویستانەمان) تەواو کرد، ئەوجا بەناوی ڕاوەوە، هەرسێکمانی بەرەو چیا دەبرد، لەوێدا فێری دەکردین، چۆن

تەقە بە كلاشینكۆف دەكرێت و چۆنیش دادەژنرێت و پاك دەكرێتەوە، ئەگەرچی بە نرخی تۆڵەكە چەن كلاشینكۆفێكی دەست كەوتبوو، كەچی خۆی هەڵینەدەگرت... دڵی بە بڕنەوەكە خۆش بوو.

سەرەتا بە تووڕەیی، پاشان بەهێوری، دەرسی دەداین و شارەزای كردین، ئەگەرچی خۆمان وەكوو هەموو منداڵێك حەزمان بە چەك و تەقەكردن دەكرد، كەچی هەریەكە پرسیارێكی گەورەتر لە تەمەنی خۆمان، سەر زاری گرتبووین، داخەكەم نەماندەوێرا بپرسین... كەمتریش تێدەگەیشتین چی بووە، باوكم بە زمانی باسی دەكرد، عەقڵی ئەو سەردەمەی ئێمە وەری نەدەگرت، كە دەیگوت:

- ئێوە جارێ ئەم حوكمەتە ناناسن، نازانن چ دڕندەیەكە، گەر نەختێك وەخۆ كەوێت، مەگەر ئەو خوایە بزانێت چ دەكات... ئێوە جارێ نازانن چ كافر و بێئیمانێكە...

ئێمە یەكسەر حوكمەتمان وەك سەگی هار و گورگی بریندار دەهاتە بەرچاو، چاك حاڵی نەدەبووین، كە باوكم پێی دەگوتین:

- ئێوە جارێ نایزانن، ئەگەر عومر ما، ئەوا خۆتان دەزانن و دەیناسن، ئەمەیش وەسیەتی منە، ئەم حوكمەتە متمانەی پێناكرێ، بە هیچ جۆرێ دەستی لێ مەپارێزن...

ئیدی باوكم چ غەمێكی زەرعاتەكانی نەما، چ دەربەستی ئەو مانگا و چەند بزنەی نەبوو، ناوەناوە دادەبەزییە نێو ئاوایی، ئارد و شەكر و چای و ڕۆن و نەوت و وردە پێویستی دی دەكڕی، دەیهێنانەوە، كەڵەكەی دەكردن، جارجارەش بۆ یەك - دوو ڕۆژێك گوم دەبوو، لەو سەرەوە بە كۆڵێك فیشەك و ڕومانەوە دەهاتەوە.

جارێکیان دوو بزنی برد، لە سەرەوە دووربینێک و ئار پی جی - یەکی هێنایەوە... زڕ دایکەکەم زۆر تووڕە بوو...

- ئاخر ئێمە لەم شاخە چ لەم ئاسنە ڕەق و تەقانە بکەین؟

کوان بزنەکان؟

- وس بە... تۆ تێناگەیت.

- تەنها لەم بەزمەی تۆ تێناگەم... یەکێک عەقڵی هەبێ، شتی وا دەکات؟

- وس بە...

ئیدی حاجی باوکم لەسەریەک پێی دەگوتین:

- فیشەکی زەرد بۆ ڕۆژی ڕەش.

***

نزیکەی مانگێک دەبوو ژیانی نوێم دەستی پێ کردبوو، دەبا بەیانیان زوو لە خەو هەڵسابایم، بەپەلە هەموو پێویستییەکانی ماڵی نوێمان دابین دەکرد، بێ ئەوەی کەسێک کارمان بەسەردا دابەش بکات، دار و ئاو و هەر ئیشێکی دی هەبا، بەبێ پێگوتن، دەستی دەدرایە...

ئەوەی من پێشوەخت سڵم لێدەکردەوە و لێی دەترسام، وا نەبوو وام دەزانی ئیدی شەو و ڕۆژ لە ژێر چەپۆکی باوەژندا سەرکوێر دەکرێم و دنیام لێ حەرام دەکات، باوکیشم هەر بەتووڕەبوون سەرم لێ تێک دەدات و هەموو شتێکم لەبیر دەباتەوە، هەر هیچ نەبێت بە فەرق و جیاوازی لەنێوان من و زڕبراکانمدا، لە ژێر کاری قورس دەمپروکێنێت،

کەچی نەک تەنها وا نەبوو، بەڵکوو باوەژنم بە پێچەوانەی ئەو هەستەم بوو، گەلێک جار منی دەکردە دەسکەلای خۆی و لە ڕووی باوکمدا دەوەستا.

- بۆ ئەوەندە ئەزیەتی مستەفا دەدەیت... تۆ زۆر ئەزیەتی ئەم منالانە دەدەیت، هێزیان تیانەمانە... کەی ئەمانە ئەم ئیشەیان کردووە؟

باوکیشم گەلێک جار بێدەنگ دەبوو، هەندێک جاریش بەئەسپایی، وەک ئەوەی بۆ خۆی بدوێت، دەهاتە گۆ:

- بۆ خۆیانە... دەبێت ڕابێن، تۆ نازانیت چ ڕۆژگارێک چاوەڕێیان دەکات.

ئەم قسەیەی باوکم دەبووە کلیل و زمانی باوەژنمی دەکردەوە:

- تۆ لای خۆت زیارەتی ماڵی خوات کردووە... چیە ئەم قسانە دەکەیت... دەڵێی ئیمانت بە خوا نەماوە، هەر لە خۆتەوە شت دروست دەکەیت، جارێ هەر هیچ نەبووە، ئێمەت بۆ ئەم چۆڵەوانییە هێناوە، بنیادەمی تیا نابینین... چی بووە؟ هیچ... دنیات لێ هاتۆتەوە یەک... بێقەزا بیت، هەموو خەڵکی ئاوایی گاڵتەمان پێ دەکەن... هەر هیچ نەبێت دەڵێن خوا عەقڵەکەیشی لێسەندووەتەوە... ئاخر کەی ئەمە ژیانە، خۆ ئێمە لەم خەڵکە زیاتر نین...

- نەخێر زیاتر نین... بەڵام چ بکەم بە قسەم ناکەن و زمانم کول بوو ئەوەندەم پێ گوتن... دەنا هەرچی شوێنی سەختی ئەم چیایە هەیە، پێیان ئاوەدان دەکەمەوە و پڕ چەکیان دەکەم:

- خۆ ناشێت بڵێیت دەبم بە قائیدیان و شۆڕشێکی دی دەکەم.

- گەر دەمتوانی... بەڵام دەتوانم ببم بە(خولە پیزە - یان).

- ترحیو... ئەوانەی پێشوو چاک تەواویان کرد، جا نۆرەی تۆیە...

- ڕاست دەکەی... چی بکەم، زۆر شت نازانم... بەڵام هەر ئەوەندە دەزانم، گەر بەرگری لە شەرەف و ناموس و کەرامەتم نەکەم، ئیتر چ پێویست بەوە ناکات بژیم.

- جا کێ دەستی بۆ شەرەف و ناموسی تۆ بردووە؟

- دەیبەن.

- ئەوە چ پیاوێکە وا خوێنی خۆی لە کاسە دەنێت و ڕوو لە تۆ دەکات؟

- ئافرەت، تێبگە... پیاو نییە، حکومەتە، حکومەت... شەرت نییە دەست بۆ من ببەن... دەس بۆ کورد دەبەن.

- جا بە تۆ چی؟

- ئەحمەق تا کەی... بیرت لە پەچەماڵین و مانگا دۆشین و هەویر شێلان تێناپەڕێت؟

- جا چی بکەین... هەر ئەوەیان فێر کردووین...

- با حاڵیت دەکەم.

- تازە نامەوێ حاڵی ببم.

- دە هەر بە کەریەتی خۆتەوە بمێنەوە.

خۆشی لە خۆت، لەگەڵ کەرا دەژیت...

وەنەبێ زڕدایکەکەم هەند گێژ و گەلۆر بووبێت... نەخێر، بە زۆر شت حاڵی دەبوو، بەلام بە بیانوو بوو حەزی بە چۆڵەوانی نەدەکرد، دەیویست بگەڕێینەوە بۆ ئاوایی، لە ڕاستیدا من و ئەحمەد و مەحمودیش زۆر خەمی مەکتەبەکەمان بوو، نەشماندەوێرا قسە بکەین... باوکیشم وەک ئەوەی لەم هەستەی ئێمە حاڵی بووبێت، هەر ڕۆژە دەرسێکی دەداین و لەسەریەک دەیگوت:

- ئەم دەمەی من لە دەرسەکەی مەکتەبەکەتان باشترە... مەبەستم ئەوەیە بۆ ئەمڕۆتان باشترە، لە داهاتووشدا ئەم قسەیەی منتان بۆ دەردەکەوێت. لە مەکتەب فێری ئەوەتان دەکەن چوار و چوار دەکاتە هەشت... منیش فێری ئەوەتان دەکەم کە هەرگیز بە سەرشۆڕی و ملکەچی قایل نەبن، من فێری ئەوەتان دەکەم، بۆ ئەوەی نەکوژرێن، چۆن بکوژن، فێری ئەوەتان دەکەم، بە سەربەستی بژین و بە سەربەستیش بمرن، فێری ئەوەتان دەکەم، چۆن ببن بە خاوەنی خۆتان.

لەو ماوەیەدا هەموو قسەکردنێکی من لەگەڵ باوکمدا تەنها وشەی (بەڵێ) بوو و هیچی تر، بۆ یەکەم جار ویستم بپرسم، وتم:

- بابە، ئەرێ...

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم، باوەشی پیاکردم، هۆن هۆن فرمێسک بە چاوانیا دەهاتە خوارێ. من لەو زیاتر گریام، نەمزانی چ بوو وایکرد، کە ئەحمەد و مەحمود و باوەژنیشم دایانە پڕمەی گریان... دیار بوو هەریەکە ژیانی خۆی دەلاواندەوە... ئیتر هەنسکم خەوی لە چاوانی ئەوانیش تەراند... ڕۆژی دوایی زۆر بەئەسپایی و لەسەرەخۆ باوکم

لەگەڵ هەموومانا دەدوا، لەوەوبەر گەر بە دوو - سێ فیشەک لە نزیکی نیشانەکەمان نەدابا، بەگرژ و مۆنییەوە دەیگوت:

- دەستتان بشکێت... داوەشێن... خۆ ئێوە ولاغ نین.

بەڵام ئەو ڕۆژە گەر نیو مەترێکیش فیشەکەکە کورتی کردبا، یەکسەر دەیگوت:

- ئافەرین... دەستخۆش، ئەمجارەیان دەستت هەندێک بەرزبکەوە.

نەمزانی وشەی (ئافەرینەکەی) چ سیحرێکی لەگەڵدا بوو... لەوەولا تا نیشانەکە دوورتر با، چاکترمان دەنگاوت... ئیدی پاش ئەو ڕۆژە، چ غەم و خەفەتێکی ئەوتۆم نەبوو، تەنانەت مەکتەبیشم لەبیر کرد... جارجارە کە باوکم دەچووە خوارێ، لەنێو دێدا سەعاتێک - دووان دەمایەوە، هەر مەبەستی ئەوە بوو هەواڵێک بزانێت، هەموو جارێکیش کە دەهاتەوە، دەیگوت:

- وەزع بەرەو خراپتر دەڕوات.

ئیدی منیش بێ سڵکردنەوە بە پرسیاری گەورەتر لە تەمەنی خۆم گەمارۆم دەدا، تا بۆی باس کردم، کە حکومەت نیازی وایە دێیەکان کاول بکات، پرسیم:

- باشە چۆن ئەم هەموو دێهاتانە کاول دەکات؟

- باوەڕ ناکەم هەمووی کاول بکات... جارێ لەو دێیانەوە دەست پێدەکات، کە نزیکی سنوورن.

- وا بێت ئەم دێیەی ئێمەیش کاول دەکات.

- ئەی بۆچی هەموو خەڵکی ئاوایی وەکوو ئێمە ناکەن؟

- ئەمەیان خۆتان دەیزانن... دەنا دوو - سێ ڕۆژ لەمەوبەر - لە دێدا بیستم - هەندێک دێیان نەک بە بلدۆزەر، بەڵکوو بە دەنەمێت ماڵەکانیان تەقاندووەتەوە، هەرچی داری بەبەری دێیەکانیش هەیە، هەر هەموویان سووتاندووە.

- بۆ؟

- ئەی چەند جارم پێگوتن... لەبەر ئەوەی کوردین!

- چاکە، عەبدی خوا نین؟... مامۆستا بەکر دەیووت، لەلای خوادا فەرق و لە بەینی کورد و عەرەب و تورک و فارس نییە.

- لای خوا وایە... بەڵام ئەمانە دوژمنی خوان.

- یانی کافرن؟

- هەر زۆر، کافری موتڵەقن.

- وابێت کوشتنیان حەڵاڵە؟

- بە حەجێکە، لەو دنیادا خوا لە ئێمە ناپرسێت: چەن حەجت کردووە یا چەن نوێژت کردووە... نەخێر، لە ئێمە دەپرسێت: چەن داگیرکەرتان کوشتووە، چەن دوژمنی خوات تۆپاندووە... تا ژمارەیان زیادٌ بێ ئەجرەکەیشی زیاتر دەبێت... سەرەڕای ئەوەی خوا ڕازی دەبێت ئێمەیش سەر بەرز ئەبین و میللەت لێمان ڕازی دەبێت... جا وەرن هەرسێکتان سوێندم بۆ بخۆن و بڵێن: تا ماویین بە هیچ جۆرێک نە بە دەم و نە بە کردەوە، لە داگیرکەر نزیک نابینەوە و تا خوا هێزی

پێداوین، لێیان دەکوژین.

هەرسێکمان بە یەک دەنگ گوتمان:

- بە چی سوێند بخۆین؟

- بە خوا، بە کوردستان.

هەر سێکمان بە دەنگی بەرز گوتمان:

- سوێند بە خوا و بە کوردستان، تا لە ژیاندا بین، ژیان لە داگیرکەر بکەین بە جەهەنەم و بە جەهەنەمیشیان بسپێرین...

بزەیێکی ئەوتۆی خۆشبەختانە نیشتە سەر لێوانی باوکم، چ جارێک ڕووخساریم وا بە نوورانی و گەشییەوە نەبینیبوو...

وردەوردە باوکم هەواڵی سەیر سەیری بۆ دەهێناین:

- فلانە کەس، ئەوا بەرەو شار ماڵ و منداڵی پێچایەوە... فلانە کەسیش خەریکە موڵک و ماڵەکەی هەرزان فرۆش دەکات، کەسیش نییە لێی بکڕێت... فلانە کەسیش مرخی لە ئێران خۆش کردووە و خۆی بۆ ئەوی ئامادە کردووە...

پاشانیش بە جۆرە بزەیێکی تەوس ئامێزەوە پێی دەگوتن:

دەک داوەشێن... خۆ ئەمڕۆیش بە عەبە خڕە و عەولا ڕەشم گوت: پیاوی چاک بن، کچی عازەبتان هەیە، خۆ دەرباز بکەن، ئەگەر ناتوانن بینە چیا و هۆدەیەک دروست بکەن و دەست بدەنە تفەنگ، ئەوا بۆ خۆتان خەمی شوێنێک بخۆن، بچنە شار، یا هەر شوێنێکی دی... خۆ دەرباز بکەن، کەچی ئەوان بە هەموو عەقڵێکی خۆیان گوتیان: خوا چی

بۆ نووسیبین، هەر ئەوەیە... منیش پێیانم گوت:

خوا فەرموویەتی، ئەگەر خۆت نەپارێزیت، ناتپارێزم...

لە ڕاستیدا من تا ئەم دوایەش هەر وامدەزانی ئەم قسەیەی باوکم ئایەتە! بە ئایەتیشم دەزانی...

ئیدی باوکم، هەند ئیشی پێنەدەکردین، بەیانیان زوو، پێش خۆرهەلاتن، بێڵ و پاچ و وایەر - کە زۆری چنگ کەوتبوو - هەڵدەگرت و ماینەکوێتی بار دەکرد لە هەندێک پارچە (ئاسنی زل زل) کە زۆر جار پێی دەگوتین: وریای ئەو ئاسنانە بن، ئەوان (لوغم)ن، نزیکی نەبنەوە - دەڕۆیشتن، لە گەڕانەوەدا دەیگوت:

- ئەم ئیشانەیشم تەواو کرد...

من بۆم هەبوو بپرسم، پێم وابوو گەر نەشمپرسیبا، خۆی باسی دەکرد، بۆیە پرسیم:

- چ ئیشێک؟

- ئەو گردە بەرزەی لای ڕۆژهەلاتی ئاوایی دەبینیت...

- بەڵێ، ئەوە قوتەی نێرییە.

- ئافەرین... ئەی ئەو بەردە زلانەی سەر ئەو قوتە بەرزەی خۆرئاوای ئاوایی دەبینی.

- بەڵێ، ئەویش(قەلای فەروغە).

- ئافەرین، دەم خۆش... ئا لەو دوو شوێنە، دوو سەنگەری نایابم

هەڵکەندووە، بەجوانی سەریشم گرتوون... سەنگەرن ئەمما سەنگەر، تۆپیش کاریان لێناکات... ڕێی کشانەوەم بۆ ساز داون، هەر لەو دوو شوێنە وایەرم گەیاندووەتە دوو (لوغمی) گەورە، لە پەنای ڕێیەکەی خوارووی ئاوایی دامناون... مەترسن، ناتەقن، بە پاتری دەتەقێندرێن، زوو لە پێشمەرگەکانەوە فێربووم چۆن دەتەقێندرێت.

- باشە باوکە، ئێمە گەلێک لە ژووررووی ئاواییداین...

- ئەو دوو سەنگەرە بۆ؟

- ئەی نازانن شەڕ فرۆفێڵی خۆی هەیە... دەبێت پێش هەموو شتێک دوژمن چەواشە بکرێت.

- چۆن؟

- پاشان تێی دەگەن!

چەند ڕۆژێکی دی لەوێدا ماینەوە، هەر کە باوکم دەچووە ئاوایی و دەهاتەوە، خەبەرێکی تازەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا: (فڵانە دێیان بە گەورە و بچووکەوە سووتاند) ئەمە خەبەری ڕۆژانەمان بوو...

بەرەبەیانێک باوکم نەڕاندییە سەرمان:

- دەی کوڕینە هەڵسن، ئەوا هاتن.

***

تەپوتۆزێکی سەیر، دەتگوت ڕۆژی حەشرە، دەیان سەیارەی زیل و مودەرەعە و مغاویر بەرەو گوندەکەمان دەهاتن... باوکم دەستی دایە دووربینەکەی، بەوردی بەرەو خوار دەیڕوانی... کەیفخۆشی سەرتاپای

گرتبووەوە، وەک ئەوەی لە مێژە چاوەڕێی ئەم ڕۆژە بێت، ئاوها لەنێو بەختەوەریدا بوو... وەخۆ کەوت، یەکە یەکە دەستنیشانی سەنگەری بۆ کردین... پێی گوتین:

- ئەگەر فریاکەوتن! - ئەمەیان قەت باوەڕم پێی نییە - لێتان نزیک بوونەوە، نەک دورە تەقەیان لێبکەن، لێگەڕێن تا بە تەواوی دێنە بەردەستتان، حاڵی بوون؟

ئێمە چ قسەیێکمان پێنەبوو جگە لە (بەڵێ).

دایمەزراندین، هەریەکە بە چەکی دیاریکراوی خۆیەوە چووینە نێو سەنگەرەکانەوە... باوکیشم بەپەلە ئار پی جی یەک و سێ گوللە و بڕنەوەکەی لەسەر پشتی ماینەکە بەست و کلاشینکۆفەکەی لە شان نا... پێش ئەوەی سواری ماینەکوێت بێت دووبارەی کردەوە.

- وەک پێم گوتن، تا زۆر نزیک نەبنەوە، تەقەیان لێنەکەن... سەرپێچی نەکەن...

زڕدایکەکەم، وەکوو من و هەر دوو براکەم، خۆی لە سەنگەرێکدا قایم کرد... باوکم بە سواری، وەک تیسکەی تفەنگ بەرەو خوار داکشا، لە پایینی ئاواییەوە بە چەمەکەدا بەرەو (قوتەی نێری) چوو و، لە چاوی ئێمە ون بوو... چ جارێک ئەوەندەی ئەو ڕۆژە نەترساوم. نەمدەزانی لە چی دەترسم، لەرزم لێنیشتبوو، دەست و پەنجەکانم گۆی نەدەکرد، هەناسەبڕکێیەکی سەیر ڕووی تێکردبووم... ئاگام لە براکانم نەبوو، چونکە هەریەکە لە سەنگەرێکدا بوون، نەمدەزانی ئەوانیش وەکوو من دەترسن یا نا... خۆ ئەگەر ئەوانیش منئاسا ترس گەمارۆی دابن، باوەڕ ناکەم، (پاشان) دانیان بەوە نابا کە ترساون... چونکە گەر ئەوان یا باوکم

لێی پرسییام (ئەرێ ترسای)، بەدڵنیاییەوە درۆم دەکرد و دەمگوت: نا... چونکە لەو ڕۆژانە و لەو دنیا تایبەتییەی ئێمە، جگە لە ترس، چ عەیب نەبوو... جا چۆن ئەو عەیبەم دەنا بە تەوێڵی خۆمەوە؟

دیار بوو خەڵکی ئاواییش وەئاگا بوون، بەڵام چ جووڵە و فزەیان نەبوو، سەیارە و مودەرەعەکانیش، بەبێ ترس بەرەو ئاوایی ملی ڕێیان گرتبوو و بەرودوا دەهاتن...

دە دەقیقە...

ماوەیێکی کەمە، کەچی لەلای من تەمەنێک بوو... تەمەنێکی درێژی پڕ لە کارەسات... داهاتوویێکی ئاڵۆزی گرتبووە خۆیەوە... دە دەقیقە!

عەقڵی ئەوسام نەیدەتوانی بەوردی ڕوو لە سەرئەنجامی ئەو دە دەقیقەیە بکات... هەزاران نیگا و وێنەی جۆربەجۆر و سەیر سەیر بە مێشکمدا گوزەریان دەکرد... لە سەرەتادا، وام هەست دەکرد باوکم دەکوژرێت، ئێمەش بێ دەرەتان دەبین، لە شاراندا بە ئاوارەیی و بێنەوایی دەسوڕێینەوە، دەکەوینە بەر تانە و تەشەری خەڵک، برسییەتی و بێ جێیی دەبێتە قولاپ و لە گەرومان گیر دەبێت، وردەوردە بەرەو مەرگێکی خەجاڵەتئامێز هەنگاو دەنێین... هەرچۆنێک سەیرم دەکرد (ئەوان) بە مەزەندە لە دوو سەد کەس کەمتر نەبوون - جگە لە مودەرەعە و سەیارە - باوکم تاقە نەفەر بوو... چی پێ دەکرێت؟

چەنی پێ دەکوژرێت؟ دوایی هەر دەیکوژن... ئەوجا ڕوو لە ئاوایی دەکەن، ئەو زەلامانە کۆ دەکەنەوە، کە عارەبی دەزانن، پاشانیش بۆ چاو ترساندن پێنج شەش کەسان دەکوژن و ئەوجا دەست بە تاڵان دەکەن... ئەم وێنانە لە بەرچاومدا سەمایان دەکرد، بێئاگا و بە دەنگی

بەرز خۆمم دەدواند:

- (تۆ بڵێی خاڵە حەمەم نەکوژن... شێتۆکەیە، لە خۆڕا قسان دەکات... خۆ دەزانێت بە عارەبیش جنێو بدات).

لەنێو ئەم خەیاڵانەدا دەلەرزم و گرمەیێک ئەو ناوەی هەژاند... ئەو مغاویر و سەربازانە وەک ئەوەی گەلەگورگ تێیان بەربووبێت، هەموو ڕەوینەوە، هەریەکە بە لایەکدا لەنێو تەپ و تۆزێکی خەستدا ون بوون... هێشتا دەنگەکە بە تەواوی نەڕەوییبووەوە، ناڵەی ئار پی جی یەک هات و زیلێک بەلەخورد بوو، هەر پاش ناڵەکە، چەند سەڵییەیێکی لەسەریەکی کلاشینکۆڤ درەوی ئەو مغاویر و عەسکەرانەی کرد... ئیدی لە هەموو لایەکەوە تەقە هەڵسا، کەم کەس دەیتوانی بزانێت لە کوێوە بەرەو کوێ تەقە دەکرێت، ناڵەیێکی دیی ئار پی جی، زیلێکی تری کردە گڕی سوور و پەڵە دووکەڵێکی ڕەشی نایە سەریەوە و بەرەو ئاسمانی نارد... نەخێر، ناڵەیێکی دی، لەبەر خەستی تەپوتۆز نەمزانی ناڵەی سێهەم چی کرد... تەقە ئەوەندە گەرم بوو، کوێرانە هەر چواردەوریان دەبێژا... تەواو شێتگیر ببوون، بە جۆرێکی ئەوتۆ شڵەژابوون و پەرت ببوون، هەر گوللەی خۆیان بەر خۆیان دەکەوت... نیو سەعاتێک زیاتر تەقە، بەو خەستی و گەرمییە بەردەوام بوو، ئەوجا مودەرەعەکان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئاوایی بە تەقەکردنێکی کوێرانەوە کەوتنە ڕێ، لە پڕ ناڵەیێکی گەورە لەلای ڕۆژئاوای گوندەوە، هەموو وردە تەقەکانی قوت دا و ڕووی بە مودەرەعەکان وەرچەرخاند... تەپوتۆزێکی خەست بەرز بووەوە... ئێمە هەموو گەلێکمان لا سەیر بوو، خۆ باوکم سێ گوللە ئار پی جی پێ بوو، ئێمە بە چاوی خۆمان بینیمان بەرەو ڕۆژهەڵات کەوتە ڕێ... بزەیێک دایگرتم و لەبەر خۆمەوە گوتم:

- (تۆ بڵێی هێشتا هەندێک پێشمەرگە مابن و بە دەنگی تەقەکانەوە هاتبنە هانای باوکم)؟

بەرانبەر بەم هەستەم دوودڵ بووم، چونکە باوکم دەیان جار دەیگوت:

- حەیفێ بۆ ئەم نازدارانە، وڵات چۆڵ دەکەن، هەر یەکەیان بەرانبەر بە هەزار پیاوی دوژمنە... لەگەڵ ئەم وەزعەشدا، ئەگەر دە پیاوم لەگەڵ بێت، دۆشکا و تەیارە شکێن و تۆپیش دەهێنمە ئێرە... بەڵام سەد حەیف!

هەر چی ترسێک لە دەروونمدا هەبوو، ڕەوییەوە، خەریک بوو تووشی شاگەشکە بم - کە پاش سەعاتێک - هێشتا عەسکەر و زیل و مودەرەعەکان کوێرانە بە دەوروبەردا تەقەیان دەکرد و مەیتەکانیان هەڵدەگرت و پاشەکشەیان دەکرد، باوکم لە پایینی ئێمەوە دەرکەوت، بەرەوپیری چووم، خەریک بوو یەکسەر پێی بڵێم (چاک پێشمەرگەکان فریات کەوتن) کەچی تێی خوڕیم:

- خۆت دەرمەخە...

گەڕامەوە، پاش ئەوەی وڵاخەکەی بردە جێیەکەی خۆی، زۆرم پێ سەیر بوو، ئار پی جی یەکەی گوللەیێکی بەسەرەوە بوو، گوللە ئار پی جی یەکی دیشی بە دەستەوە بوو... هەموومان خەریک بوو لە خۆشیا پەرپەڕ دەربکەین و بفڕین، باوکم بەبێ هیچ قسەکردنێک، لە سەنگەرێکدا خۆی مات دا، بە دووربین سەیری کاروانی عەسکەری بەزیوی دەکرد، جارجارەش یەک دوو تۆپ بەر ئاوایی دەکەوتن، تەپوتۆز و دووکەڵێکی ڕەشی لەنێو گوندەوە بەرز دەکردەوە... بووە چاشتنگاو، تەقە بەرەو کزبوون دەچوو، بەشێکی تەواوی خەڵکی ئاوایی فریای خۆ کەوتبوون، بەشێکی کەمیش هەر پەرت و بڵاو بوون، باوکم کۆی کردینەوە، گوتی:

- ڕەنگە (ئێستا) تەیارە بێت.

باوکم گەلێک پەرۆشی ئەو بەشە ماڵ و منداڵانە بوو، کە سەریان لێ تێکچووبوو و نەیاندەزانی ڕوو لە کوێ بکەن، بەیناوبەینیش، دورە تۆپ لە نزیکیانەوە دەکەوتە زەوی، ئیدی ئەوانیش بە دۆڵ و بە چەما هەر ڕایاندەکرد... خۆمم پێ نەگیرا جارێکی دی بە باوکمم گوت:

- باوکە، چاک پێشمەرگەکان فریات کەوتن.

تەنها بزەیێکی سارد نیشتە سەر لێوانی و هیچی تر... هەندێک لە خەڵکی دێ بەرەو چیا، هەندێکیان بە دۆڵەکاندا ترس ڕاوی دەنان، هەندێکیش وا سەریان لێ تێکچوو بوو، بەرەو جادەی قیر ملی دەنا، ئەوەی ئازا بوو گەیشتە بنار، لەنێو گابەردەکاندا خۆیان حەشار دەدا، هەندێک سەڵتەزەلامیش ملیان بە چیاوە نا، هێشتا نەببووە نیوەڕۆ، گرەگرِی تەیارە گوێی کاس دەکرد، توانیم شەش هەلیکۆپتەر بژمێرم... باوکم بەپەلە پێی گوتین:

- خۆتان لەنێو سەنگەرەکانتان قایم بکەن... بە هیچ جۆرێک نەجووڵێنەوە...

دوو هەلیکۆپتەر، بناری چیا و ناوقەدی چیای دادەبێژا ئەو چوارەی دیش بەوپەڕی ڕقەوە ئاواییان دەکردە ئاگر و دووکەڵ، تەڕ و وشک بەدەم ئاگرەوە قرچەی لێوە دەهات، قوتابخانە و مزگەوت و سەرلەبەری خانووەکان خاپوور کران و داتەپین... هەر کە هەلیکۆپتەرەکان گەڕانەوە، وام دەزانی جارێکی دی عەسکەری بۆ دێ، بەڵام چرەدووکەڵێکی ئەوتۆ بوو، دەیخنکاندن، باوکم گوتی:

- ڕەنگە سبەی... یا شەوێ بۆی بێن.

ئەو ڕۆژە لەنێو سەنگەرەکان، نانی نیوەڕۆمان لە سەعات چواری ئێوارەدا خوارد، شەو داهات، مانگ لە چیاکەی پشتمانەوە، دەیڕوانییە ئەو دووکەڵە خەست و چڕەی دێی بێدەنگ، کە گاهـ لەگەڵ (- با - دا) دەگەشایەوە، گاهیش لە هەندێک شوێندا دادەمرکایەوە...

باوکم پێی گوتین:

- کوڕینە، دەبێت ئەمشەو زۆر وریا بین.

گەلێک حەزم بەوە بوو باوکم وەڵامێکی ڕاستەوڕاستم بداتەوە، دڵم زیاتر خۆش بکات، کە هێشتا پێشمەرگە ماون... بۆیە گوتم:

- باوکە... پێشمەرگەکان، هەر هەمان ئازاکانی جارانن... چەند زوو فریات کەوتن!

وەک ئەوەی ناچار بێت وەڵام بداتەوە، پێی گوتم:

- نەخێر، کەس فریام نەکەوت.

- چۆن؟

- چاک.

- ئەی ئەو هەموو تەقانە...

- هەر خۆم بووم.

- باوکە، ئێمە چاومان تێوە بوو، تۆ بەدۆڵەکەدا بەرەو ڕۆژهەڵات چوویت.

- ئەمە ڕاستە.

- ئار پی جی یەکەت سێ گوللەی لەگەڵ بوو، بەڵام کە گەڕاشیتەوە، دوو گوللەت پێ مابوو.

- ئەمەشیان ڕاستە.

- ئەی ئاخر چۆن؟

- ئەی پێم نەگوتن، شەڕ فرت و فێڵی خۆی هەیە... پێم نەگوتن، گورزی سەرەکی ئەوەیە دوژمن چەواشە بکرێت...

- بەڵێ وات گوت بەڵام...

- بەڵامی چی؟ دەمزانی هەر دێن... کوڕی ئەم ناوچەیەم، وەکوو دەم و دەست و لووتی خۆم، دار و بەرد و تەلانەکانی شارەزام... لەلای ڕاستی دێ و لە چاکترین شوێنی بەرزیا سەنگەرم هەڵکەندبوو و بانییم گرتبوو، گوللە ئار پی جی و پاتری و وایەری لوغم-ەکە و فیشەکی زیاد و مەتارە ئاوم تیادا شاردبووەوە... ڕێی کشانەوەم بە کۆڵین دروست کردبوو، تەنانەت لە شێوەی نیمچە سەنگەرێکی قووڵ لە دۆڵەکەدا جێی ولاخەکەم چاک کردبوو بەچاکیش بەستبوومەوە... بە هەمان دەستوور، لای ڕۆژئاوایش، سەنگەر و گوللە ئار پی جی و وایەر و فیشەکی زیاد و مەتارە و ئاوم حازر کردبوو و چاوەڕێی ڕۆژێکی ئاوهام دەکرد، ناڵەی یەکەم: لوغم بوو، دووەم: ئار پی جی، ئەو دوو - سێ دەستڕێژەش وای لێیان کرد، وا بزانن بەلای کەمەوە دە دوانزە کەسێکن تەقەیان لێ دەکەن...

هەر کە ئەوان شڵەژان، ئیدی من گورز بە دەست بووم و نۆبە

گوررزم لە دەست نەدا، ناڵەی دووهەمی ئار پی جی یەکە: کەوکوژی بوو، بەڵام ناڵەی سێهەمی: سەگ ڕەوێن بوو، ئیدی ئەوان وا شڵەژان، پێیان وابوو بەتالیۆنێکیان بۆ هاتووە، تا ئەوان وەخۆ کەوتن، بۆ ئەوەی ڕوو لە شوێنی تەقەکان بکەن، من بەپەلە کشامەوە، بە پاینا و بەنێو دۆڵە پڕ لە سپیدارەکەدا بەرەو ڕۆژئاوا تاوی ماینەکوێتم دا، کەمتر لە دە دەقیقە خۆم گەیاندە نێو سەنگەرەکەی (قوتەی فەروغ) بێ ئەوەی هیچ شتێک لەسەر لوغمەکان بێت، ڕاست و چەپ باتریەکانم دانا، وایەرەکانم پێوە بەستن... ناڵەی لوغمەکە ڕووی بە هەموویان وەرچەرخاند، ئار پی جی یەکم بەرەو ئاسمان تەقاند، چونکە بە هیچ جۆرێک نەدەگەیشتە ئەوان، مەبەستم ئەوەبوو لە ئاسماندا بتەقێتەوە... بیانشڵەژێنێت. بەلای کەمەوە وا بزانن قوەتی تر هاتووە یا دەوریان گیراوە... ئیتر بۆڕەی (پیرە برنەو) هات بە کەیفی خۆم سێرەم لێدەگرت... شەڕیش هەر ئەوەندەی قورسە تا دوو - سێ کەسێکیان لێدەخەیت... ئیدی وای لێدێت سەگ ساحێبی خۆی نەناسێتەوە...

ئەو شەوە، جگە لە هەندێک گرمەی تۆپ هیچ شت نەبوو... بەیانی زوو دیسانەوە بە دەنگی گرمەگرم وەئاگا هاتینەوە... هەر هەموومان لە ئاستی باوکمدا بێدەنگ وەستابووین، ئەویش خۆی تێک نەدا و هەر ئەوەندەی گوت:

- بە هیچ جۆرێک لەنێو سەنگەرەکانتان نەجوولێنەوە... تا تەواو نزیک نەبنەوە، کەس تەقە نەکات... نەخێر هەر تەقە مەکەن تا خۆم تەقە دەکەم، چونکە ئەوان شارەزای ئەم شوێنە نین، قەتیش باوەڕ ناکەن و عەقڵیشیان نایبڕێت ئێمە لێرەدا بین.

خۆمم پێ نەگیرا، بە حەزێکی بێپایانەوە ڕووم لە باوکم کرد:

- ئەی وەکوو دوێنێیان لێناکەیت؟

- نەخێر... شەڕی خۆترپێن ناکەم... ئەمەیان دەبێتە بێعەقڵی... ئەمجارەیان لەلایەکەوە نایێن، لە چەند لایەکەوە دەکەونە ڕێ، پێشەکی لە دورەوە گەمارۆی دێ دەدەن...

هەرگیز ئەوەی دوێنێ دووبارە نابێتەوە... دوێنێش وەک دوێنێ نەدەبوو، ئەگەر لە دێهاتەکانی دیدا چەند کەسێک ئەمەیان غافڵگیر کردبا... لەم ماوەیەدا چووبنە هەر دێیەک، چ کەسێک تەقەی لێ نەکردوون، وایان زانی ئێرەش... مەگەر حاجی مردبێت!!

ئەو ڕۆژە وەک باوکم گوتی، لە سێ - چوار قوڵەوە بە قەوەتێکی ئەستورەوە هاتن... پێشەکی ئاوایی خاپووریان تۆپباران کرد، پاشان بۆی چوون، ئەگەر ئەو ڕۆژە باوکم تەقەی بکردایە، بەلای کەمەوە دە دوانزە عەسکەر و مەغاویر لە بەردەستمان بوون، بەڵام باوکم چ تەقەی نەکرد، ئێمەیش فزەمان لە خۆ بڕیبوو، بە جوانی چاومان پێوە بوو چۆن بەدەنەمێت، ئەو چەند پایەیەی مزگەوت و قوتابخانەکەیان تەقاندەوە، چۆنیش تێزاب - یان بە دارەکاندا دەکرد و ئاگریان تێبەردەدان، ئاوایی خاپووریان داتەپاند، لەگەڵ زەویدا یەکسانیان کرد، ئێوارەیش گەڕانەوە... هەر نەختێک دنیا تاریک بوو، ئاسمانی ئاواییەکانی ئەو دەوروبەرە بوو ڕەش دەچووەوە... هەموو هەر خەفەتبار بووین، وامزانی ئیدی چ ئاوەدانییێک نەماوەتەوە بمانگرێتەخۆ... لە باوکمم پرسی:

- باوکە، زۆر نزیک بوون... بۆ تەقەت نەکرد تا ئێمەش...

- ئێوە ئاگاتان لێنەبوو، ئەو کەڵەکە بەردانەی ژوور قووتە بەرزەکە سەرمانەوە عەسکەری پێوە بوو، لەبەر ئەوەی سەنگەرەکانی ئێمە بانی

گیراوە و چ شوێنەواری ئینسانی پێوە دیار نییە، ئەوان بە هیچ جۆرێ هەستیان بە ئێمە نەدەکرد... گەر تەقەمان کردبا، ئەوا گەمارۆ دەدراین و لەناو دەچووین... لەبەر سەرنجدانی ئەوان چ ئاگام لە دێ نەبوو... ترسی ئەوەم هەبوو ئێوە بجووڵێنەوە یا تەقەیێک بکەن...

ئیدی ڕێی چ پرسیارێکی دیمان نەبوو... کەسێکمان نەیپرسی ئەرێ چی بکەین - کە پاش ئەوەی غافڵ گیراین کات چی تر دەکات.

***

سێ مانگی بەهار تێپەڕی... دوو مانگ دەبوو جگە لە یەکدی، کەسمان نەدەبینی، باوکم و زڕدایکەکەم هەمیشە بۆڵەیان بوو، من و هەر دوو براکەم ڕۆژ بە ڕۆژ برایەتیەکەمان دەبووە هاوڕێیەتییەکی بەتین، مانگی یەکەمی بەهار لەو بنارەدا بە تاقەماڵێ ژیانمان بەسەختی دەگوزەراند، وێڕای ترس، کاری ڕۆژانەشمان زۆر بوو، بەڵام دوا مانگی بەهار، ئەشکەوتێکی بەرین ئێمەی گرتبووە خۆیەوە، ئەشکەوتەکەمان نزیکی ترۆپک بوو، ژیانمان بە تەوەزلی دەگوزەراند، کانیاوێکی نزیک، ئازوقەیێکی چاک، دارێکی زۆر، تەنانەت گۆشتێکی زۆریشمان هەبوو، چ بەوەی باوکم بە تفەنگ ڕاوی دەکرد، چ بەوەیش ئێمە تەپکەمان دەنایەوە... لە دنیای ئاوەدانی دابڕاوین، چ هەواڵێکمان نەدەزانی، دنیای ئێمە دنیای پێنج کەس بوو... هەر پێش وەخت باوکم ئەم ژیانەی خستە بەرچاومان، ئەویش هەر پاش ئەوەی دوو ڕۆژ بەسەر سووتاندنی دێیەکەمان تێپەڕی، باوکم بە شەو ماینەکوێتی بار دەکرد و تا بەرەبەیان یەک - دوو کاروانی دەکرد، بە دوو - سێ شەو هیچی نەهێشتەوە، هەموو شتێکی گواستەوە، لە بەرەبەیانێکی زوودا، هەموو بەرەو ئەشکەوتەکە سەر کەوتین... دەوروبەری ئەشکەوتەکە گەلێک سەخت

بوو، ناوی ئەشکەوتەکەش (ئەژدیها) بوو... دابڕان لە خەڵکی و توانەوە لەنێو دنیای پڕ سیحری سروشت، جۆرە هەستێکی تایبەتی پێ بەخشین، ئەویش تێکڕا وامان دەزانی، ئەو چیایە، ئێمە بە نەوەی ئەمەکداری خۆی دەزانێت و پشتمان تێ نەکردووە... من بۆ خۆم وام هەست دەکرد دار و بەردەکەی ئەندامی لەشی منن، ئای شەوانی ساماڵی چ خۆش بوو، ئاسمانەکەی چەند جوان بوو، بەرەبەیانی هێمنێکی خواوەندانەی ئاڵاندبووە خۆیەوە... جارجارێکیش باوکم بۆ یەک دوو ڕۆژێک گوم دەبوو، تفەنگەکەی دا دەنا و دەمانچەی لەژێر پشتوێن دەبەست، پێش ئەوەی بڕوات دەیگوت:

- مستەفا، پێویست ناکات هیچت پێ بڵێم... تۆ گەورەی ماڵیت...

گەلێک دڵم بەو قسەیەی خۆش دەبوو، گەلێک جار حەزم دەکرد باوکم دابەزێتە خوارێ بۆ ئەوەی پێم بڵێت تۆ گەورەی ماڵی!

هەر کە دەگەڕایەوە، هەر هەموومان لە دەوریا کۆ دەبووینەوە، تامەزرۆی هەواڵی شتێک بووین، ئەویش یەکسەر بەزەردەخەنەوە دەیگوت:

- چاکە... زۆر چاکە... هەر ئێمە نین... دەیان کەسی دی بە چیاکانەوە ماون.

زڕدایکەکەم بەم قسەیەی قەڵس دەبوو، ئەو حەزی دەکرد باوکم باسی ئەوە بکات چی کردووە، لە چ شوێنێکدا داماندەمەزرێنێت، چونکە هەمیشە پێی دەگوت:

- خۆ تا سەر لێرە نابین... گوتمان هاوینیشی تیا دەگوزەرێنین و ئیدارەی تیا دەکرێت، ئەی بۆ پاییز و زستان چی بکەین... خۆت دەزانیت

زستانی ئێره چ زوو سارد دەبێت و بەفر دەبارێت... پیاوەکە، شتێک بۆ ئەم مندالانە دابین بکە...

باوکیشم وەک ئەوەی گوێی لە قسەکانی نەبووبێت، بەردەوام دەبوو لەسەر قسەکانی خۆی:

- ئەمجارەیان هەواڵی خۆشترم بیستووە... گەلێک پێشمەرگە و ئەهالی بە چیاوەن، خەبەر وایە پەیوەندی بە یەکدییەوە بکەن، دەڵێن گوایە لە شارەکانیشەوە، هەندێک گەنجی خوێنگەرم بەرەو چیا کەوتوونەتە ڕێ. گەر وا بووایە، چیمان دەویست، ئەوا ڕووزەردی لای خوا و پێغەمبەر و میللەت نەدەبووین.

باوکم بە جۆرێ ئەم قسانەی دەکرد، وەک ئەوەی غەمخۆرێکی گەلێک گەورەی میللەت بێت، چ شتێک بەلای باوکمەوە، هەندەی باسی کورد و پێشمەرگە و خاکفرۆش نەبوو، کەمتر دەربارەی شتەکانی تری ژیان قسەی دەکرد، ڕاستتر، هەر لە بیری نەمابوو، چوارچێوەی هزری تەنها کورد بوو، جێی چ شتێکی دیی تیادا نەدەبووەوە، پێی وابوو گەر وا نەبێت، ئەوا مردنی چاکترە، خۆی وەتەنی:

- خوا دەیزانێت لەم ڕۆژە ڕەشەی کورددا، گەر بۆ کورد نەبم، ئەوا بە بێئیمانی دەمرم.

گەلێک جاریش لەنێو وشەی زل زلدا مەبەستی خۆی تێکەڵ دەکرد، مەبەستی ئەوەبوو بڵێت (بێئیمان ئەو کەسانەن، تەماح لە ئەرز و خاکی خەڵکی دی دەکەن)، داگیرکەر تەنها ئەرز داگیر ناکات، بەڵکوو شەرەف و نامووس و کەرامەتیش دەخاتە ژێر پێ. پێی وا بوو ئەوەی خاکی داگیرکراو بێت و بێدەنگ بێت، ئەوا گەر دەست بۆ نامووسیشی ببرێت،

هەر بێدەنگ دەبێت... باوکم بە دەنگی بەرز دەیگوت:

- دەستم سەوز دەبێت گەر داگیرکەر بکوژم.

***

دوا مانگی بەهار تەواو ببوو، کەچی لەلای ئێمە وەک ئەوە بوو لە سەرەتای بەهاردا بین، تازە دارەکان چرۆیان دەکرد، گژوگیاش سەریان بەرز دەکردەوە، هەوای ساف و بێدەنگ وزەی بە جەستەمان دەبەخشی، چوست و چالاک، شەوان زوو دەخەوتین، تاریک و ڕوونیش هەڵدەساین...

گەلێک جار دووربینەکەی باوکمم هەڵدەگرت، بەرەو لایێک، پەنا بەردێک، کەپرێک، دەچووم تا چاوی دووربینەکە بڕی کردبا، سەرنجم هەڵدەدا، لە پێشدا سەیری بنار و جێی ئەو خانووەی کە لەم یەک - دوو مانگەدا ترس و خەونی ڕەنگاوڕەنگی مژیبووم، دەکرد. ئەوجا سەنگەرەکانی دەوروبەری، یەکەیەکە دەمدانە بەر سەرنجی پڕ لە حەز و خۆشەویستیم، وەک ئەوەی فریشتەکانی خواوەند پارێزەریان بووبێت ئاوها وەکوو خۆیان مابوونەوە، سەریان هەر گیرابوو، ئیدی سەرنجم بەرەو دێی خاپوور هەڵدەدا، چەشنی کۆترێکیماڵی، یەکسەر سەرنجم بۆ جێی قوتابخانەکەمان دەچوو، وەک لانەشێواوێک بە دەوریدا دەسووڕامەوە، لەنێو هاوێنەکانی دووربینەکە، بە مەزەندە جێی پۆلەکەی خۆمانم دیاری دەکرد، ئەوجا جێی (ڕەحلە)کەی خۆم... قوتابخانە پیرۆزترین جێی گوندەکەمان بوو، نەدەبوو بە سەریا باز بدەم، پاش ئەوەی هەندێک تێر دەبووم، ئەوجا وردەوردە بە ڕێز و نەوازشەوە سەرنجم لەسەر قوتابخانەکە دەگواستەوە، بەرەو پێدەشتەکە هەڵمدەدا یەکسەر لەسەر دوا لقوپۆپی (شێخ ڕەش)دا لەنگەری دەگرت، سەراپا سەرگوزشتە و یادی (شێخ ڕەش) خۆی دەهاویشتە نێو هاوێنەکانی

دووربینەکـەوە.

(لـە هەمـوو منـداڵان چاکتـر هەڵدەگژامـە قـەد (شـێخ ڕەش)، دوا چڵـی ئاشـنام بـوون، هەرچـی هێلانـەی تیادابـوو، یەکەیەکـە دەمزانـی چ کات و ڕۆژێک هێلکەکانی هەڵدێنێت... قەفە ئەستورەکانی جێی گوریسی جۆلانـەم بـوو... ئـای (شـێخ ڕەش)، تاقـە هاوڕێـی بەسـۆزم... چەندیـن جـار خـۆم لـە ئاوایـی و چاوانـی منـداڵان دەدزییـەوە، دەهاتمـە پەنـات!

هەڵدەگژامـە سـەرت، بـە فرمێسـکم گەڵاکانت تـەڕ دەبـوون... هـەر کـە بـەر تانـەی گـەوج و نەفامەکانـی دێ دەکەوتـم کـە پێیـان دەگوتـم: ئەمیـش هـەر یەکێکی وەک باوکـە بێڕەحمەکـەی لێ دەردەچێت... هـەر وەک ئـەو گومـڕا و سـەرەڕۆ دەبێت، نەمدەزانـی چ وەڵامێکیـان بدەمـەوە... پەنـام بـۆ دەهێنایـت، شێخ ڕەش! گوێت لێدەگرتـم، منیـش بـە زمانـی فرمێسـک دەردی دڵـی خۆمـم بـۆ هەڵدەڕشـتی... پاشـانیش هێمنییەکـی خواوەندانـەت پێدەبەخشـیم... ئەوجـا یەکەیەکـە هێلانەکانـم بەسـەر دەکـردەوە... پاشـان دەهاتمـە خـوارێ... تـا دەگەیشـتمەوە نێـو ئاوایـی، دەیـان جـار بـەرەو لای تـۆ لام دەکـردەوە، ئیـدی شـەوانیش خەونـم بـە گـەڵا و چـڵ و لـق و پۆپتـەوە دەبینـی، بـە زمانـی باڵندەکانـی سـەرت دەدوام(شـێخ ڕەش!).

ئەوجـا زیاتـر سـەرنجم هەڵدەدا، بناری چیـا دورەکـەی ئەوبـەر و چەنـد کوێـرە دێیەکـی خاپـوور و سـووتاو خۆیـان دەهاویشـتە نێـو چاوەکانـی دووربینەکـە... هەناسـەیێکی گەرمـی پێهەڵدەکێشـام و ڕقێکـی ئەسـتوور و پیـرۆزی پێدەبەخشـیم، بـە هەمـان ڕێـدا هاوێنـەی دووربینەکـەم دەخشـاند بەسـەر تەپۆڵکـەکان، جارێکـی دیـش شـێخ ڕەش و شـوێنەواری قوتابخانـە و تاقـە ماڵەکـەی بنـار، بـەرەو چیاکـە سـەر دەکەوتـم بـە نێـو گابـەرد و نمـا سـەختەکاندا هەڵدەزنـام، تـا دەگەیشـتمە بـەر ئەشـکەوتی ئەژدیهـا، سـەدان

وێنـەی جۆراوجـۆر تێکەڵـی هاوێنەکانـی دووربینەکـە دەبـوون...

ڕۆژێکیـان لەپڕ دەیـان سـەرباز و مودەرەعـە و سـەیارە خۆیان هاویشـتە نێـو هاوێنەکانی دووربینەکـە... بـەوردی بـەرەو خـوار دەمڕوانی... وردەوردە هەمـوو قوتـە بەرزەکانی دەوری دێیـان گـرت... سـەدان تۆپـە سیمی دڕکدار لەنێـو هاوێنەکانـی دووربینەکـەدا دەبریسـکانەوە... گرمەگرمێکـی سـەیر سـەری پـێ هەڵبڕیـم، هیـچ شـتێکم لـە ئاسـماندا نـەدی، دووربینـم لەسـەر چاوانـم لادا و بـە چـاوی ڕووتـەوە سـەرنجی بـەرەو خـوارم دا... سـێ - چـوار هەلیکۆپتـەر، ئەوەنـدە نزم بـوون، سـنگیان نابـووە سـەر قوتەکانـەوە... دووانـی دیـش لـە ئاسـمانی چیـا دورەکـەی ئەوبـەری دێ، بـە ئاسـتەم دیاربـوو... سـەرم هەڵبـڕی، دووانـی دیـش هـەر لەسـەر ترۆپکـی چیاکـەی ئێمـەدا بـە ئاسـتەم دیاربـوون... وەک ئـەوەی وەسـتابن، ئاوهـا دەکەوتنـە بەرچـاو... سـێ - چـوار هەلیکۆپتەرەکـە تۆزیـان لـە قوتـەکان هەڵسـاند - ئـای بـۆ دۆشـکا - یـەک، وردەوردە نیشـتنەوە...

مەغاویـرەکان دابەزیـن، زڕدایکەکـەم چەنـد جارێـک بـە دەنگـی بـەرز بانگـی کـردم... تـا گەیشـتمە لای، هـەر دوو براکەشـم لەوێ بوون، بەترسـێکی سـەیرەوە لێـی پرسـیم:

- ئـەو دەنگـە دەنگە تەیارەن؟

- بەڵـێ... هەلیکۆپتەرن.

- زۆرن؟

- چواریان لە خوارێدان و دووانیشیان بەسـەر ئێمەوەن.

زڕدایکـم وای زانـی گاڵتـەی لەگەڵـدا دەکـەم... هـەر کـە دەسـتم بۆ ئاسـمان

برد و نیشانم دان، گوتی:

- ئەیەرۆ، چی بکەین خوایە، قوڕی کوێ بکەم بە سەرما. خۆ باوکیشتان لێرە نییە...

زۆرم پێ ناخۆش بوو، چۆن ئەمڕۆ باوکم ڕۆیشتووە و بە منی نەگوتووە مستەفا، گەورەی ماڵی، ئاگات لێبێت.

- بۆ کوێ چووە؟

- جا کێ سەر لە بەزم و ڕەزمی ئەو دەردەکات... ئێواری یا سبەی دێتەوە، هەر هەمان قەوان دووبارە دەکاتەوە، بووینە بیست: سی... چل... ئەوە خۆ ساز دەدەین... چەکمان زۆرە... هەر ئەم قسانە دەکات و هیچی تر!

زڕدایکەکەم گوتی:

- خۆتان مات بکەن... بە هیچ لایەکا مەچن.

من گوتم:

- پێم وایە لە دەوروبەری دێیەکەماندا ڕەبایە دروست دەکەن.

زڕ دایکەکەم بەتوڕەییەوە گوتی:

- خوای دەکرد خاکی دێیان بە تورەگە دەبێژا... خوای دەکرد جارێکی دی بست بە بستیان دەسووتاند.

بۆ ئێوارە باوکم پەیدا بووەوە، پێش ئەوەی ئێمە چ قسەیێک بکەین، ئەو یەکسەر گوتی:

- قوتە بەرزەکانی دەوری دێیان کردە ڕەبایە، هەر لە نزیکی جادە قیرەکەیش، پێدەشتەکەیان کردە مەقەڕی فەوج... زەحمەتە ئەوجا ئێمە لێرە ئیدارە بکەین... بە دووربین دەمانبینن، چاک وایە خۆ دەرنەخەین، بەوردی بە بەینی بەردەکاندا هات و چۆ بکەین... تا سبەی... بەڵکوو...

قسەکەی تەواو نەکرد زڕدایکەکەم گوتی:

- دەی بزانین ئەمجارە بۆ کوێمان دەبەیت...

- بێخەم بە، سبەی... ئا... سبەی...

ڕۆژی دوایی، ئێوارە وەختێکی درەنگ، باوکم لەگەڵ دوو هێسترسواری دیدا خۆیان گەیاندە نزیکی ئەشکەوتەکە، هەر هەموومان بەرەوپیرییان چووین... سەبارەت بەوەی چەند مانگێک بوو جگە لە یەکدی کەسمان نەبینیبوو، زۆرمان پێ خۆش بوو، وا باوکم دوو کەسی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو... دوو گەنج، ڕەشتاڵەی باریک، سەر و ڕیش هاتوو، هەریەکە هەشت نۆ مەخزەنی کلاشینکۆڤ و دوو ڕومانە و دەمانچە و حەربە و مەتاری ئاو و دووربینیان پێ بوو... هەر کە گەیشتنە لای ئێمە، جێیان بۆ ڕاخرا و یەکسەر پاڵیان دایەوە، پاش حەسانەوە و نانخواردن، باوکم پێی گوتین:

- کوڕینە گوێ بگرن، ئەمانە ئەو کەڵە پیاوانەن، نە تەسلیم بە عێراق بوون، نە ڕێی ئاوارەییان گرتە بەر و پەناهەندەیی هەڵبژێرن... ئەوا سبەی زوو، پێش خۆرهەڵاتن، هەر چییەکمان هەیە باری دەکەین... دوو هێستر و ولاغەکەی خۆمان زۆریشن... حاڵی بوون؟ زۆر زوو لە خەو هەڵسن...

هەموومان بێدەنگ بووین... باوکم بێدەنگییەکەی شکاندین.

- ئەمانە و هاوڕێکانیان چەند مانگێکە لە چیادان... شەوانیش ڕوو لە هەندێک دێی (نەسووتاو) دەکەن، نان و پێخۆر وەردەگرن، هەر بە شەویش دەکشێنەوە... کوڕینە، ئەمانە هەوێنی پیاوەتی ئێمەن... ئەمانە ئەو کوردانەن، کە دەیانەوێت چۆن بە کوردی لەدایک بوون، ئاوهاش بە کوردی بمرن... گەلێک شوکر، میللەت ئەم شێرانەی ماوە.

ئیدی باوکم گەلێکی بە سەر و باڵای پێشمەرگەکاندا هەڵدا... گەلێک قسەیشی هەر لە ڕووی سۆز و خۆشەویستییەوە بوو... بە ڕای باوکم، لەوکاتەدا هەر پێشمەرگە هەبێت و ئیتر گرنگ نییە! هەموو شتێک ئاسان دەبێت...

باوکم گەلێکی گوت و کەمتر بواری قسەکردنی بە میوانەکان دا... تەنانەت ڕێی ئەوەشی نەدان، باسی ماندوویەتی و کەنەفتی خۆیان بکەن... زوو قسەی لە دەمی یەکێکیان قوزتەوە...

- ئەی چۆن، گەر ماندوو نەبین... گەر شەو نەدەینە دەمی ڕۆژەوە، چۆن میللەت ڕزگاری دەبێت و کورد بۆ خۆی شتێک بە شتێک دەکات... چەند ملیۆن کەسێک چاویان لە ئێمەیە... گەر ئێمە نەبین، ئەدی کێ شتێک بکات... چ باوەڕ ناکەم بێگانە کارێکمان بۆ بکات، دەبێت هەر خۆمان پشت ئەستوور بین بە خۆمان...

دیار بوو یەکێک لەو دوو پێشمەرگەیە حەوسەڵەی گوێگرتنی نەما، ناچار بوو بەزۆر قسەکان بە باوکم ببڕێت.

- حاجی، ماندووبوون ئەوەندە گرنگ نییە... هەرگیزیش گرنگ نییە زۆر بین یا کەم، ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە، دەبێت پێشەکی بزانین چ دەکەین، بۆ کێی دەکەین، چ چینێک لەم کارەی ئێمە سوود وەردەگرێت،

دەبیٚ بزانین بە چ فکر و بۆچوونێکەوە ئەمە دەکەین و ڕوو لە چ لەنگەریٚ دەکەین...

دەبێت ئەمجارەیان شۆڕشەکەمان وەک جاری پێشوو بێسەروبەر و عەشایربازی و بیٚ تەنزیم نەبێت، هەر ئەوە نەبێت مل پێوە بنێن و تەوەکەل بە خوا... سەر ئەنجامیش مامەڵەمان پێوە بکەن...

باوکم بە جۆرێک ڕەنگی تێکچوو، پێم وابوو گەر میوان نەبان، دەریدەکردن، چونکە ئەو هەرگیز دژە عەشایەریەت نەبوو، بەڵکوو هەموو کارێکی چاکی بەکاری عەشایەری لە قەڵەم دەدا... عەشیرەت بەلای باوکمەوە دەیکردە شیرازەی یەکبوون و پیاوەتی، دیاریش بوو بە چاکی لە قسەکانی ئەو پێشمەرگەیە حاڵی نەببوو، بۆیە وەک فیشەکە شێتە بە ڕوویا تەقیەوە:

- بۆ ئێمە منداڵین؟ چۆن نازانین چ دەکەین؟ ئەوەی دەیکەین بۆ قازانجی کوردە... داگیرکەر دەکوژین، دەیانکوژین و دەیانکوژین... ئیدی بۆ نازانین چ دەکەین؟ بۆ پێت وایە حەزمان لەم شاخ و دەربەدەری و دەشتەیە؟ یا دەبێت کوڕی میللەت بین و بۆ کورد فیداکار بین... دەبا هەر شتێکی بۆ کورد نەبێت، ئەمن بە پولێکی قەڵبی ناکڕم...

پێشمەرگەکە هەستی بەوە کرد، قسەکردن لەگەڵ باوکمدا زمانی تایبەتی دەوێت و ئەویش ئەو زمانە نازانێت، بۆیە بێدەنگی هەڵبژارد و خەوتن.

هەر لەگەڵ تاریک و ڕووندا سیٚ ولاغ بار کرا و ئێمەیش بە پیٚ وەدوویان کەوتین.

***

پێشمەرگە پەرەی سەند، دەبووە بیست... سەد... دوو سەد... هەزار، هەریەکە هیواو ئاواتی میللەتی لە ئەستۆ گرتبوو، ڕقێکی موقەدەس چاوانیانی دەدرەوشاندەوە، گەلێک جار ئەو ڕقە دەبووە بارووت و پاڵی بە گوللەوە دەنا، تەوێڵ و سنگی داگیرکەری دەسمی... ڕێکخراوە سیاسییەکان، ئەودەمە وەخۆ کەوتن، پێشمەرگەکانیان ڕێکخست، باوەڕی بەتین تێکەڵ بە هێزی پێشمەرگەکان بوو.

دییە سووتاوەکەی ئێمە زیاتر ڕەبایەی وەخۆ دەگرت، داگیرکەریش وەک سەگی هار پەلاماری خەڵکی دەدات... ئەو پێشمەرگانەی لە ئاشبەتاڵەکەدا تەسلیم ببوونەوە، بەشێکیانی کرێ و بەشێکی دیشی بەرەو خوارووی عێراق نارد و تووشی هەزار پەتپەتێ کران.

باوکم بە پێی تەمەن و شارەزاییەکەی لە یەکەم مەفرەزەکاندا - بۆ شەڕ و کەمین - بە یارمەتی پێشمەرگەکان - کونجێکیان بۆ دروست کردین... باوکم هەرجارە یەکێک لە ئێمەی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، دوویشمان لە ماڵێدا دەماینەوە، تا ئەو یەکە لە مەفرەزە و جەولە دەگەڕایەوە، هەموو لەسەر پشکۆی چاوەڕوانیدا دەژیاین، هەر جارێک منی لەگەڵ خۆیدا بردبا، لە لایێکەوە گەلێکم پێخۆش دەبوو، هەستم دەکرد ئیدی پیاوێکی تەواوم و بۆم هەیە لەنێو پیاواندا دابنیشم و قسان بکەم... لە لایێکی دییەوە پێم ناخۆش بوو، چونکە بۆ شەڕی نەدەبردم... نەک من، بەڵکوو لە نۆرەی هەریەک لە براکانمدا، کەسمانی بۆ شەڕ نەدەبرد، دەیگوت:

- پەلەتان نەبێت، شۆڕشەکە درێژخایەنە... لە خۆڕا بێ مامۆستا فێرە شەڕ دەبن... مەبەستی من ئەوەیە (ئێوە ئێستا) ڕابێنەوە لەسەر برسییەتی و شەو و ڕێی سەخت و ماندووبوون...

ئێمەی سێ برا چ خۆشییەک هەندەی ئەوەمان لا خۆش نەبوو، کە

دەگەڕاینەوە و باسی پێشمەرگە و جەولە و تاریکەشەومان بۆ یەکدی دەکرد... بە زمان و عەقڵ و فامی یەکدی دەدواین...

ساڵ و نیویکمان بەم شێوەیە گوزەراند... ئیدی بە هیچ جۆرێک ڕازی نەدەبووین باوکمان ڕێی شەڕکردنمان لێ بگرێت... ئەگەرچی نەماندەوێرا لە ڕوویدا بووەستین، بەڵام هەر کە ئەوان، بۆ کەمین و شەڕ وەڕێ دەکەوتن، بەدزییەوە بە دوویان دەکەوتین، کە لێیان ئاشکرا دەبووین، ئیدی قسەیان نەدەکرد... ئەو سەردەمە - ئەگەرچی - ژیان و گوزەران سەخت بوو، بەڵام تام و چێژێکی تایبەتی هەبوو... دە - دوانزە هەلیکۆپتەر بۆ دوو - سێ پێشمەرگە هەڵدەستان... ئەو دێهاتانەی نزیکی هەندێک شار و شارۆچکە بوون، جێی حەسانەوەیان نەمابوو... زۆربەی (موختارەکان) نەک جاسووس بوون، بەڵکوو لە جاسووسە جەلادەکان خراپتر بوون... لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەستمان نەدەکرد لەم جیهانەدا کەسێک هەبێت وەک ئێمە سەربەست بێت و خۆی خاوەنی خۆی بێت...

لەو ماوەیەدا نەمزانی چۆن وا زوو ناوی باوکم لە حاجی محێدین - ەوە بوو بە(حاجی موختار کوژ) باوکیشم ئەم نازناوەی پێ ناخۆش بوو، بەڵکوو هەندێکیشی پێ خۆش بوو... لەو سەردەمە، موختاری زۆربەی دێهاتەکانی پیدەشت و هەندێک دێی شاخاوی - کە بەر لە ئاشبەتاڵ زۆربەیان مەشئولی دێ بوون - ببوون بە جاسووس، هەر پێشمەرگەیێک ڕووی لە دێیەکی ئەو ناوە کردبا، پاش چەند سەعاتێک، چەند هەلیکۆپتەرێک ئینزالیان دەکرد و دەوری دێیان دەگرت، بۆ پێشمەرگەکان دەچوون... مخابن، گەلێک پێشمەرگەی جوامێری بە هۆی جاسووسی ئەو موختارانەوە شەهید بوون... باوکم وازی لە هەموو چالاکییەک هێنابوو و جاری وا هەبوو دوو شەو وەڕێ دەکەوت و لە

نیوەشـەوێکدا موختـاری دێیەکی دەهێنـا... نەیدەبـردە چ لایـەک... دەیگـوت:

- تاقەتی ئـەوەم نییـە تووشـی دەمەقاڵێ ببـم... مـن و چەنـد کەسـێک ڕۆحی خۆمـان دەنێینـە سـەر لەپی دەسـت و موختـاری دەهێنین... ئەوجاش بـە واسـتە و واسـتەکاری، یـا بـە ترِەکەفالەتێک بـەری بدەن... من تاقەتـی ئەمـەم نییـە و خـۆم حوکمـی کوردسـتانی بەسـەردا دەدەم...

نەیدەبردە لای چ مەسئولێک، بە هـەر جۆر بـا، گـەر دەوریشـی گیرابـا، بـە شـەو دەیبـردە نزیکـی دێیەکەمـان، لەسـەر شـێخ ڕەشـدا، پشـتوێنی موختارەکـەی دەکـردە گوریـس و ئیعدامـی دەکـرد...

جارێکیـان پێنـج کـەس بوویـن، دوو شـەوی ڕێـک بـە پێدەشـت و هەردەکانـدا تـا بەرەبەیـان ڕێمان دەکرد... نیوەشـەوێک دەوری ئاواییکمـان گرت، موختارەکـەی - باوکم وەتەنی، بێناموسـترین موختـار و جاسووسـی دنیـا بـوو، ڕقـی لـە هەرکەسـێک بـا، لـەلای میـری بوختانێکـی بـۆ دروسـت دەکـرد، چەندیـن کەسـی بـە تەفـرە دابـوو، وێـرای ئـەوەی ئیخبـاری پێشـمەرگەی دەکـرد، بـۆ پیاوانـی میـری، گەوادیشـی دەکـرد... باوکـم لـە سـەرەتادا سـێ پێشـمەرگەی لـە دەوری ئاواییـدا دانـا، پاشـان منـی لـە نزیکـی دەرگای ماڵەکـەی موختـار ڕاگـرت، نەمزانـی چ شـتێکی پـێ بـوو، هـەر سـەگێک بوەڕیبـا و بـۆی هاتبـا، شـتێکی دەدایـێ، سـەگەکەی دەخسـتە کلکەلەقێ... هـەر نەمزانـی چـۆن موختـاری بـە باڵبەسـتراوی هێنایـە دەر و چ شتێکی لە دەم ئاخنی بوو... هەر ئەو شـەوە دوور کەوتینـەوە، بـە ڕۆژ لەبـن تاوێـر و هەردەکانـدا خۆمـان مـات دەدا، شـەویش وەڕێ دەکەوتیـن، پـاش دوو شـەوی دی، لـە نزیکـی دێیەکەمـان ئێمـەی ڕاگـرت، خـۆی بـە لایەکـدا ڕۆشـت، سـەعاتەوەختێکی پـێ چـوو... پاشـان سـێ پێشـمەرگەی لەمـلا و ئـەولادا دامەزرانـد... باوکـم موختـاری بـە دەمبەسـتراوی بـەرەو

شێخ ڕەش برد و پێی گوت:

- گوێ لە حوکمی کوردستان بگرە، خایەنی بێئابڕوو دەبێت ئەم موختارە بەرەو جەهەنەم بنێردرێت(ئەمە حوکمی کوردستانە و ئەوا منیش بۆ کورد و کوردستان ئەم حوکمە جێبەجێ دەکەم).

ئیدی تا ماوەیێکی دی و ئیعدامکردنی موختارێکی دی، باوکم هەند کەیف خۆش دەبوو، نەبێتەوە، کەیفخۆشییەکەشی بە ئیعدامکردنی موختارێکی دی دەمەزەرد دەکردەوە... گەلێک جاریش هەندێک پێشمەرگەی قوشمە، لەملا و ئەولاوە موختارێکیان بە دیاری بۆ باوکم دەهێنا... ئەگەرچی دڵخۆش دەبوو، بەڵام وەک ئەوە نەبوو خۆی هێنابێتی، دەیگوت:

- هەر چاکە... بەڵام حەیفێ، خۆم نەمهێناوە...

(شێخ ڕەش ئەوەندە موختاری بە سەرەوە هەڵواسرابوو، ئیدی حوکمەت جارجارە کەمینی لە دەور دادەنا... هەموو پێشمەرگەکان سەریان لەوە سووڕ دەما، بۆ تا ئێستا حوکمەت شێخ ڕەشی نەبڕیوەتەوە... نەیسووتاندووە... تێزابی بەسەردا نەکردووە؟

کە منداڵ بووم، لە پیاوە بەتەمەنەکانی دێیەکەمانم بیستبوو:

شێخ ڕەش:

سەد و چەندساڵێک لەوەوبەر بە بیرەوەری باپیرانی پیرانی دێ... گەنجێکی ڕەشتاڵەی کەڵەگەت، بە تەلیسێکی پڕ لە خاک، لە عەرەبستانەوە دەکەوێتە ڕێ، بە پرس و سۆراغ بە چەند مانگێک دەگاتە دێیەکەمان... هەموو خەڵکی ئاوایی لێ کۆ دەبنەوە... تەلیسەکەی کۆڵی پڕی دەبێت لە وردە تورەگە، بە هیچ جۆرێک ناهێڵێت چ کەسێک دەستیان بداتێ...

بە ناونیشان هەڵدان، پیرەمێردانی ئەوسای دێ دەیناسنەوە، کە کوڕەزای شێخ بهائەدین - ە، ئەو شێخ بەهائەدینەی کە لەگەڵ چەند کەڵەپیاوێکی دێدا بناغەی ئەم دێیە دادەمەزرێنن و دێ ئاوەدان دەکەنەوە... ئەوجا شێخ بەهائەدین، خۆی و ژنەکەی وەڕێ دەکەون، بە پێ ڕێی حەج دەگرنە بەر... ساڵ دێت و ساڵ تێدەپەڕێت، شێخ بەهائەدین ناگەڕێتەوە، خەڵکی زۆر بەپەرۆشیەوە دەبن... تەمەس نەخۆش دەکەوێت و ناتوانێت بگەڕێتەوە... ئیدی چ هەواڵێکی نازانن... شێخ بەهائەدین لەو عەرەبستانە دەمێنێت، منداڵیان دەبێت و گەورە دەبن و چەندین وەچەیان لێدەبێتەوە... وەسیەت دەکات.

(تۆوی ڕەسەن دەبێت لەسەر ئەرز و خاکی خۆیدا بنێژرێن...

هەروەها وەسیەتی ئەوەشی کردبوو، هەموو کەسێکی خانەوادەکەی، گەر مردن، بە ئەمانەت بنێژرێن، تا ئەو قارەمانەیان تیا هەڵدەکەوێت، کە خاکی جەستەیان بەرەو زایگای یەکەم تۆو دەبات... شێخ ڕەش، کە ناوی صلاح الدین دەبێت، ئەو وەسیەتە لە باب و باپیری خۆیەوە، وەک ئەڵقە لە گوێ دەگرێت... پاش ئەوەی ناونیشانی باپیری هەڵدەدات، دەیناسنەوە، ڕێزێکی مەزنی لێ دەگرن... یەکەم کاری صلاح الدین، هەر لە هەمان شوێنی (ئەو داربەڕووەی ئێستا کە ناوی شێخ ڕەشە - ئەو سەردەمە نەمامێکی چکۆلەی سەربەرز دەبێت - گۆڕستانێک ئاوەدان دەکاتەوە، هەر تورەگەیێک و لە قەبرێک دەنێت:

ئەوجا بە کوردیێکی ڕەوان تەڵقینێکی ورەبەخشیان دەداتێ:

(سڵاوی خۆشەویستی بۆ ئێوەی خۆشەویست... ئارام بن و خۆش بە حاڵتان، گەڕانەوە نێو باپیران و کەسوکار... لە خاک بوون و بوونەوە بە خاک، بۆ ئێمەیش بوون بە وەتەن...

سوێند بە گیانی ئێوە... تا ماوین بتپارێزین... کە مردین، ببینە چەند گەردێکی بێگەرد، لە پاڵ ئێوەدا ببینە نیشتمانی مەزن، تا دوارۆژ، منداڵان دەم بە خەندە، چاوی سەرفرازییان بە گەرد و خاکی ئێمە برێژن...

کە صلاح الدین دەمرێت، تەمامی داربەڕووەکە لە هەڕەتی لاوییەتیدا دەبێت... سێبەرەکەی دەبێتە ئارامگەی هەمیشەیی، ئیدی ناوی دەبێتە (شێخ ڕەش) و گەورەترین سوێند...

(سوێند بە شێخ ڕەش)، ڕاست و درۆی لە یەکدی جیا دەکردەوە...

(بۆخاتری شێخ ڕەش)، گەورەترین تورەبوونی دادەمرکاندەوە.

(نەزری شێخ ڕەش)، قورسترین کاریانی لا سووک دەکردەوە...

ئیدی لەو سەردەمەوە تا دنیا دنیایە، شێخ ڕەش هەر بەرەو ناخ ڕەگی دادەکوتێت... ج هێزێک نییە بنبڕی بکات... تێزابی بەسەردا بکەن و بیسووتێنن، بیبڕنەوە، لق و پۆپی دیشی لێدەبێتەوە... پیرانی ئاوایی دەڵێن (شێخ ڕەش) بە شەو، مانگ و ئەستێرەکان چاویان لێیە و دەیپارێزن، بە ڕۆژیش هەتاو دەیپارێزێت...

دەڵێن کاتێک شێخ ڕەش لە عەرەبستانەوە بەرەو کوردستان بەڕێ دەکەوێت، عەسای پۆڵا لە دەست، پێڵاوی ئاسن لە پێ، کەشکۆڵی (حیکمەت) لە شان، فەرسەخ بە فەرسەخ ڕێ دەبڕێت، لە هەر گوندێک... شارێک... دێیێک، لایدابا، بە وەسیەتنامەی باپیری بەری کانیاوی داگیرکراو.

کچی ڕفێنراو و بەندی نێو قەڵای تەلیسماوی، پاڵەوان و کەڵەمێردان، کە بە تاڵە مووی سەری دیوی سپی کوترابوون...

سیحری پیری ژیانی فەرهاد کوژ، هەموو بە وەسیەتنامەکەی باپیری شێخ ڕەش، کانی بۆ هەژارانی دێ... کچی ڕفێندراو بۆ شوان - ی ئەوینداری خۆی.

پاڵەوانان بۆ مەیدانی گیانبازی... سیحریش بۆ زبڵدان دەگەڕانەوە...

دەڵێن: تا شێخ ڕەش گەیشتە دێیەکەمان. سەدان دێ... چەندین زمان... پەیڕەوی وەسیەتنامەی باپیری شێخ ڕەشیان کردووە... (تا ئێستایش) ڕەگی سەربەرزییان بەرەو ناخ دادەکشێت و تا دنیا دنیایە لەسەر زەوی خۆیان ڕەگی بەهێزتر دادەکوتن...

حاجی موختار کوڕی باوکم، وردەوردە فێرە قسەی زل زل بوو، دیسانەوە بە ئارەزووی خۆی سەروپۆتەلاکی قسەکانی دەشکاند، ئەوجا بە نێوی گەورەپیاوانەوە قسەی دەکرد... بە شێوەییک دەیدایە دەم یەکەوە، لەگەڵ ڕەفتارەکانی خۆیدا بگونجابا... گەر کارێکی ناڕەوای لە پێشمەرگەکان دیبا، یەکسەر بە تووڕەبوونەوە دیگوت:

- ئێمە سۆسیانیستین... وەکوو ئەوانەی پێشوو نین، هەریەکە بۆ خۆی بێت... نابێت، شتی وا نابێت... نا...

هەندێک پێشمەرگەی قۆشمە لێی کۆدەبوونەوە و لێیان دەپرسی:

- ئەرێ حاجی، مارکس دەربارەی موختار چ دەڵێت؟

- ها... ئێژێت موختاری جاسووس کوشتن وە حەجێکە!

- ئەی حاجی، لیلین بۆ ئەم قۆناغەی ئێمە چی گوتووە؟

- لیلین ئێژێ لە قۆناغی سۆنسیانیسا، ئەگەر زانیتان کوردێک بەئاستەم خایەنە و نەیکوژن، ئەوا ئێوەیش خایەنن.

باوکم پێی وابوو مارکس و لینین، ئەگەرچی لە وڵاتی ئێمەدا نەبوون، کوردیش نەبوون، بەڵام کوردیان هەر ناسیوە:

- ئەی چۆن (فەرمەسۆنن) کوردیان نەزانیوە... حەی، ئێوە منداڵن و نایانناسن، بەچاکی لە کتێبەکانیان ورد نەبوونەتەوە!

گەر یەکێک لە پێشمەرگەکان هەندێک سەرچڵی کردبا، باوکم یەکسەر ئیمتحانی دەکرد:

- دەی دەمڕووت! دە بزانم دەزانی لیلین لە چ کتێبێکدا گوتویەتی (هەر کوردێک داگیرکەر نەکوژێت، خوا دەرگای بەهەشتی لێناکاتەوە؟)

ئەگەر پێشمەرگەکە بزە دایگرتبا، باوکم یەکسەر پێی دەگوت:

- ها، دەمڕووت، ناڵێم نایزانی... دە بڵێ دەی... دە با فێرت بکەم، ئەوە لە کتێبی (چۆن کوردستان ڕزگار دەبێت)، دە بڕۆ هەڵسە بیخوێنەوە و بەجوانیش لێی وردبەوە.

ئەگەر پێشمەرگەکە لە جنێو نەترسابا و بەباوکمی گوتبا:

- قوربان، ئەو قسەی فەرمووت لەو کتێبەدا نییە، هی لینینیش نییە، بەڵکوو قسەی مارکسە و لە کتێبی خورشید و خاوەر - دا گوتویەتی.

پاش یەک - دوو جنێوی مزر، ئەوجا باوکم دەیگوت:

- قوڕ بەسەر عەقڵت، مانکس چ ئیشێکی نەبووە، هەر باسی عەشقبازی بکات! گەر ئێستا لێرەدابا و گوێی لەم قسەی تۆ با، ئەوا ڕیش و سمێڵەکەی دەتاشی.

- حاجی، دەبوو بە پێشمەرگە؟

- فلتەفلت.

گەر لەمە زیاتر لەسەری ڕۆیشتبان و تووڕەتریان کردبا ئەوا دەیگوت:

- من لیلین و میلین نازانم... من داوای حورییەت دەکەم، ئەو کەسە ترسنۆکانە دەکوژم، کە دێن بمکوژن و خاکم داگیر بکەن و ناوێرن داوای حورییەت بۆ خۆیان بکەن... ئەگەر پێیان گوتبا، مام حاجی، ئەم قسە ڕێک لە قسەی گەورەپیاوێک دەچێت، حاجی تووڕە دەبوو و دەیگوت:

- نەخێر، ئەوە قسەی مامی خۆتانە!

***

حەمە ڕەزا شا بەجۆرێک سەر سنووری گرتبوو، کەم کەس دەیتوانی بەسەلامەتی بپەڕێتەوە بۆ (ئەودیو) چەند قارەمانێکی بە باڵبەستراوی تەسلیم بە عێراق کرد. عێراقیش بێ سێ و دوو، ئیعدامی دەکردن، هەر کە باوکم گوێی لێبا حکومەت کوردانی ئیعدام کردووە، ئاگری تێ بەر دەبوو، دەیویست گەرماوگەرم تۆڵەیان بکاتەوە، جا قوڕ بە سەر ئەو عەسکەر و جاشە، یا ئەو ئەمن و ئیستخباراتەی لەو ڕۆژەدا بەردەستی باوکم دەکەوتن، خۆی وەتەنی:

- دوو جاران گیانیان دەکێشم... دەیانکوژم لەسەر ئەوەی دوژمنن، دووهەمیش لە تۆڵەی کەڵەپیاوان بە ئاگری جەهەنمی ئەم دنیایەیان دەسپێرم... دەیانسووتێنم... خۆڵەمێشەکەشیان دەسووتێنمەوە... ئەی چۆن؟

دیاربوو حکومەتی عێراقی نیشتمانی و شا ئاریامیهری ئێرانی، بڕیاری ئەوەیان دابوو بە هەر دوو لا لەناومان ببەن، شا سەر سنووری بە ئەرتەش تەنی، عێراقیش بە چەند هەزار عەسکەر و جاش بە پاڵپشتی تۆپ و تەیارە و تانک، هێرشیان بۆ هێنابن... زستانەڕۆژێکی سەخت بوو،

تەنها مەحمودی برام لە ماڵێدا بوو. من و ئەحمەدی برام لەگەڵ باوکمدا بووین، هەر کە پێشمەرگەکانی کەمین هەواڵیان داینێ، کە هێرش دەبێت، ئێمە زۆر زوو وەخۆ کەوتین، فریای ئەوەش کەوتین کۆنە سەنگەرەکان پاک بکەینەوە و چاکتر مەحکەمیان بکەین، گەلێک جار باوکم بەتەوسەوە سەرنجی ئەو پێشمەرگانەی دەدا، کە بەبێ سەنگەر و بە پێوە شەڕیان دەکرد، هەرگیز بە ئازا، تەنانەت بە دڵسۆزیشی نەدەزانین، گەلێک جار دەیگوت:

- پیاوی ئازا ئەو کەسەیە دەستی چاکتر دەوەشێنێت، چاکتریش خۆی دەپارێزێت و کەمتر تەقە دەکات... بەڵام گەر تاک تاک و بەیناوبەین، کەوکوژی بۆیان دانیشتێت، ئەوا نێریان تیا نییە سەر بەرز بکاتەوە... نێریش نییە بتوانێت سەنگەرت پێ چۆڵ بکات...

هەموو جارێک بە هەموو پێشمەرگەیەکی دەگوت:

- قوربانت بم، خۆت چاک قایم بکە و دەستیش بە فیشەکەوە بگرە... گوێ لە مامی خۆت بگرە، من چاکتری دەزانم... لیلین و مانکس لەم ڕووەوە هەرچییەکیان گوتبێ، ئەوا مامی خۆت چاکتری دەزانێت... ئەوان هەر تەقەیان نەکردووە.

پێشمەرگەکانیش بە پێکەنینەوە پێیان دەگوت:

- حاجی، چوزانیت ئەوان تەقەیان نەکردووە؟

- حەی، خۆ ناشێت بێژن قائیدی عەسکەری بوون.

- ئەوەشیان زانیوە.

بە جۆرە کەیلییکی تەوسئامێزەوە وەڵامی دەدانەوە.

- نەعەوزوبیلا، بێژن خوا و پێغەمبەر بوون.

- نە بەو جۆرەیش.

ئەی چی، پیاو ناوێرێت دەست بۆ سمێڵی ببات، لێی ڕادەپەڕن: لیلین وای فەرمووە، مانکس وای فەرمووە... کوڕە بابە ئەوەی ئیشی منە من، خۆم دەیزانم، من گرەو دەکەم ئەگەر ئەوان بتوانن ئا لێرەدا و لەم شوێنەی ئێمەدا لە ئێمە باشتر، شتێک بکەن، هەی بەرخوردار بن، خۆ ئێمە نەعوزوبیلا ڕۆح ناخەینە بەری کەس، ئێمە (ئێستا) ڕۆح دەکێشین.

گۆڵمەزی باوکم کات و شوێنی بۆ نەبوو... تا لەگەڵ ئەحمەدی برامدا چوونە نێو سەنگەرێکەوە، هەر بۆڵەی بوو، من و پێشمەرگەیێکی دیش، بەرەو سەنگەرێکی دی چووین، گەلێک دوور بوو لە سەنگەرەکەی باوکمەوە، ژمارەی هەموو پێشمەرگەکان چل و سێ کەس بووین، گەر بە قسەی باوکمیان کردبا، سەرئەنجام وا نەدەکەوتەوە...

باوکم دەیگوت:

- کوڕینە، ئێمە زۆرین، چل و سێ کەس زۆر زۆرە، قوتە بەرزەکان تەحەمولی ئەم هەموو پێشمەرگەیە ناکەن... ناشبێت هەر هەموو بە جارێک بەشداری شەڕ بکەن... دەبێت بیست کەسێک شەڕ بکات و ئەوانی دیش ڕێی کشانەوە تەئمین بکەن و ئامادە بن بمانگۆڕن، با هەر هەموو شەڕ نەکەن... خەمتان نەبێت نۆرە دەگاتە سەر هەرهەمووومان، با خەسارەت کەمتربێت و پێشمەرگەکان ژمارەیان کەمتر نەبێت... شەڕ بە ژمارە نییە... یەک پێشمەرگەی شەڕکەر، زۆری پێ دەکرێت...

کەچی بەوەی کە گوایە بە ژمارەی ئەوانەی هێرش دەهێنن زۆر زۆرن و چەند هەزارێک دەبن، دەبێت هەر هیچ نەبێت بۆ یەک - دوو

ڕۆژێک بەرگری بکەین و ئەوجا بکشێینەوە... ئەمەیش پاش ئاشبەتاڵ دەبێتە یەکەم شەڕێک، کە میری بەم هێزە زەبەلاحەوە هێرش بێنێت، تا کوشتاری زیادی لێ بکرێت، ئەوا ئەستووری هێزی پێشمەرگە و پتەوی باوەڕیان دەردەکەوێت... باوکم چ گوێی بەم قسەیە نەدا... پێیان گوت:

- بڕیار بڕیاری چی... ئەمە شەڕە و مردنی تیایە، ئازایەتی و عەقڵی دەوێت... چ کەسێک بە بڕیار ئازا نابێت و بە بڕیاریش فێرە عەقڵی شەڕ نابێت... ئەو قوتەیەی من بۆی دەچم، هەر تەحەمولی دوو کەس دەکات... هەر خۆم و ئەحمەدی کوڕم بۆی دەچین... قایل نیم چ کەسێک بێتە ئەوێ... تاقەتی نوزەنوزی بریندارم نییە... ژمارەی کەم، خەسارەی کەم... بڕیاری خۆتان بۆ خۆتان.

دیار بوو نەیاندەویست بە هیچ جۆرێک دڵی باوکم عاجز بکەن، دەیانزانی ئەگەر باوکم هەر هیچ شتێک بەچاکی و دروستی نەزانێت، ئەوا لە مەسەلەی شەڕ و هونەرەکانی شەڕدا کەم هاوتایە... باوکم بەتەوسەوە ڕووی لە یەکێک لە مەسئولەکان کرد و پێی گوت:

- ئەی کوا بڕیاری گەورە... مەبەستم بڕیاری ئەوەتان داوە پێشمەرگەکان پشت و پەنایان هەبێت؟

- دەبێت چ بڕیارێک بێت؟

- تەواومان کرد... کوا نان؟

هەرهەموو بە سەرسوورمانەوە سەیری یەکدییان دەکرد، ئەوجا باوکم وەک ئەوەی کە شارەزایێکی تەواوی شەڕە، نەڕاندییە سەریان:

- دەی کوڕینە، وەخۆ کەون... لە شەڕدا پێشمەرگە وەکوو تفەنگە،

تفەنگی بێ فیشەک، وەک پێشمەرگەی بێ نان و ئاوە... ئێستا زستانە و ساردە... بەڵام هەرهەمووتان مەتارەکانتان پڕ بکەن...

باوکم لەگەڵ ئەحمەدی برام کەوتنە ڕێ، بە خۆی و پیرە برنەوە درێژەکەی، ئەحمەدیش بە کلاشینکۆڤ و هەندێک ڕومانەوە سەر کەوتن...

هەر لەگەڵ گەردی بەیانیدا گورەگوری تەیارە ئاسمانی گرتەوە، کوێرانە ساروخ و بۆمبایان دەهاویشت... خۆیان خاڵی کرد و گەڕانەوە، ئەوجا تۆپباران دەستی پێکرد، هەند بە خەستی ئەو ناوەیان دادەبێژا، دەتگوت بە سەڵییە تۆپ دەتەقێت، لە پێشدا لە ناوقەد، ئەوجا ترۆپکەکان، چرەدووکەڵێکی ڕەش و تەپوتۆزێکی خەست بەری ئاسمانی گرت، جەیش و جاشیش لە خوارەوە بەرەو بەرزاییەکان دەهاتن، لە خۆڕا و کوێرانە تەقەیان دەکرد، ئەو ناوەیان دابێژا، گەلێک جاریش سێ-سێ و چوار-چوار بە جارێک دەتەقینەوە، هاژەهاژ و گڤەگڤی پارچە تۆپ بەسەر سەرماندا دەیگێزاند، هەر کە گوللە تۆپەکان دەتەقینەوە، بلاچەیێکی سەیر و ناڵەیێک دەروونی پیاوی دەهەژاند، وردەوردە تۆپبارانەکە وەستا، ئەوجا دەنگی دۆشکا و ڕەشاشی دی بەجوانی دەبیستران، ئەویش سەبارەت بەوەی هەندێک کاس ببووین، ئەو دەنگانە وەک دەنگە ئاساییەکانی خۆیان نەبوون، هەر گوللە بوو بەسەر سەرمانا گیزەی دەکرد، گەلێک جاریش بە ئاستەم سەرمان بەرز دەکردەوە و گڕی تەقەکانمان دەبینی، لە بنارەوە بەرەو ئاسمان و لووتکەکان هەڵیاندەدا، چ کەسێکی ئێمە تەقەی نەکرد، تا (ئەوان) بەدەم تەقەکردنەوە نزیک بوونەوە - هەر ملیان دەنا - لە چاو تروکانێکا بە جۆرێک هاتینەدەست، سەدان کەس بە جارێک دەیانگوت (یا ویلی) هەر چی جاشە کوردەکان بوو شارەزای شەڕ بوون و بەشێکیان توانییان پەنا بەرد و کەند بکەنە سەنگەر، بەڵام عەسکەرەکان چەکەکانیان فڕێ دەدا و بەرەو خوار دەبوونەوە. ئیدی

چاکتر دەکەوتنە بەر ڕێژنەی کلاشینکۆف... چاکم وەبیر دێتەوە، ئەو ڕۆژە زۆر دەترسام، ئەم پێشمەرگەیەی لەگەڵ مندا لە یەک سەنگەر بووین، لە سەرەتادا منئاسا دەترسا، شەرممان لە یەکدی دەکرد، بە بیانووی سەرما، ڕێمان بۆ لەرزی لەشمان خۆش کردبوو... هەر کە تەیارەکان بۆمبا و ساروخەکانیان وەشاند و ئەو ناوەیان کردە دووکەڵ و تەپوتۆز، هەستمان دەکرد هەناومان داتەپی، هەر کە تۆپێکیش لە نزیکی سەنگەرەکەمانەوە دەیدایە زەوی، بە جۆرێک گرژ دەبووینەوە و سەرمان بە یەکەوە دەنا، بە دوو منداڵی زەندەقچوو دەچووین، لە کاتی تۆپباراندا، هجوم ناکرێت و نابێت سەر بەرز بکرێتەوە، کەچی ئێمە جارجارێک - پێم وایە لەبەر ترس بوو - سەرەتاتکێمان دەکرد، دەشمانزانی پاش تۆپباران هجوم دەبێت و واش دەخوازێت چاوێک بکەینە هەزار چاو، گەلێک جار باوکم دەیگوت:

- کوڕ ئەو کوڕەیە لە تۆپباراندا جێی خۆی چۆڵ نەکات، بزمارئاسا لەنێو سەنگەرەکەیدا خۆی دابکوتێت...

هەر کە هاوڕێکەم پێی گوتم:

- وریا بە نزیک کەوتوونەتەوە.

گەلێک کەیفخۆش بووم، کە بینیم ئەوانەی بۆ لای قوتەکەی ئێمە دەهاتن و کوێرانە تەقەیان دەکرد، بە مەزەندە سی - چل کەسێک دەبوون، گەلێکیش پەرت و بڵاو بوون، لە دڵی خۆمدا گوتم:

- (مستەفا، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە چاوەڕێت دەکرد، دەی پیاوەتی خۆت بنوێنە، پێش ئەو کاتە وام دەزانی کوشتن ئازایەتییەکی لە ڕادەبەدەری دەوێت و کەم کەس توانای کوشتنی هەیە، کەچی هەر ئەوکاتە

سووکە قسەیێکی باوکم مێشکمی هەژاند و گوێیەکانمی زرنگاندەوە (داگیرکەرکوشتن لە ئاوخواردنەوە ئاسانترە!).

کەم تەجرەبەیی من و پێشمەرگەکەی هاورێم وایکرد هەندێک دوابکەوین، پاش بیست - سی سانییەک، ئەوجا ئێمە هاتینە دەست، داخەکەم لە هەموو پێشمەرگەکان کەمتر داگیرکەرمان ئەنگاوت.

پێم وانییە لەو تەمەنەمدا چ خۆشییەک پارسانگی خۆشی و بەختەوەری ئەو ڕۆژەم بووبێت، وا من و پێشمەرگەکەی هاورێم بە (تاک تیر) تەقەمان دەکرد و جێ تەقەکانی خۆشمان دەبینی، چ نیگایەکیش هەندەی بەلەخورد و لنگەوقوچبوونی داگیرکەری دوژمن جوان و ورەبەخش نییە، کە هەرچی ڕقی پەنگاوەت هەیە لەگەڵ گوللەیەکدا بۆی دەنێریت، ناوچاوان، سەرسنگ، هەڵدەتەکێنیت، مۆری پیاوەتی خۆت دەچەسپێنیتە ئەو لەشە پیسەی کە - هەرچییەکت هەیە خستوویەتە ژێر پێڵاوەکەی - .

ئاگری جەهەنەممان بۆیان داگیرساند، بە جۆرێک سەریان لێ شێوابوو، بەرەو خوار دەیانقوچاند، سەرسمی ئەوتۆیان دەدا و هەڵدەدێران، دەبا خۆزیایان بە گوللە خواستبا، لە یەک - دوو دەقیقەدا بەرەو خوار بوونەوە، ئێمەیش لە هەموو لایەکەوە بە گوللە خواحافیزیمان لێ دەکردن، چ جارێک وەکوو ئەو ڕۆژە نەمبینیبوو، گەر باسیش کرابا، باوەڕم نەدەکرد کە دوژمنی داگیرکەر بە هەرهەموو چڵکاوخۆرەکانیەوە هەندی ترسنۆک و بێفەڕن، هەند خوێڕی و بێنمودن، لە مەیدانی شەڕدا مشکن، لە شاران و بۆ بێچەک و هەزاران سەگی هارن، لەو کاتەدا سووکە خەیاڵێک بە مێشکما گوزەری کرد (گەر ئێمە سەدایەکی چەکەکانی ئەوانمان هەبا، تۆ بڵێیت لە خەونیشیان بیانوێرابا سەیرمان بکەن)...

(ئەوان) دڕیان تێکەوت و کوێرانە تەقەیان دەکرد... سەرەڕای سەرما،

گەلێک تینووم بوو، هاوڕێکەشم منناسا قوڕگی وشک ببوو، بە هەر دووکمان نیوە مەتارەیێک ئاومان خواردەوە...

(ئەوان) یەک - دوو جاری دیش وەخۆ کەوتنەوە و هێرشیان دەهێنا تا مەیتەکانیان ببەنەوە، کەچی هەر جارەو ئەوەندەی دیشیان لنگەوقوچ دەبوون، تا ئێوارەیێکی درەنگ ئەمە بەزمیان بوو... من پێم وابوو ئەگەر دە جاری دیش هێرشیان هێنابا، هەر تووشی هەمان چارەنووس دەبوون، کە دنیا تاریک بوو، هێدی هێدی تەقە وەستا و ئەوان کشانەوە، پێش وەخت شوێنی کشانەوە و کۆبوونەوەیان بۆ دیاری کردبووین، شوێنەکەش هەند دوور نەبوو، پاش ئەوەی چەند حەرەسێکی وریایان دانا، وردەوردە کشاینەوە، من و هاوڕێکەم دوا کەس بووین گەیشتینە شوێنی دیاریکراو، یەکسەر لە شوێنی خۆمدا حەپەسام، زانیم شتێک بووە، هەرهەموو پێشمەرگەکان خەمبار بوون، لە سەرنج و سیمایان تێگەیشتم شەهیدمان هەیە، بۆ ساتەوەختێک ڕووخساری سەراپای پێشمەرگەکانی هاوڕێم خۆی ئاخنیە نێو فکرم، دەبێت کێ بێت؟

نزیک بووینەوە، باوکم بینی سەرشانی خوێناوی بوو، وام زانی بەرکەوتووە، لە هەموو پێشمەرگەکان کەمتر غەم بە ڕووخساریەوە دیار بوو، بە بێدەنگییەوە لە تەنیشتی تەرمێکی بە جامانە داپۆشراو دانیشتبوو، جگەرەکەی لەنێو لەپی هەردوو دەستیا بوو، بە توندی مژی لێدەدا، هەر کە چاوی بە ئێمە کەوت، بێئیرادە لەبەرمان هەڵسا، یەکسەر وشەیێکی وەک فیشەک چزانە دڵمەوە:

- ئەحمەدی برات شەهید بوو.

لەوەتەی هەم، ج جارێک ئاوها بلاچەی ئاگر لەناو چاومەوە هەڵنەستاوە، کە دامە پرمەی گریان، باوکم شەپازللەیێکی پیاکێشام ئەو

دنیام بە چاوی خۆم بینی:

باوکم نەڕاندیە سەرم:

- پیاو... تۆ پیاویت... پیاو چۆن دەگرییێت، هەی داوەشێیت!

ئەوجا ڕووی لە پێشمەرگەکان کرد:

- کوڕینە، ماتڵ مەبن، هەر لێرەدا قەبرێک هەڵبکەنن.

پاش دە - دوانزە دەقیقەیێک، قەبر ساز بوو، من لە دورەوە سەیرم دەکرد و دەکولام، باوکیشم وەک ئەوەی هەر هیچ نەبووبێت، ئاوها ڕەفتاری دەکرد، نەمزانی چ بوو هانیدام خۆزیا بەو دڵەی بخوازم، تا ئەوکاتە چ کەسێکی نزیکی خۆشەویستم نەمردبوو، کەمتر لە غەمی جیابوونەوە و مردن تێدەگەیشتم، هەر کە سەری قەبرەکەی ئەحمەدی برامیان داپۆشی، بەرچاوم تاریک هەڵگەڕا، کسپەیێکی ئاگرین ناخمی هەژاند، لەنێو شەرم و حەزێکی سەیردا گێژ و کاس بووم، حەزم دەکرد هەرچی فرمێسکم هەیە بە جارێک دایبارێنمە سەر قەبرەکەی و کەف و کوڵی دڵم دابمرکێنم... شەرمیش لە پێشمەرگەکانی هاوڕێم، وای لێ کردبووم ماتەمینییەکی ئەوتۆ دامگرێت، سەراپای هەموو شتێک بە ڕەشی بخاتە بەرچاوم، سەرئەنجام، شەرم زاڵ بوو و حەزی گریانمی سەرکوێر کرد.

(ئەڵبەتە پاش ئەوەش، گەلێک جار شەرم جڵەوی زۆر شتی تایبەتیمی بە دەستەوە گرت، وەک چاوساغ ڕێنمایی دەکردم، ناڵێم بەرەو چاکە و لەنگەری هێمنی دەبردم، نەخێر، بێدەنگی و ئارامی پێ دەبەخشیم، ئیدی هەستم بە جۆرە قەرزاربارییێک دەکرد، خۆم بە قوتابی شەرم دەزانی، پێم وابوو شەرم مامۆستایەکی چاکی من بوو، فێرە دانبەخۆداگرتن و سنگفراوانی کردم... دیاریش دەکرا، بە بێدەنگی و بەئالۆزیش ژیانم هەر دەگوزەراند، بەلام بە تام و چێژێکی دییەوە... جا کێ دەڵێت چاکتر و پوختەتر نەدەبوو؟ بە هەرحاڵ، ژیانم دەگوزەراند، یا ڕاستتر، ژیان دەیگوزەراندم و بەرەو ئەمڕۆ و (ئێستا)ی دەهێنام، ئەوی دی هەرچییەکی بووە، یا هەرچییەکی دی دەبێت، پەیوەست نییە بەوەی ڕادەی قایلبوون، یا پەشیمانیم سەرئەنجامی دیاری کردبێت، بەڵکوو سەرئەنجام هەر هەمان دۆخ و قەوارەی خۆی - ئێستا ئاسا - ی دەخستە سەرپشکبوونم، ئەویش لە ڕووی هەر هەمان پرسیارە ئەزەلییەکان، دەستەوەستانی دەکردم، چیم؟ چی دەکەم؟ بۆ دەیکەم؟ پێم وایە گەر وەلامێکی دروستی ئەم پرسیارانەم لا دروست بێت، ئیدی چ پاکانییێک بۆ بەردەمی ژیانم نامێنێت... چێژی ژیان لە نهێنی و قورسی وەلامی پرسیارە ساکار و گەوجانەکەیدا وەدەر دەکەوێت!

پێشم وا نییە ئەم پرسیارانە پەیوەست بن بە ڕووداوەکانی (ئێستا) ی منەوە، بەڵکوو زادەی تەمەنێکی پڕ لە تاڵی و تفتی، پڕ لە چێژ و

ئارەزووی ژیانویستی و خۆشەویستین! ئەوسا، عەقڵی ئەوکات و ئەو سەردەم، جڵەوی ڕەفتارمی لە دەست گرتبوو، هەرچییەکی ئەوکاتە هەستم پێ کردبێت، یا کارم پێ کردبێت پەیوەست بووە بە (کات، فام، بۆچوون) چاک بووبێت یا خراپ، نامەوێت بە عەقڵی ئێستام حوکمیان لەسەر بدەم، دەشێت حوکمی ئێستام لە ڕووی نەزانینەوە بێت، بەڵام لەو سەردەمەدا زانیومە).

هەر کە باوکم گوتی:

- (سەرەتای بێهودەیێکی تەڵخ بەرچاوی گرتم، یەکەم جاری تەمەنم بوو، کە پرسیارێکی بێشەرمانە بخەمە ڕوو، لە خودی خۆمی دووبارەکەمەوە (ئا ئەم ژیانە شایستەی ئەوەی هەیە مرۆڤ تێیدا بژی؟ ئەوەندە دەهێنێت؟ جا بۆ هەموو مرۆیێک ڕووبەڕووی ئەم تەجرەبە و ئەم سەرئەنجامەش نایێن؟ بۆ ئێمە لەلایەن چارەنووس و کەسانی دییەوە، کەری باری حوکمێکی گرانی ئەم ژیانە کولەمەرگییە و ئەم سەردەمە بین، بۆ؟ ئەگەر دڵی خۆ بەوە خۆش کەین، گوایە کوێرەوەری فێرە تێکۆشان و ئازایەتیمان دەکات، چاکتر پتەو و پوختەترمان دەکات، پێم وایە تاقە وەڵامێکی ڕێک بۆ ئەم پرسیار و پاکانەیە تەنها، (ترحێو) ە... خۆخەڵەتاندنێکی گەلێک بێسەروبەر و بێسنورە، ئەوە نییە لە سووکە بیرکردنەوەکانی خودیماندا بزەیێکی تەوسئامێز داماندەگرێت و شەرم لە خۆمان و لە قسە زلەکانی خۆ دەکەین، ئەوە نییە لە ڕۆژێکدا دەیان جار بە دەیان ڕوو خۆ دەبینین، سەد حەیف و مەخابن لە هەموو داگیرکەرێک زیاتر خۆ داگیر دەکەین).

دوو پێشمەرگەی دی لەگەڵ من و هاوڕێکەمدا بەرەو سەنگەرەکەی خۆمان گەڕاینەوە، ئەوان حەزیان دەکرد، لە بری من و هاوڕێکەم بچینە

نێو سەنگەرەکەی ئێمە، کەچی لەبەر باوکم ئەوانیش نەیانویست ڕووداوە ناهەموارەکە خەستتر بکەن... پێشمەرگەکان وەک ئەوەی خواردنیان لەبیر کردبێت، چ کەسێکیان پارووە نانێکی لە دەم نەنا... سەنگەرەکەی ئێمە گەلێک گەورە بوو، لە جێی کۆنە ڕەبایەیێکی پاش ئاشبەتاڵ بوو، یەکێک لە پێشمەرگەکان بە منی گوت:

- هەر لەگەڵ تۆپبارانی یەکەمدا ئەحمەدی برات بەرکەوت و یەکسەر شەهید بوو...

بێدەنگ بووم، لە سەرمانا هەڵدەلەرزیم، دەست و پەنجەم گۆی نەدەکرد، وەک ئەوەی زمان و قسەکردنم لەبیر چووبێتەوە، ئاوها وڕ و کاس و بێدەنگ بووم، ئەڵبەتە گەلێک شتی پەنگخواردوو لە ناخمدا بوو بیڵێم، بەڵام بە جۆرێک تاسە بردبوومیەوە، کەمتر هەستم بە بوونی خۆم دەکرد... هەرچەندم هەوڵ دەدا ڕووخسارە بزێوەکەی، جووتە چاوە هەمیشە غەمبارەکەی ئەحمەدی برام، لە بەرچاوم لا نەدەچوو... مەنگەکەی ئەم دواییەی، پرسیارە سەیر و بەجێکانی، جورئەتی، ئەو ڕۆژەی کە لەڕووی باوکمدا وەستا و پێی گوت:

- ئەوە چیتە، لە خۆتەوە بە ناوی ئەم و ئەوەوە قسە دەکەیت؟

تووڕەبوونە بێسەروبەرەکەی باوکم، کە پێی گوت:

- ئاخرزەمانە... فیسقە گولێک لێم بووەتە (فەرمەسۆن) بڕۆ هەی دەمڕووت، بۆ هەموو شتێک هەر بە کتێب خوێندنەوەیە، تۆ نایزانی.

کە ئەحمەدی برام قسەکەی دووبارە کردەوە و زیاتریشی گوت:

- من کەی باسی کتێبم کردووە، من دەڵێم بە ناوی ئەو

گەورەپیاوانەوە قسە دروست مەکە...

کەچی باوکم بە جۆرێک قسەکەی لە دەم قۆزتەوە، ئەحمەدی برام و هەموو ئەوکەسانەی گوێبیستی بوون، هەر هەموو حەپەسان، کە گوتی:

- گەورەپیاو، گەورەپیاوی چیتە... ئەوان گەورەپیاوی وڵاتی خۆیان بوون... وڵاتی ئێمە گەورەپیاوی بە جۆرێکی تر دەوێت... بۆ پێت وایە ئەم لیلین و مانکسەی تۆ باسی دەکەیت، لەنێو ئێمەدا بان هەر بە گەورەپیاو ناو و ناوبانگیان دەردەکرد؟ یا هەر پاش مردنیان سەد تف و نەعلەتمان بۆ قەبری باب و باپیرانیان دەنارد، گەلێک چاک بوو لەنێو ئێمەدا نەبوون، ئەگینا شێتخانەکانیش نەیاندەگرتنە خۆ، کێ لەناو ئێمەدا بە دەقی خۆیەوە دەمێنێتەوە؟

تووڕەم مەکەن با قسەی زیاتر نەکەم... ئێمە هەر ئەوەتا هەین، دەنا نەزانین و خوا ئاشەکەمان بۆ دەگەڕێنێت، ئەوە من قسە ناکەم و ئێوەیش پێتان وایە ئیدی من هەر هیچ نازانم و ئەوەی ئێوە بیڵێن - ئەشهەدو - ەکەی لەسەر من بێت، ئەشهەدوبیلا وا نییە... گەلێک جار گوێم لە فلتەفلتی هەندێکیانە، شەو تا بەیان (دەوەن بەئاش دەکەن) قسەی زل و قسەی زل... فلان وای فەرموو، دەبێت ئێمەیش وا بکەین، فیسار لە فلانە ساڵدا بۆ فلانە کێشە ئەو کارەی کرد، دەبێت ئێمەیش وا بکەین... هەی بەرخوردار بین، کەی وایە؟ ئێوە تا ئێستایش من بە کابرایەکی گەوج و نەفام دەزانن، پێتان وایە من حەز لە کوشتن و کوشتنکاری دەکەم... ئێوەیش بۆ پێکەنینی خۆتان سەرتان دەنایە سەرم.

کەچی ئەحمەدی برام زۆر بەهێمنی وەڵامی دایەوە و پێی گوت:

- چاکە، تۆ ئەم قسە و باسانە دەزانیت، بۆ تا ئێستا قسەی وات

نەدەکرد؟

- قسە لە کات و شوێنی خۆیدا قسەیە...

هەموو ئەم قسە و باسانە لەنێو دید و مێشکما لەنگەریان گرتبوو، نەمدەزانی کات چۆن دەگوزەرێت، وردەوردە سەرماکەیش زیادی دەکرد، ئەو شەوە تا سەعات دە و نیو چ دەنگ و خشەیێک نەبوو، لە پڕ لەملاو ئەولامانەوە بوو بەگرمە و دەستڕێژ و بێدەنگی شەوی شەقار کرد، بێئیرادە و یەکسەر هەڵسامە سەر پێ، پێشمەرگەکانی هاوڕێم دایان نام، دەنگی ئار پی جی ئەوناوەی دەهەژان، تەقە گەرمتر بوو، هاوڕێکانی نێو سەنگەرەکەم هاتنە دەست، تمەس جاش و جەیش بە بێدەنگییەوە دزەیان کردبوو، خۆیان لە قوتە بەرزەکان نزیک کردبووەوە. ئای لەو شەوە، مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت چییان بەسەر هات، (هاتن بۆ ریش، سمێڵیشیان نایە بانی) پێشمەرگەکان بە ڕقێکی ئەوتۆوە تەقەیان دەکرد، باوکەڕۆ و (یا ویلی) لەنێو دەنگی تەقەکانەوە دەبیستران، لە نیو سەعاتێک زیاتر تەقە درێژەی کێشا، وردەوردە تەقەکان کەمتر دەنگیان دەهات، ئەویش سەبارەت بەوەی بایێکی توند و سارد، تازە هەڵیکردبوو و گیفەگیفی دەهات، هەر لەگەڵ کزبوونی بایە ساردەکە، بەفر دایکرد، ئای لە سەرمای ئەو شەوە، ئای لەو زریانە بێئامانە چی بەسەر هێناین و بە چ دەردەسەرییێک پێشمەرگەکان گەیشتنە خوارێ، لە جێی دیاریکراوی کۆبوونەوەمان، هەندەی نەمابوو بەشێکمان ڕەق بێتەوە، ئەوجا تا هێز لە ئەژنۆدا بوو، تاوی هەنگاوەکانی خۆمانمان دا، دوورکەوتینەوە، تاریک و ڕوون بوو، هێشتا بەفر هەر پروشەی دەکرد، لە پانایێکدا لاماندا، ئەوەندەی نەمابوو لە پەلوپۆ بکەوین... ئای چ ڕۆژێکی سەختیشمان گوزەراند، ئێشی لەش، ماندوویەتی، برسیەتی، ڕق و کسپەی دەروون، هەموو تێکەڵ ببوون - پاشان بیستمان، چەن عەسکەر و جاش کوژران

و بریندار ببوون، ئەوەندەش لێیان ڕەق ببووەوە - هەر ئەو ڕۆژە باوکم بە دەنگێکی هەندێک غەماوییەوە پێی گوتم:

- کوڕم مستەفا، بچۆوە بۆ ماڵ، چەند ڕۆژێک لەوێ بە، پاش چەند ڕۆژێکی دی خۆشم دێمەوە، شەهیدبوونی ئەحمەدی برات لە مەحمود و دایکت نەشاریتەوە، بێ سێ و دوو و ڕاستەوڕاست پێیان بڵێ... حاڵی بوویت... پێیان بڵێ شین و شەپۆڕ نەکەن... ئەحمەد مایەی سەربەرزی هەموومانە...

(باوکم کە پێی دەگوتم) (دایکت هەموو قەناعەتێکی وا بوو، کە لە ڕووی سۆز و خۆشەویستییەوە چ کەمتر نییە لە دایکی خۆم، لە ڕاستیدا دایکم گەر لە ژیاندا مابا، هەر ئەوەندە ڕێزی لێ دەگرتم، زڕدایکەکەم نەک فەرق و جیاوازی لە بەینی من و براکانمدا نەدەکرد، بەڵکوو گەلێک جار لەبەر دڵی من لەوان زیاتر دەیلاواندمەوە، گەلێک بەپەرۆشەوە جل و بەرگی بۆ دەشۆردم و نازی دەکێشام. چەند قسە و حیکایەت و زوڵمی هەندێک لە زڕدایکان، ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری باوکە، کە ڕێ خۆش دەکات و جڵەو شل دەکات، ئەوجا زوڵمەکە پەیدا دەبێت).

ئەو ڕۆژە بەبێدەنگی ملی ڕێم گرتە بەر، هەزار و یەک خەیاڵ و وێنەی جۆربەجۆر لەنێو سەرمدا بە تێکەڵوپێکەڵی دەجەنگین، لەگەڵ هەر خەیاڵێکمدا، پرسیارێک ڕووی تێ دەکردم، چ وەڵامێکی ئەوتۆی دروستم پێ نەبوو دڵە کەیلەکەم داساکێنێت، ئیدی خەیاڵێکی تر و تر مێشکمیان کردە مەیدانی جەنگ، لە خۆمم دەپرسی چۆن سەری باسەکەیان لەگەڵدا بکەمەوە، خۆ ناشێت لە پڕ باوکمئاسا، بێ سەلام و کەلام، یەکسەر پێیان بڵێم ئەحمەدی برام شەهید بووە... هەندێک وەڵامی پچڕپچڕم کردبووە دەسکەلا و دڵی خۆمم پێیان دەدایەوە: سەلام دەکەم، لە پێشدا

چاک و خۆشییان لەگەڵ دەکەم، ئەوجا وردەوردە دێمە ناو باسەکەوە...

هەر دیسانەوە لە خۆمم دەپرسی: چاکە... گریمان توانیم دەست بەسەر وشەکانما بگرم، خۆ ناتوانم دەست بەسەر ڕەنگی ڕووخسار و شێوەی دەنگەکەم بگرم.

سەرتاسەری ڕێ لەم سێ و دووەی دڵی خۆمدا بووم، بە هیچ جۆرێکیش ڕووخساری ئەحمەدی برام لە بەرچاو لا نەدەچوو... ئیدی ڕێ و هەنگاوی من، مێشک و خەیاڵەکانم، چاوم - کە پڕ لە ڕووخساری ئەحمەدی برام بوو، لەنێو ئەو ڕۆژە سەختەمدا بیوونە سەرەتا و ئەلف و بێی وانەیێکی گەلێک سەنگین، ئەویش بەخۆداچوونەوە و چەسپاندنی بۆچی ئەو ژیانە پڕ لە بێهودەییەی کە بێ ویست و دژ بە خەون و هیوام دەیهاڕیم، سەدان پرسیاری بەجێ و بێسەروبەریش، دەیان وەڵامی نیوەناچڵی کردبووە تێشووی ئەو سەفەرە ناحەزەم - کە بە هەواڵێکی سامناک دووگیان بوو.

ئەو ڕۆژە ڕەشبینییێکی ئەوتۆ تێکەڵی ماتەمینییەکەم ببوو، حەزم بە لەناوچوون و نەمانێکی ئەوتۆ دەکرد، چ قەبر و سێبەر و یادێک لە پاش خۆمەوە جێ نەهێڵم، وەک دەڵێن، ڕۆحیش عەزیزە، دەنا فیشەکێک ئیسراحەتی هەمیشەیی پێ دەبەخشیم و ئەو ڕۆژەشم نەدەبینی...

(ئێستا) خەم بۆ بێدەسەلاتی ئەو ڕۆژەم دەخۆم، بۆ ئەو کارەم نەکرد و دەستم نەچووە خۆم، بۆ هەند دوژمنێکی کەللەڕەقی ئەم ڕۆحە ئەزیەتدیدەی خۆم بووم، بۆ؟

دەشێت (ئێستا)یش لەم ڕووەوە هەر هەمان بێدەسەلاتەکەی جاران بم و ئەو پاکانە پڕوپووچە بکەمە بناغە بۆ بەردەوامی ژیانم و بڵێم،

(ڕۆح عەزیـزە).

گەیشـتمە ماڵـێ، هـەر لـە بـەردەرگادا، چاوەکانـم هەمـوو شـتێکی بـاس دەکرد، چەندم پێ سـەیر بوو، وام زانی زڕدایکەکەم، هەرچی قوڕی ئەو ناوەیـە لـە سـەری خـۆی دەنێت، کەچـی، پـاش چەنـد دڵۆپـە فرمێسـکێکی گەرم و بێدەنگ، دەستی بەسـەر مەحمودی برامدا دەهێنا و فرمێسکەکانی چاوی ئـەوی دەسـڕییەوە - کـە بـە دەنگی بـەرز دابوویـە پرمـەی گریـان... زیاترم پێسـەیر بـوو، کـە زڕدایکەکـەم گوتـی:

- سـەربەرزییە بۆ من دایکی شـەهیدێک بـم... دایکی ئەوتـۆ هەیە سـێ - چـوار شـەهیدی هەیـە... منیش ئێسـتا وەک ئـەو دایکانـە سـەربەرزم... ئـای کە سـەربەرزم!

گەلێک لـە خـۆم دامـام، نەمزانـی چ شـتێک وا بێهێزی کردبووم، کە هـۆن هـۆن فرمێسکی ئاگریـن بـە چاوانمـا دەهاتنـە خـوارێ. کەچـی زڕدایکەکـەم بـە جۆرێـک دڵـی دەدامـەوە، شـەرمم بـە خـۆدا دەهاتـەوە... قسـەکانی زڕدایکەکەم، لـە شـەپازللەکەی باوکـم گەلێـک بەهێزتـر بـوو، باوکـم بڵاچـەی لـە چاوانـم هەڵسـاند، زڕدایکەکـەم ڕۆشـنایی ئاگرێکـی هەمیشـەیی خسـتە دەروونمـەوە، کـە پێـی گوتـم:

- کـوڕم، هەمووتـان، هەرهەمووتـان بـەلای منـەوە شـەهیدن... ئەمـڕۆ نـا، سبەی، دووەی مـن وەک (شـەهید) سـەیرتان دەکـەن!

پاشـان زۆر بەهێمنی بە من و مەحمودی برامی گوت:

- (ئێسـتا) ئێوە لەنێو هاوڕێکانتان سـەربەرزن.

دەمویسـت پـڕ بـە دەم تـف لـە خـۆم بکـەم... گەورەیـی ئـەو زڕدایکـەم

چکۆڵەیی منی دەسەلماند، ئیمان و ورەی، سەبر و تەحەمولی ئەو، پووچەڵی منی دەردەخست، بێدەنگی و دانبەخۆداگرتنەکەی، نەفامی و گەوجی ئەوسای منی لە ڕووی خۆمدا دەخستە ڕوو... ئەو نەخوێنەوار و بەستەزمانە، لە ڕۆژگار و نەهامەتییەوە فێری دانبەخۆداگرتن و ئیمانبەرزی ببوو، منیشی فێری وانەیێکی گەورەی تەحەمول کردا

پێم سەیر بوو، کە لە ئەشکەوتی (ئەژدیها)دا بووین، سەد قسەی دەکرد، گەلێک بیانووی بێسەروبەری بە باوکم دەگرت، چۆن ئاوها بەم خوێن ساردییەوە ئەم هەواڵەی وەرگرت، چۆن؟ وەک ئەوەی درکی بەم هەستەی من کردبێت، یەک - دوو جار لەسەریەک گوتی:

- چ دەسەڵاتێک بەرانبەر بە ئیرادەی خوا نییە... خوایە سەد شوکر بە بەشت.

***

ئەو ساڵە، زستانەکەی گەلێک سەخت بوو، ئێمە لە ماڵێکدا چ پێویستییەکی ئەوتۆمان نەبوو، پێشمەرگەکان لە هەموو ڕوویەکەوە یارمەتییان دەداین، زۆر شتیان بۆ دابین دەکردین... بە گشتی وەزعی پێشمەرگەیش هەندێک کش و مات بوو، جارجارێک نەبێت کە پێشمەرگەکان ڕوویان لە هەندێ ڕەبیە دەکرد، هەندێک جاریش بۆسەیان دەنایەوە... شارەکان لە خراپەوە بۆ خراپتر دەچوون، ئیعدامکردن لە برەودا بوو، بەندینخانەکان ئاوەدانتر ببوونەوە، میری گەورە و بچوکی نەدەزانی، پیرەمێرد گەر لەژێر تەعزیبدا نەکوژرابا، ئەوا ئیعدام دەکرا، منداڵ، ئافرەت، ئەوی دەستی کەوتبا، تاوانی سەرەکییان ئەوە بوو، کە کورد بوون و هیچی تر... گەلێک گوندی دیش بەر ڕاگوێزتنەوە کەوتن، دار و بەردیان بەسەر یەکەوە نەدەهێشت، بە دەنەمێت و بلدۆزەر، بە تەیارە، بە تێزاب دەسووتێندران...

لە هەموو لایەکەوە، میری بەڵا و ئاگری دادەبارانده سەر کوردان، پێم وا نییە ج کوردێکی بەشەرەف پریشکی بەر نەکەوتبێت... داخی گرانم، ئەو سەردەمە لە ڕووی پرسیارێکی قورسدا بێ وەڵام بووم، هەر چەندم دەکرد و دەکۆشام، ج وەڵامێکی ئەوتۆی ماقوڵم وەدەست نەدەهێنا. ئەویش نەمدەزانی بۆ زۆربەی زۆری ئەو جاشە کوردانە هەمان ئەو زەنگ زەبەدیەن زەبروزەنگی میرییان چەشتووە، کەچی چەکی خیانەت و خۆفرۆشییان بۆ زاڵمی خۆیان هەڵگرتبوو!

ئەو ساڵە گەلێک لە قوتابیانی قوتابخانەکەی دێیەکەی خۆمانم بینی، هەموو گەورە ببوون، دابەش ببوونە سەر مەفرەزە و تیپەکان، لە ناوچەکانی دیدا پێشمەرگە بوون، وام دەزانی لە ئاسمانەوە هاتوون، هەند کەیفخۆش بووم، لە ڕادەبەدەر کەیفخۆش بووم، گەلێک جار، لەبەر قسە و یادگاری و گێڕانەوەی سەرگوزشتە، لەگەڵ ئەو قوتابییە پێشمەرگانەی هاوڕێم، خۆمان لەنێو دنیایەکی دیدا دەبینییەوە... وەک ئەوەی ئومێدی پیرۆزمان وەدی هاتبێت، ئاوها بەختەوەرانە قسانمان دەکرد. هەرهەموو لە قوتابخانەدا و بەپێی ڕێنماییەکانی مامۆستا بەکر، ئاواتمان بە پێشمەرگە دەخواست... بە بزەوە سەیری یەکدیمان دەکرد، لە تاقم و جۆری کلاشینکۆف و مەخزەن، لە تەوزیع و مزگەوت و جەولەی یەکدیمان دەپرسی... هەر یەکە بەشانازییەوە باسی تەجرەبەکانی خۆی دەکرد، یەکەم ڕۆژی پێشمەرگایەتی، یەکەم شەڕ و یەکەم تەقە، سەرباسی قسەکانمان بوو، ترس و زاڵبوون بەسەر ترس... سەرئەنجامێکی بەسوودی ئەو تەجرەبەیە بوو، کە هەرگیز کتێب و باسکردن، ئەو تام و چێژ و سەرئەنجامەی نەدەداینێ... گەیشتمە قەناعەت، پێشمەرگایەتی چەند پیاو قاڵ دەکات، دوو ئەوەندەیش پیاو دروست دەکات، ئەوە قالەی حەمە ڕەشید، تا لە قوتابخانە بووین، منداڵێکی ڕەنگ زەردی هەمیشە نەخۆش، لاواز، کەمتر دەهاتە نێو گەمە و یارییەکانمان، لە قوتابخانەشدا تەمەڵ

بوو، هەندێک منداڵی چەتوونیش گاڵتەیان پێ دەکرد، کەچی ئەوەتا بە شاهیدی هاوڕێکانی، کوڕێکی ترە، ئازا و چاونەترس، بزێو و چاپوک، هەشت مەخزەن، دوو ڕومانە و دەمانچەیێک بووە بە ئەندامی لەشی و لێی جیا نابنەوە، جارێک برینداربووە، یەک - دوو جاری دیش بە موعجیزە لەنێو کەمینی گەورەدا دەربازی بووە... سەرەڕای ئەمانەیش، وەک کادیرێکی لێهاتوو هەمیشە کتێب و بڵاوکراوە بۆ هاوڕێکانی شی دەکاتەوە، قسەزان و هێمن، گوێڕایەڵ، هەموو ئەمانە وەک خۆی دەیگوت - ئەلف و بێی زانستی - پێشمەرگایەتین...

یەک - دوویەکی دیی قوتابیە پێشمەرگەکانی هاوڕێم، بریندار بوون، بە ڕاستی شایستەی ستایش بوون، جێی خۆی بوو شانازی بەو ئەستێرانەوە بکەن، کە باسک و سنگ و پشت و ڕانیانی ڕازاندبووەوە، شاهیدی کەڵەمێردی بۆ دەدان... لەو ماوەیەدا مەحمودی برام کرا بە ئامرمەفرەزە، باوکم هەر برا گەورە بوو... لە بەهاردا مەحمود کرا بە ئامرکەرت، باوکم هەر بە برا گەورەیی مایەوە... زڕدایکەکەم، بە نەخۆشییەکی نادیار مرد، چ کەسێک نەیزانی چۆن وا لە ماوەی دە ڕۆژێکدا، وا لاواز بوو، تەنها پێست بە ئێسقانەکانیەوە مابوو، لە ئێوارەوەختێکدا گەلێک بەبێدەنگی گیانی سپارد... وەک ئەوەی ڕۆحی ئەو حەبل بووبێت، شیرازەی خانەوادەکەمان تێک چوو، وای لێهات بە مانگ من و مەحمودی برام باوکمان نەدەبینی... باوکیشمان، لە بەزم و ڕەزمی خۆی نەکەوتبوو، فێری هەندێک ناوی وەک گیڤارا و ماو ببوو، مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت، بە ناوی ئەوانیشەوە چ قسەوباسێکی هەڵبەستبوو، چەندین ناوی کتێبی بۆ دانابوون! من و مەحمود بیستمان، گوایە باوکم لەو ڕۆژانەدا عەوداڵی بێوەژنێکە و نایدەنێ! من بەش بە حاڵی خۆم، حەزم دەکرد ژنێک بێنێ و هەندێک داساکێت، کەچی لەبەر دڵی مەحمودی برام، ئەو حەزەم دەرنەدەبڕی... هەر کە جارجارێک

باوکمم دەبینی، یەکسەر لێی دەپرسیم:

- ئەرێ مەحمودی برات نەبوو بە سەرتیپ؟

- دەبێت.

- کەی؟

- خۆت نالێی شۆڕشەکەمان درێژخایەنە.

- وابێت تۆیش بەتەمایت.

منیش بەتەوسەوە پێم دەگوت:

- باوکە، من و تۆ بەیەکەوە دەبینە سەرتیپ.

- نەخێر کوڕم، من ناکەن بە سەرتیپ... حەقیانە و منیش ئەوەم ناوێت... دەزانم ئەم ئیشە لە تاقەتی مندا نییە... من هەر دەزانم تەقە بکەم... سەرتیپیی ئەمڕۆیش هەر تەقەکردن نییە...

دیار بوو باوکم حەزی بەم گاڵتەیەی من نەدەکرد، زۆر شانازی بە من و مەحمودی برامەوە دەکرد، خۆشی دەویستین، بەڵام جۆری خۆشەویستییەکەی جیاواز بوو... ئای بۆ ئەو ڕۆژەی پێشمەرگەیێک پێی گوتین:

- خۆتان خۆش... باوکتان شەهید بوو!

پێم وا بوو هەر لەگەڵ تەواوبوونی قسەکانی پێشمەرگەکە، هەرچی کۆڵەکەی بوونم هەبوو، هەر هەمووی داتەپین، تاسە بردمیەوە، بەرچاوم تاریک بوو، گێژ و کاس بووم، چ ترسی شەقازللەی چ کەسێکم نەبوو،

تێر تێر گریام... چ تاقەتی ئەوەم نەبوو لە پێشمەرگەکە بپرسم، کەی؟ چۆن؟

مەحمودی برام بە لاڵەپەتیيانەوە پرسی:

- کەی؟

پێشمەرگەکە بە قورگی پڕ گریانەوە بە مەحموودی گوت:

- دوێنێ بەیانی.

- چۆن، لە کوێ؟

- خۆی و پێشمەرگە دەکەونە نێو کەمینەوە، دووانیان دەست بەجێ شەهید دەبن، باوکیشتان بریندار دەبێت. بەڵام برینەکەی وا دیارە سووک بووە، لەگەڵ پێشمەرگەکەی دیدا، کە لە تەمەنی خۆیدا بوو و ئێوەیش دەیناسن و ناوی (شێخە شەل) بوو، دێنە دەست، تا بەتەواوەتی دەوریان دەگرن، شەڕیان کرد، مغاویرێک دەکوژن و دووانی دیش بریندار دەکەن، هێرشیان بۆ دەهێنن، شێخە شەلیش شەهید دەبێت، پاشان وەک لە شارەوە خەبەرمان پێگەیشت، باوکتان فیشەکی پێ نامێنێت، بە دەمانچەکەی فیشەکێک بە خۆیەوە دەنێت... مغاویرەکان هەر چوار تەرمی پێشمەرگەکان بە سەیارە ڕادەکێشن، دەیانبەنە مەعەسکەرەکەیان، لەوێدا دەبابەیان بەسەردا دێنن و بە بەنزینیش دەیانسووتێنن!

***

ئەو ڕۆژەی هەواڵی شەهیدبوونی باوکمیان دامێ، یەکێک بوو لەو ڕۆژە درێژانەی کە توانای ئەوەم نەبوو ژیانی تیا بەسەر ببەم، تەمەنی ئەو ڕۆژە لەلای من ئەوەندە درێژ بوو، یەکە-یەکەی یادەکانی تەمەنم، وەک

ئەوەی ڕووداوەکانی ئەو تەمەنەم خۆیان دووبارە بکەنەوە، ئاوها بە بەرچاوما تێدەپەڕین... پێم وایە تاڵی و تفتییەکانی ژیانی باوکم، لە ڕۆژی مەرگیا هەموو بووە مژەغەمێکی خەست و لەگەڵ نەمانیدا، دەرخواردی من درا، بۆ یەکەم جار - بۆ ئەوەی پاکانە بۆ ڕەفتارەکانی باوکم بێنمەوە - خۆمم خستە جێی ئەو، وردە پرسیاری هەندێک بەجێم لە خۆم کرد، بە سەراپای ڕووداوەکانی تەمەنی باوکما هاتمەوە، بۆ هەندێک لە ڕەفتارەکانی، پاکانەی ڕێک و بەجێم بۆ دەهێنایەوە، جارجارێکیش لە بەرخۆمەوە دەمگوت:

(منیش لە باتی ئەوبام، لەو کات و شوێنەی ئەودا، هەر هەمان ئەو ڕەفتارانەم دەکرد، کە باوکم کردوونی، تەنها یەک ڕەفتاری نەبێت، ئەویش تا لە ژیاندا بوو، کەمتر ئەو ڕەفتارەیم وەبیری خۆم دەهێنایەوە، کەمتریش ڕووبەڕوو و ڕاستەوڕاست لە خۆمم دەپرسی، تا لە سەرئەنجامدا حوکم لەسەر ئەو ڕەفتارەی باوکم بدەم... ڕەفتارەکەیشی گەلێک نهێنیئامێز بوو، تا ئێستایش وەک گرێیەک لە دڵما مایەوە، دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخسا پێ بە جەرگی خۆما بنێم، بێ شەرم و ترس، پرسیاری لێ بکەم، تا لە دەمی خۆیەوە وەڵامێک ببیستم، داخەکەم باوکم نەما، پرسیارەکەیش بووە گرێکوێرەیەکی سەر دڵم... نەمزانی بۆچی باوکم دەریکردم، لەسەر چی بوو، تۆ بڵێی، ئەو پیاوە خاوەن ئەو هەموو تەجرەبە تێروتەسەلە ئینسانییەی خۆی، ئەوەندە بێڕەحم و ویژدان بووبێت؟ یا شتێکی دیی ئەوتۆی قورس و گرنگ، پەیوەست بە ڕەوشت و بۆچوونی خۆی، ئەم کارەی پێ کردبێت؟ من شیرەخۆرە بووم کە دەرکرام، پێم وا نییە چ گوناهێکم هەبووبێ).

گرێیەکیش نیشتبووە سەر دڵ و دەروونمەوە، ببووە مایەی بەدگومانیم، گەلێک جار بە چپەوە ئەم وشەیەی دەدایە بای گوێما،

تۆ بڵێی هەر لەگەڵ لەدایکبوونم، حوکمی ئەوەم بەسەردا چەسپا، کە دەبێت لەبری گوناهی کەسانی دی، من باج بدەم؟ نازانم ئەگەر وا بووبێت، دیارە میراتگری گوناهێکی گەورەی نادیارم، بەبێدەنگی، تاڵاوی ئەو گوناهەی لەنێو خوێنمدا، هەر هاتوچۆ دەکات، چاوەڕێی هەل و دەرفەتێکە، تا بێئیرادەی خۆم، خوێنم جێ بێڵێ و سەر هەڵبدات و بێتە دەرێ، حەقیقەتی ئەساسیم بسەلمێنێت، سەرئەنجامیش ببێتە ئەستونگەی ڕەفتاری داهاتووم!

نازانم بۆچ ئەو ڕۆژە - ڕۆژی مەرگی باوکم - گومانم لە دایکم پەیدا کرد... تۆ بڵێی دایکم داوێنپیس بووبێ؟

خۆ چ کەسێکی دێیەکەمان، بە گەورە و بچووکەوە، لە ژن و پیاوەوە، چ قسەو ئیشارەتێکی ئەوتۆیان نەبووە، تا من ئەم گومانەم لا دروست بێت... دایکم یەکێک بووە لەو ئافرەتە بێناو و بێدەنگانەی، کە تەنها ئەرکی بۆشایی پڕکردنەوەیان کەوتبووە ئەستۆ و هیچی تر! چ جارێک لە چ کەسێک باسی شتێکی دایکی خۆمم نەبیست، ناوەکەیم دەزانی و بەس، ئایشێی میرزا ڕەحیم، ئەوەندەشم دەزانی، کە بیست ساڵ لە باوکم منداڵتر بووە، لەبری خوێن و بە زەبری خەنجەر دەیدەن بە باوکم... مردنەکەیشی وەک ژیانەکەی بووە، بیرەوەری و ناو و هەموو شتێک پەیوەست بەو بووبێت، هەر هەموو ئەو شتانە نەمان، تەنانەت سێبەری هیچ شتێک لە دوای خۆیەوە جێ ناهێڵێت. دیارە هەر ئەوەندەی زانیوە، ژیانە کولەمەرگییەکەی خۆی پێ بباتە سەر، بایی ئەوەندەش قسەی زانیوە بڵێت (ئا) یا (نا)، پێم وا نییە چ حسابێکی بۆ کرابێ، لەگەڵ ئەوەی ئەم ژیانەی دایکم دەزانم، کەچی گومانیش ڕێی بۆ دەروونم خۆش کردووە.

گریمـان دایکـم داوێنپیـس بووبێـت - کـە ئەمەیـان هەرگیـز بـە عەقڵـی ساتەکانی هۆشـیاری و بێدەنگیمـەوە ناچێـت - گوناهـی مـن چـی بـووە؟

زۆرم پێ سـەیر بوو، چ جارێک دایکم، بە خەونیش نەدەهاتە بەرچاوم، ڕاسـتتر شـێوەی ڕووخسـاریم نەدەناسـییەوە، بـەڵام ئـەو ڕۆژە - ڕۆژی مەرگی باوکم - ڕووخسـارێکی زەینکردی خۆم، بەر دیدەی بـەر نـەدەدام، ڕووبەڕووی وەسـتابووم، هەزار و یەک پرسـیارم لەو ڕووخسـارە دەکرد... ئافرەتێکـی ڕەنگـزەردی شـرپۆش، وەک ئـاژەڵ سـەیرکراو، فرۆشـراو، لـە بـری خوێـن بـەرەو دۆزەخـی شـووکردنی نەریتـی بـاو، کەرئاسـا ڕەشـمە لێکراو، بێدەنـگ، سـەرکوێر، ژێـر چەپۆک، دەبێـت چ وەڵامێکـم بداتـەوە؟

ئـەو ڕۆژە هەنـد بەتوڕەییـەوە دەمڕوانیـە ئـەو ڕووخسـارە زەنکـردەی خـۆم - کـە گوایـە ڕووخسـاری دایکمـە - ئاگـری کەرایەتـی لـە چاوانمـەوە دەردەپـەڕی... دایکـی نەمـاوی بێدەنـگ چ وەڵامێکـم بداتـەوە؟

باوکـم هـەچ ڕەفتارێکـی کردبـوو، تـا ڕادەیێـک پاکانـەم بـۆ دەهێنایـەوە، تەنها لـە مەسـەلەی مـن و دایکـم نەبێـت، کـە هـەر وەبیـرم دەهاتـەوە، هـەر ئـەوە بـوو لـە داخانـا نەدەتەقیـم... لـە خۆمـم پرسـی:

- گـەر حـەز لـە کچێـک بکـەم، ئەویـش دڵـی بـە منـەوە بێـت، وەک دەسـتووری کوردەواری چەنـد جارێک بچمـە داخوازیی، بیانـووی گـەورەم پـێ بگـرن، چ دەکـەم؟

ئەڵبەتـە هەڵیدەگرم... باوکیشـم هـەر وای کـرد، کەچـی لـە دوو سـەرەوە ئەنگاوتیـان و جەرگیـان ئـاودا، یەکـەم دڵخوازەکەیـان کوشـت، ئەمیشـیان برینـدار کـرد، دووهەمیـش بەدناویـان کـرد.

گـەر لەسـەر کەرێـک، کەسـێکم لـێ بکـوژن، وەک یاسـای عەشـایەر و

لادێنشین، گەر کوێرە خوێنەوارییێکم هەبێت، کاردانەوەی من چ دەبێت؟ ئەڵبەتە تۆڵە دەسێنمەوە، باوکیشم هەر وایکرد... دووبارە باوکم لە دوو سەرەوە تووشی نەهامەتی هات، یەکەم، خۆشەویستانی خۆی کوژران، دووهەم، خستیانە باخەڵی ئافرەتێکەوە، کە ڕەنگە بە خەونیش نەهاتبێتە بەر چاوی، لەگەڵ هەموو جووتبوونێکیا، خوێن و تارمایی کەسی کوژراو تێکەڵ بە لەزەتی ببن... دەشێت لەو کاتەدا دەنگی خوێنەکەی بەچرپەوە پێی بڵێت: (ئەمە بوو نرخی من) پاشانیش لەم نالەزەتی بێزەدا (منێک) بێتە بەرهەم! دەبێت چ بەرهەمێک بم؟ تف بەرەو کوێ هەڵبدەم؟ بەرەو ژوور؟ دەکەوێتە سەر ناوچاوانی کێ؟ بەرەو خوار؟ دامێنی کێ دەگرێت؟ گریمان باوکم بە پێی ئەو هەموو حیساباتە عەشایەرییانە، هەندێک حەقی هەبووبێ لەگەڵ دایکما سارد و کەمدوو بووبێت، بەڵام لەگەڵ مندا بۆ؟ تۆ بڵێی باوکم دەمارێکی شێتانەیشی تیا نەبووبێت؟ یا نهێنییێکی گەورەی ئەوتۆ لە گۆڕێدا بووبێت و تا مردنیش نەیدرکاندبێت و لەگەڵ خۆیدا بەرەو خاکی بردبێت؟

هیچ کات ئەوەندەی ئەو ڕۆژە لە یەک کات و شوێندا بەزەیی و ڕقم بۆ باوکم تێکەڵ نەبووبوو، نەگەیشتمە چ قەناعەتێک، زیاتر شتەکانم لا ئاڵۆزتر بوو، زیاتر ڕەشبین و بەرچاوڵێڵتر بووم... تەنانەت گومانم لە خۆم، لە بوونی خۆم، لە دەوروبەرم پەیدا کرد، گومانێک، سێبەرئاسا لەگەڵ هەموو قسە و ڕەفتارێکما، ئاوێتەی جۆرە سڵ و باوەڕنەکردنێکی ئەوتۆ بوو، کەم شتی ڕاستم بە ڕاست دەزانی، زیاتر تەمی گومانم دەئاڵاندە قەد شتەکانەوە.

(حەمە شێت)ی خاڵۆم وەک باسی دەکەن، هەر لە منداڵییەوە شێتۆکە بوو، بشێت شێتایەتی نەخۆشییەکی ویراسی خانەوادەکەیان نەبووبێت، دایکیشم گیرۆدەی هەمان نەخۆشی نەبووبێت، باوکیشم بە ئازاری ئەو

نەخۆشییەی دایکم تلابێتەوە، منیشی هەر بەهەمان ڕەچەڵەک لە قەڵەم دابێت... گەر واش بووبێت، خۆ ئەمە نابێتە مایەی ئەوەی منی شیرەخورە دەرکرێم... لەم دواییەدا باوکمم گەلێک خۆش دەویست، شانازیم پێوە دەکرد، بەڵام ئێستا ناتوانم قەناعەت بە خۆم بێنم و بڵێم: بە دڵ لەو کارەی دەبووروم... نەخێر، هەرگیز لێی نابوورم، بە هیچ جۆرێکیش گەردنی ئازاد ناکەم... باوکم کە لە ژیاندا بوو، بۆشایی ئەم پرسیارانەی بۆ پڕ کردبوومەوە، وەنەبێ هەندێک جار تارمایی ئەم پرسیارانە بە بەر دیدە و مێشکما گوزەری نەکردبێت، بەڵام لەگەڵ نەمانی باوکما، ئەم بۆشاییە بەرینتربوو، بە شێوەیێک ئەم بۆشاییە دەمی داچەقاند، سەراپای بیر و بۆچوون و پرسیارەکانی تەمەنی هەڵدەلووشی و بێ ئەوەی وەڵامێکی بەجێ وەدەست بێنم و ئەم دڵە دێوانەیەم داساکێنێت، ساتەوەختێک ئارام و ڕوو بکاتە ئەم ژیانە دۆزەخەم...

پێم وابوو، هەموو کەسێک، ئەو کەسانەی ژیانی ڕۆژانەم لەگەڵدا بەسەر دەبەن، لە مزگەوت و تەوزیع، لە پەنا بەرد و نێو بەفر و ئەشکەوت، لە حەرەسیات و کەمین، هەموو ئەو هاوڕێیانەم هەست بەو گومانەی من دەکەن... هەر چەندە هەوڵم دەدا ڕێ لەو گومانە ببڕم، کەچی ڕووخسارە زەینکردەکەی خۆم - کە گوایە دایکمە - بەبێدەنگییەوە دەیڕوانییە ڕەفتار و قسەم، هەر بەبێدەنگییەوە ئەزیەتێکی ئەوتۆی دەدام، ڕۆحی ژانگرتوومی دەهەژاند... گەلێک جار لە ئاستی بێدەنگی ئەو ڕووخسارەدا سەرزەنشتی خۆمم دەکرد. (نابەجێیە گومان لە دایکی خۆت بکەیت).

هەوڵم دەدا دڵی خۆم بەوە بدەمەوە، کە ژیانی لادێ و دنیای لادێ، هەند بەرین نییە شتی تیا ون بێت، لە دێدا، بچووکترین ڕووداوێ، پاش ڕۆژێ دووان، ئەمسەر و ئەوسەری دێیەکانی دەوروبەریش دەیکەنە

بنێشتەخۆشە... خۆ هەر لە دێیەکەی خۆماندا، دەگێڕنەوە:

(فاتەیان سواری کەر کرد، هەرچی خۆڵ و دۆی ئەو ناوە هەبوو هەموویان کردە سەری... ڕەعنا بە جۆرێک لە دێدا دەرکرا... هەر نەبێتەوە، پاشانیش لووت و گوێیان کرد... ببووە (پەن).

دڵم هەر ئاوی نەدەخواردەوە... یا دەبوو پڕ بە دەم تف لە قەبر و ڕەفتاری باوکم بکەم، یا بە هەر جۆرێک بێت پاکانە لەسەر حیسابی بەدناوکردنی کەسێکی دی بۆ باوکم بێنمەوە... ئەم دوو شتە هەند قورس بوون، بەرداشئاسا من لە نێوانی ئەم دوو شتەدا، خەون و پرسیار و هیواکانم دەهاڕدران... لەرز دایدەگرتم، کە جار جار زیاد لە پێویست بەرەو بنج و بناوانی ئەم هەستەم دەچووم... سەرئەنجام ناچار دەبووم، تف لە بیرکرنەوەی بەدگومانی خۆم بکەم... جا کەی (تف) دەتوانێت ئاگری دۆزەخی دەروونم بکوژێنێتەوە، کەی تف ئاگر دەکوژێنێتەوە... پێم وابوو تفەکەی من بەنزین ئاسا ئاگری دەروونمی زیاتر دەگەشاندەوە...

ئێستا، لەم وەزع و حاڵەمدا، ناتوانم ڕادەی ڕقی ئەوسام دەرببڕم... ئیتر نازانم پاش ئەو ڕۆژە چەند ڕۆژێک بوو، ماتەمینییەکی ئەوتۆ دایگرتبووم، چ وشەیێکی دەروونی پەنگاوەم، ڕێی سەربەرزکردنەوەی نەبوو... لەگەڵ ئەو کەیلییەمدا، خۆشەویستییەکی پتەوتر لەنێوان من و مەحمودی برامدا گەشەی دەسەند... بێ یەکدی ئیدارەمان نەدەکرد، تەنانەت لە تەوزیعبوونیشدا بۆ یەک ماڵ دەچووین، گەلێک جار لە نۆبە حەراسەتی مندا، ئەویش بێدار دەبوو، منیش لە حەراسەتی ئەودا، ئێشکم دەگرت... ئەگەرچی ئەو بەتەمەن لە من منداڵتر بوو، بەڵام لە من زیرەکتر بوو، عەشایەر و پێشمەرگە، گەورە و بچووک، خۆشیان دەویست، گوێیان لێ

دەگرت، ئەو لە من زیاتر خۆی هان دەدا، شەونخونی دەچێژت، بێ سڵ و شەرمکردن بە سۆراغ و پرس، خۆی وا لێ کرد بە جوانی لەو کتێبانە حاڵی دەبوو - کە دەیخوێندەوە، هەمیشە لەنێو جانتایەکی تایبەتی چەند کتێبێکی بەبەهای پێ بوو - پاش خوێندنەوەی هەر کتێبێک، بۆی باس دەکردین، زۆر شتی قورسی بۆ شی دەکردینەوە، منیش هەر کتێبێکم دەسکەوتبا - لەو بابەتە کتێبانەی مەحمودی برام حەزی لێ دەکرد - یەکسەر بەرگم تێدەگرت و بۆم دەبرد.

من لە مەحمود زیاتر، پێشمەرگەکانیش لە هەردووکمان بەپەلەتر بوون، تا مەحمود بیخوێنێتەوە و کاکڵەکەمیان بۆ باس بکات... هەر کە پاش تەوزیع و نانخواردن بۆ مزگەوت دەگەڕاینەوە، زۆربەی پێشمەرگەکان حەزیان دەکرد، نۆبەی حەراسەتەکەیان لە سەعات یانزە و دوانزە بەلاوە بێت، نەوەک لەو موناقەشەیە بێبەش بن، کە مەحمود سەری باسەکەی دەگرتە دەست و لەگەڵ کتێبەکەی دەستیا دەیگونجاند، ئیدی موناقەشە، چ بە پرسیار و چ بە شیکردنەوە و ڕەخنە دادەمەزرا، گەلێک پێشمەرگەی نەخوێندەواری تیپەکەی ئێمە، بە عەشقەوە فێرە ئەلف و بێی خوێنەواری ببوون، هەندێکیان بەئاسانی نامەکانی خۆیان دەنووسی، لە موناقەشەدا زۆربەی پێشمەرگەکانی تیپەکەمان دەستووری تایبەتی موناقەشەیان ڕەچاو دەکرد و دەیانگوت (ئەوەی لە موناقەشەدا تووڕە بێت، یا دەنگ بەرز بکاتەوە، یا نۆبەبڕی بکات یا قسەی یەکێکی دی ببڕێت، ئەوا ئەو کەسە کەڵکی موناقەشەی نییە...) وەک ئەوەی پێشمەرگەکان - سەرباری هەموو کاروبارێکی خۆیان - لە دانشگا بن، ئاوها لە مزگەوت و پەنا بەرد و ئەشکەوتا، خۆیان فێر دەکرد، چەن جارێک مەحمودی برام بە پێشمەرگەکانی دەگوت:

- بەڵێ، ئەم ژیانەی ئێمە دانشگایە... ئەم برسێتی و دەربەدەرییەمان

ئەلف و بێی وانەکانی سەربەستییە... ئێمە لەم وەزع و حاڵەماندا چێژ لە هەردوو لایەنی وانەکان وەردەگرین، یەکەمیان، وەک پیت و وشە، زاخاوی مێشک و پەرە بە ڕۆشنبیری خۆمان دەدەین، دووهەمیش، ناوەڕۆک و مانای وشەکان بە قەوارە حەقییەکە، دەبێتە خوێنی ڕەفتارمان... سەد ئافەرین بۆ ئەو کەڵەپیاوە نیشتمانپەروەرە و نەتەوەپەرستەی ئەڵمانیا، کە فەرموویەتی: کۆیلایەتی چاکترین قوتابخانەیە، ئا لەوێدا، گەل فێری وانەکانی سەربەستی دەبێت.

ئیدی من و مەحمود و پێشمەرگەکان، جۆرە هاوڕێیەتیەکی بەتینی ئەوتۆ بە یەکەوەی بەستبووین، ڕۆژ بە ڕۆژیش پتەوتر دەبوو.

***

پێری، بەپەلە مەحمودیان بەرەو سەرکردایەتی بانگ کرد، دوێنێ گەڕایەوە، هەر زوو هەموو پێشمەرگەکانی کۆ کردەوە، لە پێشدا کۆبوونەوەی لەگەڵ ئامرکەرتەکاندا کرد، پاش کۆبوونەوەکە، چووە سەر بەرزییەکەوە، ڕووی دەمی لە هەموو پێشمەرگەکان کرد:

- براینە، ئیشی ئەمجارەمان گەلێک سەختە... پاشان ئامرکەرتەکان نەخشەی دیاریکراوتان بۆ ڕوون دەکەنەوە، ئەڵبەتە ئەوەش دەزانم مژدەیەکی مەزنە بۆ ئێوە، ئەویش پەیوەستە بە ئومێد و هیواتانەوە، پێم وایە دەزانن چیم مەبەستە و دەبێت چیش بکەین، دڵنیام زۆرتان پێ خۆشە، کارێک بکەین، لە دنیا و لە دوژمن بگەیێنین، کە نەک تەنها هەین و هیچ هێزێ نییە لەناومان ببات، بەڵکوو دەبێ ئەو خاکەی داگیرکەر تەراتێنی لەسەر دەکات، لێی بکەین بە دۆزەخ و ناوچەیێکی دیاریکراو لە گلاوی و پۆخڵییان پاک بکەینەوە... جا لەبەر ئەوە، بەپێی تەجرەبەی یەکدی ناسین و هاوڕێیەتی و دڵنیاییم لە دڵسۆزیتان، بێپەروا هەموو

شتێکی پێویستتان بۆ باس دەکەم.

ئەویش شۆڕش بە نیازی هەنگاوی گەورە و قورس، بە نیازی گۆڕینی نەخشەی شەڕ و دارشتنی بناغەی نوێ بۆ شەڕی پارتیزانی، ئەوا لە شۆڕشی نوێماندا بۆ یەکەم جار دەستی پێ دەکەین، ئەویش چەند تیپێک، بەپێی نەخشەیێکی مەحکەم، لە یەک کات و شوێندا هێرش دەبەین... شوێنێکی دیاریکراویان بۆ تیپەکەی ئێمە داناوە، لەبەر ئەوەی من خۆم خەڵکی ئەم ناوچەیەم، بست بە بستی شارەزام، ئەو هەشت ڕەبیەی دەوری گوندە خاپوورکراوەکەی ئەودیوی، ئەم زنجیرە چیایەی بەرانبەرمانیان پێ سپاردووین... جا هەر ئامرکەرتە دێ و شوێنی خۆی، ڕێی کشانەوە، جێی کۆبوونەوەی پاش هێرش و ڕەبیەی خۆی بۆ دیاری کراوە، دەستەکانی هجوم دەستنیشان کراون، نارنجۆکی پێویست و سەعاتی سفر و کەلیمەی سر لە کاتی خۆیدا دابەش دەکرێت و دەگوترێت... هەروەها دەلیل و فیشەک و پێویستییەکانی دیش ئامادە کراون، ئەڵبەتە بە نیسبەت تیپەکانی دیشەوە، وەک ئێمە، هەموو شتێکیان بۆ دیاری کراوە، گەلێک مەفرەزە و کەرتی دیش، بە درێژایی شەست کیلۆمەتر لە ئەملا و ئەولای جادەی قیردا کەمین دادەنێن و ئامادەن... هەموو ئیحتیاتێکی پێویست وەرگیراوە... دوا قسەم ئەوەیە، پاش نانخواردنی ئێواری، هەر پێشمەرگەیە بایی سێ ژەم نان لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت، ئیدی پێویست ناکات بڵێم، ئەمشەو چ کەسێک بە چ لایەکدا نەچێت...

***

لە کوێرە گوندێکی خاپوور، پێشمەرگە هەندێک ماڵی تیادا ئاوەدان کردبۆوە، لەوێدا بووین کاتێ مەحمودی برام ئەم قسەی کرد، هەر کە

ئەو قسەکانی تەواو کرد، شادییەکی زۆر سەیر نیشتە سەر ڕووخساری سەراپای پێشمەرگەکان، زەردەخەنەی گەش، بەختەوەرییەکی بێدەنگ تێکەڵی چەکەکانیشیان ببوو، کە زۆربەیان بێئیرادە بەنەرمییەوە دەستیان بەسەر چەکەکانیاندا دەهێنا! منیش یەکە-یەکە سەرنجی پێشمەرگەکانم دەدا، پرسیارێکی بێدەنگی من، خەرمانە ئاسا بەسەر سەری یەک بە یەکی پێشمەرگەکاندا لەنگەری دەگرت:

(ئەمجارەیان کام یەک لە ئێمە شەهید دەبێت).

چاوم بەسەر دوا کەسدا گێڕا... ئەوە هۆشیارە، تەمەنی بیست ساڵە و دە پارچە زیاتر بە لەشییەوەیە، گەلێک ئازا و چاونەترس و چاپووکە، هەمیشە خۆی بۆ دەستەی هجوم هەڵدەبژێرێت، تاقانەی ماڵە، گەلێک بێدەربەستە، هەر جارەی کە بریندار دەبوو، لە کشانەوە و ئیسراحەتدا پێیان دەزانی، باوکی دەوڵەمەندە و گەلێک جار پارەی بۆ دەنێرێت، هۆشیاریش هەندێک جار بەشێک لە پارەکەی دابەش دەکاتە سەر پێشمەرگەکانی هاوڕێی...

تۆ بڵێی ئەم جارە و لەم کارە قورسەماندا شەهید نەبێت؟ ئەویش سیروانە، هەڵەشە و سەرەڕۆیە، هەر مل دەنێت و سەرچڵی دەکات، گەلێک جار نەخشەی تێکداوە و لە خۆڕا، بە تاقەنەفەری چووەتە سەر ڕەبیەکان، یەک - دوو تەقەی کردووە و کشاوەتەوە، ئیدی ڕەبیەکانیش، تا بەرەبەیان بە هەموو جۆرە چەکێک کوێرانە تەقەیان کردووە. گەلێک جار لەسەر ئەم کارانەی موحاسەبە کراوە و هەموو جارێکیش کە لێیان دەپرسی بۆ وات کردووە، دەیگوت حەزم لە بێدەنگی نییە، ئەم تەقە و گرم و هۆڕە بوونی شۆڕشگێڕیم دەسەلمێنێت، لە لایێکی دییەوە بوونی داگیرکەریی (ئەوان) دەخاتە ڕوو، ئەم تەقانە ڕقم دەمەزەرد دەکەنەوە...

هەند سەرەڕۆ بوو، دابینكردنی گەلێک زەحمەت بوو، بەدزییەوە دەچووە یەكێک لە شارەكانەوە، چالاكییەكی ئەوتۆی دەكرد، پێشمەرگاكانی ناچار دەكرد، بەوپەڕی ڕێزەوە پێشوازی بكەن... سیروان وەک لە ڕەفتاریدا توونـدڕەو بوو، لە گرفتاریشیا توونـدڕەو و قسەلەڕوو و بەجوورئەت بوو، چەند جارێک گوێم لێ بووە بە مەحموودی برامی و گوتووە:

- كوڕی باوكم، ئەگەر پێشمەرگەی وەكوو من نەبێت، تۆ سەرتیپی چیت؟ نەک تۆ، بەڵكوو ئەگەر ئێمەی پێشمەرگە نەبین، سەركردە و مەركردە چین؟ تۆ و ئەوان بە ئێمەوە هەن، گەر ئێمە نەبین، پێم ناڵێیت ئێوە چین؟ ئیتر پێویست ناكات وا بە ڕەقییەوە موحاسەبەمان بكەن... زۆر شت هەن من نایانزانم و ناشمەوێت فێریان ببم، بە هیچ جۆرێک نامەوێت وێنەیەكی ماكیاجكراوی دوژمنم بۆ بخەنە ڕوو، لە عەقڵی مندا دوژمن دوژمنە و دەبێت بە خوێنی خۆی شوێن پێیەكانی لەسەر ئەم ئەرزە داگیركراوەمدا بسڕمەوە... بۆیە هەر فرسەتێكم دەست بكەوێت بە ئاستەم لێی لانادەم، تەنانەت تەقە لە سێبەرەكانیشیان دەكەم... گەر وا نەكەم، زۆرم بێز لە خۆ دەبێتەوە... بۆیە پێشمەرگەم، تا زەبر بنوێنم، دەنا پێشمەرگایەتی بێ زەبر نواندن دەبێتە چاوشاركێ و یاری پشیلە و مشک... من گەمە ناكەم، من كوردم.

سیروان بەقەد ئەوەی قسەی ڕەق بوو، بەڵام هەند شانازی بە نەتەوەكەیەوە دەكرد، پیاوی ناچار دەكرد گوێ لە قسەكانی بگرێت، بە تایبەتی كە بەزەوق دەبوو و دەیگوت:

- تەنها یەک شت دەزانم، ئەو شتەیش حەقی داوە بە ڕەفتارەكانم، ئەویش ئەوەیە، كوردم، زوڵم لێكراو و دەربەدەركراو و چەوساوەم - هەر تەنها لەبەر ئەوەی كە كوردم - بۆیە خۆم بە ناحەق نازانم، گەر

زاڵمی خۆم بە گون هەڵبواسم، بیکوژم،ماڵی بەسەردا وێران بکەم، ئەرز و ئاسمانی لێ بکەم بە ئاگر، تا لەسەر زەویمدا بن و داگیرم بکەن، مریشکەکانیشیان دەکوژم... خوێندنم تەواو نەکردووە، زۆریش دنیادیدە نیم و لەناو ئێوەدا، فێری هەندێک قسەی زل بووم، پێم وایە هەرچی دین و ئایینێک هەیە، هەرچی فکر و فەلسەفە هەیە، تەنانەت خواش ئەم کارەی من بە خوێنڕێژی نازانێت، بە عیبادەتی ڕاستەقینەی ڕێی تێکۆشانی ئینسانی و بۆ ڕزگارکردنی ئینسان ئەم کارەم لە قەڵەم دەدەن، تا هەناسەشم تیا مابێت، هەرگیز بەزەییم بە داگیرکەر و زاڵمدا نایێتەوە، ئێوەش بە چ چاوێکەوە سەیرم دەکەن، ئەوا کەیفی خۆتانە...

گەلێک جاریش (سیروان)م دەبینی زۆر بە سۆز و بەزەییەوە لەگەڵ دیلە داگیرکەرەکاندا، کە سیروان ناوی لێنابوون (مقاشی دارینی دەستی داگیرکەری گەورەتر)، ڕەفتاری دەکرد...

هەر کەسێکش بە لاچاو سەیری سیروانی کردبا، ئەویش وەک ئەوەی لە فیتی خۆی تێبگات، یەکسەر وەڵامی سەرنجەکەی دەدایەوە:

- برا، ئەم ژیانەی ئێمە زانکۆیە... دەرسێک دەخوێنین، بە داخەوەم زانکۆ ڕاستەقینەکان لەم دەرسە عەمەلییە بێبەرین!

(سیروان) دوو خوشکی عازەب و باوک و پیرە دایک و برایەکی چکۆلەی لە شاردا جێ هێشتبوو، ناخۆشترین قسە بەلای سیروانەوە ئەوە بوو، کە یەکێک لێی پرسیبا، ئەرێ ئێوە کێ کاسبیتان بۆ دەکات و بە چیی دەژین؟

زۆر بەدەمارگیرییەوە وەڵامی دەدایەوە:

- بە گوو... بە بەرد و بە هەوا دەژین... گەدەی فەقیر بەرداشە

و هەموو شتێک دەهاڕێت... دایکم نانەوایی ماڵان دەکات، خوشکەکانم خەیاتی دەکەن، باوکیشم حەماڵە و برا چکۆلەکەشم شاگردی چاییچییە... ڕەنگە هەندێک ئەحمەق و گەوج بڵێن: چاکە، بۆچی خزمەتی ماڵ و کەسوکارت ناکەیت، لەم ڕۆژەدا ئەوان زیاتر پێویستیان بە تۆیە...

ئەوانەی کە دەڵێن، یا نیازیان وایە وا بڵێن، هەر تەنها ئەحمەق نین، بەڵکوو بەرانبەر بە میللەت و خوشیان بێئەخلاقن... بۆ چ ماڵە کوردێکی بەشەرەف و تێکۆشەر هەیە - لە مەیداندا بن - وەزعیان وەکو ئێمە نەبێت. بۆ هەر دایک و باوکی من برسی و کوێرەوەرن، یا سەراپای بەشەرەفانی میللەتەکەم وەک ئێمەن.

گەلێک جار، کە زیاد لە پێویست تووڕە دەبوو، دەیگوت:

- گەر خوشکەکانم گانیش بدەن، لەو ئافرەتە(تیرانە) شەریفترن، کە لە ئاستی داگیرکەر بێدەنگن و بە ڕوویانا پێدەکەنن، دەست بە دەرپێکانی خۆیانەوە دەگرن، نەک ڕەشەبا و زریانی تێکۆشان و لەخۆبوردوون بیبات... گەر سبەینێ لە نێوانی دوو کاردا خۆم ببینمەوە، پێتان وایە چ دەکەم. گەر باوک و دایک و برا و خوشکەکانم لە برسانا بمرن، منیش توانای ئەوەم هەبێت - پاش ئەوەی تەسلیم ببمەوە - نانیان بۆ پەیدا بکەم و لە مەرگی حەتمی ڕزگاریان کەم... لەملاشەوە میللەتەکەم وەکوو ئێستا پێویستی بە پەنجەی نەترس و چاوی زیت هەبێت، بۆ ترازاندنی پەلەپیتکە و ڕاگرتنی لەشی داگیرکەر لەنێو سێرەی تفەنگ، ئەمە هەردووکی بۆ من لە یەک کاتدا بێت، من، بەڵێ من، گەر پەنجەم بۆ ترازاندنی پەلەپیتکە نەخەمە کار و چاوم نەخەمە سەر سێرە، بە خوێنی لەشی بەرانبەری نێو سێرە چاوم نەڕێژم، خۆم، بەڵێ خۆم بە ئینسان نازانم... جا تف لەو ژیانە نەبێت مرۆڤ تیایدا بژێت و ئینسان

نەبێت! گەلێک سەربەرزییە بە بێکەسی و برسیەتی لەنێو چیا و چۆڵدا بمێنیتەوە و وەکوو ئینسان ژیان بگوزەرێنیت... هەر کە هەستم کرد ئینسانم، هەست دەکەم سەربەستم، من سەربەستم، ئینسانی خۆم بە هیچ شتێکی ئەم دنیایە ناگۆڕمەوە... ژیانی ئینسانیم ئەوەم بۆ دەچەسپێنێت، کە سەربەستم، لە هەڵبژاردن، بڕیاردان، بەرپرسیاری... گەر ئەم سێ کۆڵەکەیەم لێبکەنەوە، ئیدی چ پاکانەیێک بۆ ژیانم نامێنێت...

(سیروان) یەکێک بوو لەو کەسانەی کە خۆی، خۆی بەخێوکردبوو، کە قوتابی بوو، پاش هەموو پشوویەکی سەری ساڵ، کرێکاری دەکرد، یارمەتی کەسوکاری دەدا، گەلێک کتێبی - پێویستی - بۆ خۆی دەکڕی، بەوردی تاقیکردنەوەکانی ژێردەستە و چەوساوە و تێکۆشانەکانیانی دەخوێندەوە... هەر کە شۆڕشی نوێ سەری هەڵدا، خۆی وەتەنی، بە ئەوپەڕی ڕێزی نوشست دیدەییەوە، شۆڕشێکی شەهیدکراو بە ئاشبەتاڵێکی قێزەون سپارد - لەگەڵ ئامۆزاییکیدا بوو بە پێشمەرگە، پاش یەک - دوو ساڵێ - کە تەنها کەڵەمێردانی میللەت تەحەمولی دەکەن - ئامۆزاکەی لە شەڕێکدا بەردەکەوێ، گوللەیێک بەر سنگی دەکەوێت، هەر پاش شەڕەکە سەری ئامۆزاکەی لەسەر دەستی سیرواندا دەبێت، گیان دەسپێرێت و شەهید دەبێت...

شەهیدبوونی ئامۆزاکەی، بە جۆرێ کاری تێکرد، زیاتر ڕقئەستوورتری کرد، فێری ئەوەی کرد چ ترسێک ڕێ بۆ دەروونی خۆش نەکات، ئامۆزاکەی، لە هێرشبردندا، لەنێو ڕەبیەدا بریندار بوو... هەر کە من پاش قسەکانی مەحمودی برام سەیری سیروانم دەکرد، ئەو دەستوورە تایبەتییەی سیروانم دەهاتە پێش چاو، کە بەلای سیرواندا ببووە ڕەوشت، ئەویش بەر لە هەموو پێشمەرگەیێک خۆی بگەێنێتە نێو ڕەبیە و بە نارنجۆک بێتە دەست!

هەر چەند سەیری ڕووخسارە بزەئامێز و گەشەکەی سیروانم دەکرد، ئەو ساتەم دەهاتە پێش چاو، کە چۆن سەرچڵی دەکات و مل دەنێت و بەرەو پێش دەچێت و گوێ ناگرێت... هەموو مەبەستێکی لەوەدا کۆدەکاتەوە، کە چۆن بەر لە هەموو پێشمەرگەیێک هێرش ببات و بچێتە نێو ڕەبایەکانەوە... جا ئەم زووتر دێتە دەست، یا لەم چاپووکتر دەبن... ئەوەیان گرێیەک بوو تەنها بە سەرنجێکی کەیلی پڕ ماناوە ئالاندبوومە قەد ڕووخسارە گەشەکەی سیروانەوە...

(سیروان) وەک هاوڕێی پێشمەرگایەتیم بوو، برایەکی گەورە و مامۆستایەکی بەڕێزی من بوو، نەک لە قسەکانی، بەڵکوو لە ڕەفتارەکانی گونجاو و ڕێک و بەجێیەکانی فێری زۆر شت ببووم... یەکەم شتێک ئەوە بوو سیروان حاڵی کردبووم، دەبێت خۆم بسەلمێنم، دەورووبەر ئاگادار بکەم، بێدەنگی شەقار بکەم، کە هەم هەر هیچ نەبێت بەرەو ئاسمان تەقە بکەم و بێدەنگی بشڵەژێنم، هەر کە سیروانم بینی، لەگەڵ قسەکانی مەحمودی برامدا دەژی و خەریکە تووشی شاگەشکە بێت، منیش خەریک بوو لە خۆشیا پەڕوپۆ دەربکەم و باڵ بگرم... هەر هیچ نەبێت تەقە دەکەین و گوێمان لە تەقە دەبێت...

هەر چەن سەیری ڕووخساری سیروانم دەکرد، ئەو ساتە ناهەمووارە لە مێشکمدا لەنگەری دەگرت، کە دەبیسم سیروان بەسەرەڕۆییەوە هێرش دەبات... پێم وا بوو ئەمجارەیان حەوت ڕۆحی هەبێت دەرباز نابێت... بەسۆزەوە سەرنجم لەسەر سیروان گواستەوە، یەکسەر سەیری ڕووخسارە گەنم ڕەنگەکەی ئازادم کرد... وەک هەمیشە بێدەنگ بوو، دەستی نابووە ژێر چەنەی و بەوردییەوە گوێی هەڵخستبوو، سەیری دەورووبەری دەکرد، بە ئازاد قەناس ناسرابوو، هەند دەست ڕاست بوو، گرەوی لەسەر دەنووکی کەو دەکرد! هەمیشە لەگەڵ دڵدارەکەیدا

بوو، بۆ یەک دەقیقە لێی جیا نەدەبووەوە، گەلێک جار بە دەنگی بەرز دڵدارەکەی دەدواند (بێ تۆ، ژیانی من مردنێکی سەرشۆڕانەیە... تۆ بۆ من ڕۆحیت... تۆ بۆ من ناسنامەی پیاوەتیت... من بێ تۆ ئەو کەسەم لە ڕووم نەبێت لەم سەدەیەدا بڵێم کوردم).

هەموو پێشمەرگەکان دەیانزانی (تفەنگە قەناسەکە) دڵدارەکەیێتی، هەندێک پێشمەرگە بە ئازادیان دەگوت (ئازادی عاشق) وەک عاشقێکی داوێنپاکیش دڵداری لەگەڵ قەناسەکەیدا دەکرد، هەمیشە ئاگای لێبوو، تەنانەت هەندێک جار دەیپێچایەوە، بە جۆرە سۆزێکی عاشقانەوە دایدەژەند و چەوری دەکرد و پاکی دەکردەوە... یەکێک بوو لەو پێشمەرگانەی لە قورسترین شەڕدا، پەنجا فیشەک کەمتری دەتەقاند، تفەنگەکەشی وەک خۆی کەمدوو بوو، بەڵام گەر دوابان، یەکسەر شوێنی کاریگەریان دەپێکا... ئازاد گەلێک ڕقی لە زۆربڵێیی دەبووەوە، هێمن، لەسەرخۆ، خۆشەویست، گەلێک جار سیروان تووڕەی دەکرد، ئازادیش پێی دەگوت:

- نانێک بخۆ و نانێکیش بکە بە خێر بۆ ئەم دەزگیرانەی من... قەلپیاو، گەر ئەمە حیمایەت نەکات، تۆ ناتوانی ئەوەندە کەشوفشمان بەسەردا بکەیت، هجومکردنی تۆ بە پشتی ئەم دەزگیرانەی منەوەیە... سیروانیش بۆ ئەوەی زیاتر قەڵستری بکات دەیگوت:

- کوڕی باوکم، دەزگیرانی تۆیە، هۆ هی...

نەیدەهێشت قسەکەی تەواو بکات، ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕا و بەتووڕەییەوە پێی دەگوت:

- فلتەفلت.

ئیدی ڕەنگی ڕووخسارەکەی ئەوەی دەگەیاند، لەمە زیاتر قەبووڵ ناکرێت و لە گاڵتە دەچێتە دەر...

هەر کە چاوم لەسەر ڕووخساری ئازاد لادا، یەکسەر دیمەنی حوسێن خۆی هاویشتە نێو دیدە و مێشکمەوە... حوسێن، حوسێنی دەنگخۆش، ڕووگەش، نوکتەباز و قسەزان، بێدەربەست، خاوەن چوار شەهیدن، دوو برا و ئامۆزایەک و برازایەکی شەهید ببوون، دوو براکەی لە شۆڕشی ئەیلولدا شەهید بوون، ئامۆزا و برازاکەی لە شۆڕشی نوێدا شەهید ببوون، هەرسێکیان لە یەک مەفرەزە بوون، حوسێن ڕێی نەدا فرمێسک لە چاوانییەوە بێتە خوارێ، تەنانەت ڕووە خۆش و زەردەخەنە هەمیشەییەکەی ڕووخساریان جێ نەهێشت، بە هیچ جۆرێک قەبووڵی ئەوەی نەدەکرد، سەرەخۆشی لێ بکەن، دەیگوت:

- ئێمە بۆ ئەوە پێشمەرگەین، شەهید ببین، خۆش بە حاڵی ئەوانەی ئەم شەرەفە مەزنەیان بەردەکەوێت.

حوسێن کە بووە پێشمەرگە، لە دوا ساڵی زانکۆدا بوو، سەرەتا پێشمەرگەکان لەو باوەڕەدا نەبوون کە حوسێن بتوانێت ئەو وەزعە ناهەموارەی ئەوسای پێشمەرگایەتی تەحەمول بکات، چونکە لەو سەردەمەدا - سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ بوو - وەزع هەند ناجۆر بوو، دەبا پێشمەرگە بە ڕۆژ لەچیادا بێت و شەویش هەر ئەوەندە ڕوو لە ئاوەدانی بکەن، یەک - دوو نانێک پەیدا بکەن و بەپەلە بگەڕێنەوە، ئەو ڕۆژانە هەشت - نۆ هەلیکۆپتەر بۆ یەک - دوو پێشمەرگە هەڵدەستان... جگە لەمانەش، هەر لەگەڵ هاتنەدەرێی حوسێن، یەکسەر کەسوکاریان گرت، بەرەو خوارووی عێراقیان ناردن. کەچی بە پێچەوانەی مەزەنەکانی پێشمەرگەکان، حوسێن نەک تەنها تەحەمولی

کرد، بەڵکوو هەند بەگوڕ و بەورە بوو، کەس باوەڕی نەدەکرد، کوڕە خواپێداوێکی وەکوو حوسێن، بە ناز و نیعمەت بەخێوکراو، تا ئەوکاتەی نەببووە پێشمەرگە، چیا و دەشت و دەری نەبینیبوو، تەنانەت جلی کوردیشی لەبەر نەکردبوو، کەس لەو باوەڕەدا نەبوو ببێتە ئەم کوڕە، حوسێن خۆی دەیگوت:

- ئەوەی لە چیا و لەنێو پێشمەرگە و ئەم ڕەش و ڕووتانەی میللەتا فێری بووم، دە قات بەقەد قوتابخانە و دانیشگا بوو... ئێرە پیاو دروست و پوختە دەکات، ڕایدەهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ورەی بەرزەوە ڕووبەڕووی خۆی ببێتەوە.

حوسێن پێی وابوو، ئەو کەسەی بتوانێت بەسەر خۆیا زاڵ بێت، حەز و ئارەزووەکانی خۆی دەستەمۆ بکات، ئەوا هەرگیز نابەزێت، سڵ ناکاتەوە و ڕێی ترس لە خۆی دەگرێت، دەروونیشی خاوێن و بێگەرد دەبێت، لە لایدا وردە پێداویستییەکانی ژیان دەبنە شتی زیادە و بێکەڵک، حوسێن چەند جارێک دەیگوت:

- پێویستی من بە لەتێک نان، پەنا بەردێک، سروشتێکی کێوی، دەوروبەرێکی خاوێن، دڵێکی سافە... ئەمانە بەلای منەوە، کەرەستەی بەهەشتی هەمیشەیی دەروونن، بناغەی سەربەستین... ئای کە حەزم لەو سەربەستییە سەرکێشەیە، کە جڵەوی هیچ یاسایێک نەتوانێت ڕامی بکات... ئەگەرچی لێرەدا ئەو سەربەستە نیم، بەڵام گەلێک جار لە تەنیایی و ڕاماندا تفەنگەکەم بۆم باس دەکات، (ڕێیەکە دیارە و هەنگاوی دەوێت) حوسێن هەمیشە بەرەوپیری هەنگاوی نوێوە دەچوو... هەر کە مەحمودی برام قسەکانی تەواو کرد، خەریک بوو لە خۆشییا تووشی شاگەشکە بێت... هەند کەیفخۆشی بە ڕووخساریەوە دیار بوو، قسەی

پێ نەدەكرا...

سەرنجم لەسەر حوسێنیش گواستەوە، بەوردی سەیری ئەملا و ئەولام دەكرد، یەكە-یەكە پێشمەرگەكان، بۆ ساتەوەختێك، لەنێو دیدەمدا لەنگەریان دەگرت، ئەوە چالاك و جەلال و هۆشیار، بزە نیشتووەتە سەر لێوانیان، بە لاچاوەوە سەیری (ئەحمەد بی كەی سی) دەكەن - كە چوارمشقی دانیشتووە، دەستەكانی هەڵپێكاوە و لەژێر چەنەیدا كردوونی بە دنگەی سەرە زل و مووداره‌كەی، هەردوو ئانیشكیشی چەسپاندووەتە سەر پشتی (بی كەی سی)یەكەی، خێسە لە مام ڕەشیدی باوكی دەكات، ئەم باوك و كوڕە بە هیچ جۆرێك دانوویان بە یەكەوە نەدەكولا، هەردووكیان (بی كەی سی)یان پێ بوو، هەمیشە پرتە و بۆڵەیان بەرامبەر بە یەك هەبوو، (فەرید)یش ئاگرەكەی بۆ خۆش دەكردن... باوك و كوڕێكی سەیر بوون، گەر مام ڕەشید هەشت شریتی لە خۆی بەستبا، ئەحمەد دەی لە خۆی دەبەست، خۆی لەنێو فیشەكدا سوور دەكرد، هەردووكیان حەزیان بەوە بوو لە یەك تێیدا نەبن، چونكە هەر یەكێكیان داوای نەقڵی كردبا، سەراپای پێشمەرگەكان ناقایل دەبوون، گەلێك حەزیان بەوە بوو هەر بەیەكەوە بن... كە ناخۆشییەك دەكەوتە نێوان ئەم كوڕ و باوكەوە، سەربەقوڕیان دەهێنایە پێكەنین، بە تایبەت كە مام ڕەشید بیانووی بە ئەحمەد دەگرت، لەسەر هەر شتێك لێی تووڕەبا، بەم سەرەتایە دەستی پێدەكرد:

- سەر زل ئێژی گای، ئەو ڕۆژە چاوم پێوە بوو بە(بی كەی سی)وە تەقەت دەكرد، بۆ؟ بۆ وەك باوكی خۆت دەست بە فیشەكەوە ناگریت؟ دوو - دوو تەقە بكە، فیشەكی شۆڕش خەسار مەكە...

ئەوجا وەردە وردە دەهاتە سەر ئەو قەوانەی كە دەیان جار لێی

دەدایەوە.

بە حەوت ساڵ لە مەکتەبدا فێر نەبووی ناوی خۆت بنووسی... ئەترسم ئێسا بێژی بوومەتە پیاو و پێشمەرگەم، سا وە سیجزمەی قورعان، چاوی منت پێوە نەبێت، خەڵکی شێر دەیخوات، بەڵام تۆ سەگ وە گووەوە دەتبات...

ئەحمەدیش بێ شەرمکردن یەکسەر بە باوکی گوت:

- ئەرە کێ منت وە پشتەوە نەبم، کەر ئەتخوات.

ئیدی ئەوشتەی لەسەری ناکۆک بوون، ون دەبوو، ج کەسێکیش نەیدەزانی لەسەر چی ئەم باوک و کوڕە، لە وەخت و ناوەختا، ئەم مەراقەیە دەنێنەوە، مام ڕەشید خەڵکی یەکێک لە دێهاتەکانی گەرمیان بوو، هەر لە ساڵەکانی حەفتا دەرکران و عەرەبیان هێنایە دێیەکەیان، بۆیە لەگەڵ ئەحمەدی کوڕیا - پاش ئاشبەتاڵ، دەچنە ئێران و دەبنە پەناهەندە... درەنگوەخت دەبیستن، شۆڕشی نوێ سەری هەڵداوەتەوە، بە هەر جۆرێک بێت دێنەوە ئەمدیو، بە ئازاریەتی خۆیان جێ بۆ خۆ دەکەنەوە... ئەحمەد گێلۆکە بوو، قەد هیچ شتێک بە مێشکیا نەدەچوو، تاقە شتێک کە تێیدا کارامە و لێهاتوو بوو، شەڕکردن بوو، وەک ئەوەی بۆ شەڕکردن لەدایک بووبێت، هەموو هونەرەکانی شەڕی دەزانی... کەچی نەیشیدەزانی بۆ شەڕ دەکەین... زۆر جار (فەرید) سەری دەنایە سەر و پێی دەگوت:

- چاکە کاکە ئەحمەد، ئێمە ئەم شەڕە بۆچی دەکەین؟

- جارێ بێژە ئەحمەد بی کەی سی.

- چاکە کاک ئەحمەد بی کەی سی بۆچی شەڕ دەکەین؟

- بۆ نەوت...

- چی تریش؟

ئەویش ئەو بهاتایەتە سەردەمی، لەخۆڕا ملی پێوە دەنا دوا وشەیشی لەسەر (نەوت) دەگیرسایەوە و دەیگوت:

- نەوتمان دەوێت... تا نەیێژی کورد نەوتی نییە.

- ئێ ئەوە وتمان نەوت... بەلام چۆن؟

- برابەشی دەکەین.

- چۆن؟

- وە تەنەکە!

- ئاخر چۆن؟

- چۆن چۆنی چی؟ بەشی دەکەین و ئەهـ..

- ئێ، باشە نەوتەکە؟

فەرید ئەم پرسیارەی دەکرد، نەیدەهێشت وەلام بداتەوە. یەکسەر بە پرسیارێکی دی، باسەکەی لا دەگۆڕی.

- ئەرێ، بۆمەسەلەکە، ئەوەی کە هەر خۆم و خۆت دەیزانین... چیت کرد.

- دەیتێرم.

- دەزانم... بەڵام کەی؟

- با ببین وە حوکمەت!

- چ حوکمەتێ؟

- حوکمەت، حوکمەت... حوکمەتی کورد!

- دەزانم حوکمەتی کورد، بەڵام چۆن؟

- توو خوا کا فەرید، سەر مەنێ وە سەرمەوە... ئێژم گاڵتەم پێ مەکە.

- بە سەری تۆ گاڵتە ناکەم... حەز دەکەم بزانم چۆن حوکمەتێک؟

- ئێژم حوکمەت بڕیاوە! نەوتمان دەبێ... تەیارەمان دەبێ، تۆپمان دەبێ... ئیتر هەموو شتێ وە کوردی دەبێ... عارەوەکانی دێیەکەمان دەردەکەین و دەیانئێرینەوە بۆ جەحەنەمەکەی خۆیان... سکەمان دەبێ... (عەلەم)مان دەبێ... کا فەرید ئیتر مەیێژە ئەحمەد بێ کەی سێ هیچ نازانێ...

- کەی من وام گوتووە؟

- ئەزانم هەر ئێژیت.

- نە بە سەری تۆ.

- وە قەبرەکەی باوکت هەر ئێژیت... دەزانم.

فەرید دەیزانی لەمە زیاتر بڕوات، خەستتر دەبێت، ئەوجا بەپێی حەزی ئەحمەد قسەی دەکرد.

- وا بزانم هەر ئەو (چاوجوانە پرچزەردە کەڵەگەتەی) کە خۆم و خۆت دەیزانین، هەر ئەو دەهێنێت.

- کا فەرید کەشپی مەکە*.

- نا... کەشفی ناکەم، بەڵام من بزانم، گەر فریای نەکەوی، دەیدەن بە شوو.

- وە حەموو عەقڵێکتەوە... حەی چۆن شوو ئەکات، ئەی پێم نەگوتی: گوتویەتی یا کاک ئەحمەد بی کەی سی یا گڵ.

- دەزانم وای گوتووە، بەڵام باوکی بەزۆر دەیدا بە شوو.

- حای... ئەی بۆچی پێشمەرگەم... ئەی ئەم (بی کەی سی)یەم بۆچییە؟

- ئاخر دەڵێم، ئاگات لێ بێت، دەیدات بە شوو...

- ئەگەرەکێ پیاوە دەی، بێژە پێی، ئەگەرەکێ پیاوە با بیدات بە شوو، دەی، دەی دەی...

دە - دوانزە جار لەسەر یەک دەیگوت: دەی، دەی... ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕا، دەمی کەفی دەچڕاند، دووبارە دەیگوت:

- دەی ئەگەرەکێ پیاوە.

---

* کەشپی مەکە: یانی کەشفی مەکە

زۆر بەوردییەوە سەرنجی ئەحمەد و باوکیم دەدا... سووکە پرسیارێک بە مێشکما گوزەری کرد (شەڕی ئەمجارەمان گەلێک سەختە... تۆ بڵێی یەکێکیان شەهید نەبێت... خۆ مام ڕەشید سەرەڕای ئەوەی (بی کەی سی)ی پێیە، بەڵام زۆر جار بە پێوە هێرش دەبات و مل دەنێت، یەکە-یەکە چاوم بەسەر پێشمەرگەدا گێڕا، هەر کە سەرنجم گەیشتە سەر دەست و پێی خۆم، بەرچاوم لێڵ بوو، سووکە سەرئێشەیێک ڕووی تێکردم.

***

هەر کە سەعات گەیشتە دوانزەی شەو، هەموو ئامادە بووین، مەفرەزە، مەفرەزە، بە مەسافە کەوتینە ڕێ... سەرەتا دەبا بە چیاکەدا هەڵگەڕێین و بچینە ئەودیو... شەوێ بوو، چاو چاوی نەدەبینی، هەورێکی تەڵخ بەری ئاسمانی گرتبوو، بەفریش پرووشەی دەکرد، گیانمان بەوە بوو، هەم خۆمان شارەزا بووین، هەم دەلیلەکانیشمان وریا و شارەزا بوون، لەگەڵ ئەمەشدا، دەیان جار پێمان دەخزا و دەکەوتین... یەکسەر ئەو نوکتە باوەی شارانم وەبیر هاتەوە - کە هەندێک پێشمەرگە، لەوەوبەر بۆیان گێڕابوومەوە:

(هەندێک دەوڵەمەندی زەمانساز، لەنێو هەندێک خەڵکی زۆر تایبەتیدا، تەنها بە قسە خەون و ئومێدیان لەگەڵ کورد و سەرکەوتنی کوردستانە، لە ڕەفتاریشدا کارێک ناکەن لەلای دەوڵەت لەکەدار بین... لەلای ئەوانە، شەوی تۆف و کڕێوە و باران، ئەو شەوانەی کە مێردان دەیکەنە قەڵای خۆیان، لەلای ئەوان شەوی پێشمەرگەیە!

(گوایا جارێکیان کابرایەکی خواپێداوی دەست بە کڵاوی خۆ گرتووی بە ڕواڵەت لەخواترس، لە هۆڵە گەرم و گوڕەکەیدا - پاش تەواوبوونی

کاسێتێکی ڤیدیۆی سێکسی، بەئاستەم پەنجەرەی هۆڵەکە دەکاتەوە تا سەیرێکی دەری بکات... نەک تووشی هەڵامەت ببێت، بەپەلە دەکشێتە دواوە، ڕوو لە خێزانەکەی دەکات و پێی دەڵێت:

- (ئافرەت... دەزانی ئەمشەو شەوی پێشمەرگەیە!)

بۆ نا... بۆ ئەم شەوەی ئێمە شەوی پێشمەرگە نەبێت، بۆ نا؟ ئەی ئێمە بۆ کێی دەکەین؟ خۆ سبەینێ هەر هەمان زەمانسازی دەوڵەمەند - گەر سووکەمقاوەماتێ... شتێ... یانی شێتۆکەیێک - ببێت، خۆ پیاو ناوێرێت لە مەجلیسیاندا قسان بکات، یەکسەر لێت ڕادەپەڕن و دەڵێن:

- برا، ئێوە وەزعتان، زۆر لە وەزعی ئێمە باشتر بوو... چونکە هەر ساتێکی تەمەنی ئێمە... لەنێو ئەم (شارە دۆزەخەدا) مردنێک بوو بۆ خۆی... دڵەڕاوکێ، ترس... خۆ(دڕندەکان) سڵیان لە هیچ شتێک نەدەکردەوە... ئێمە لێرەدا، دڵمان، خەونمان، هیوامان لەگەڵ ئێوەدا بوو...

ئیدی بە هەموو حیساباتێکی سیاسییانە، خزمئامێز و چاولەبەری دەعوەتێک، شتێک... متێک! خوێنی ئێمە دەبێتە پارسەنگی خەونی ئەو چاپلوسە زمانسازە زماندرێژانەی کە پیاویش قەرزاربار دەکەن! هیوایان دەبێتە پارسەنگی برسییەتی و دەربەدەری و کێچ و ئەسپێ و تەوزیع و بێنازی ئێمە... دڵەڕاوکێیەکەشیان - ئەڵبەتە - گوللەبەندی ئێمە بووە و پێمان نەزانیوە.

دوێنێ شەو، بۆ یەکەم جاری تەمەنم هەستم بەوەکرد، کە گورگم... وەک گورگ، زیت و چوست و بەورە، چیای بەفرینم خستبووە ژێر هەنگاوی تیژڕەو... دەڕۆشتین، تاریکە شەوێکی ئەوتۆ، یاد و بیرکردنەوە، بێشەرم، خۆیان لەبەر زەین و دیدەمدا ڕووت دەکردەوە، لەو تاریکە شەوەدا،

خۆیان لە شێوەی پرسیاری ڕووت و قووت دەخستە ڕوو... دەڕۆشتین، لەنێو تاریکی ئەو شەوە تۆفەدا، هەنگاوی بەرەوپێشەوەچوونمان دەنا، پرسیاریش مێشکمیان کردبووە شانۆ... شانۆی سەما، شێتانە کۆتی بێدەنگییان دەپچڕاند، لە ڕووم دەوەستان و داوای وەڵامیان لێ دەکردم... دەڕۆشتین، پرسیارەکان دادگای دەروونمیان گەرمتر کرد.

- چی دەکەن؟

- هێرش دەبەین.

- بۆچی؟

- خاک لە داگیرکەر پاک دەکەینەوە.

- کەم هێرشتان بردووە؟

- نەخێر زۆر.

- سەرئەنجام؟

- خەڵکانێکی زۆرمان کوشتووە... لێمان کوژراوە، دەسکەوتمان هەبووە...

- کێن ئەو خەڵکانە؟

- سەرباز، جاشی خۆفرۆش.

- پێت وایە مردنی ئەوانە، بۆ دەوڵەت دەکاتە زیانێکی گەورە؟

- ڕەنگە سووکە زیانێک بێت.

- ئەی شەهیدبوونی کەسانی ئێوە؟

- زیانێکی گەورەیە، بەڵام خوێنەکانیان نرخی سەربەستییە.

- کام سەربەستی؟

- هەموو جۆرە سەربەستییەکان.

- جا چ شوێنێک، چ وڵاتێک، چ بەهەشتێکی سەر ئەم زەمینە، هەموو جۆرە سەربەستییەکانی تیادایە؟

- گەر هەموو جۆرەکانیان نەبێت، ڕەنگە لە هەرجۆرە هەندێکیان هەبێت.

- بە چی وەدەستیان هێناوە؟

- بە خەبات، تێکۆشان، کوشتن، کوژران، ماڵوێرانی، دەربەدەری، برسییەتی و لەخۆبوردن.

- خۆ ئێوە، لەم شتانەی باسی دەکەن، کارامە و لێهاتوون، ئەڵبەتە نەفەسیشتان درێژە؟

- بەڵێ...

- جا کە، ئێوە بەدرێژاییی مێژوو و تا ئێستایش هەر شانازی بەوەوە دەکەن، کە نەفەس درێژن، لەخۆبوردوون، کەچی تا ئێستا هیچتان بە هیچ نەکردووە...

- ڕاستە، بەڵام دوژمنانمان دڕندەن... گەلێک دڕندەن.

- جا چ کەسێک(کەروێشک) حەقی خواردووە... هەر گورگ و شێرە حەق دەبەن و دەبێت حەق لەوان وەرگیرێت...

- ئەی ئەوە نییە هەوڵ دەدەین... ئەی ئەوە نییە ئامادەی هێرشین.

- بۆ کوشتن و ڕەبایە گرتن و هێرش، دەبێتە مایەی ئەوەی دەوڵەتی داگیرکەر ملکەچ بکات؟

- پێم وانییە.

- بۆ؟

- ڕەنگە هەزارانی ئەو کەسانەی بەر گوللەی ئێمە دەکەون، بە تایبەت جاشە کوردەکان، دەوڵەت خۆی مەبەستی بێت لەناو بچن، بمرن، نەمێنن، دەوڵەت دەیەوێت کورد بە دەستی کورد بداتە کوشت...

- ئەی ئەوانەی کە کورد نین؟

- بەلای دەوڵەتەوە تەنها (ژمارەن)، بۆ ئەوە دەیانژێنێت، بکوژن و بکوژرێن.

- چاکە... سەرەنجام...

- دەڵێم سبەینێ دەبێتە ڕۆژێکی مێژوویی... مێژووە نەوسنەکەی ئێمە و ئەوان... ئێمە سەرکەوتنێک تۆمار دەکەین، ئەوانیش نوشستێک لە خۆیان دەشارنەوە.

- چۆن؟

- ئێمە هێرش دەبەین، غافڵگیریان دەکەین... سەرکەوتن بۆ ئێمەیە،

ئێمە لەسەر حەقین... سەر دەکەوین.

- ئا... بۆ سبەینێ... نەک دوو سبەی...

- شەڕە و قانوونی خۆی هەیە... ڕاستی و لەسەر حەق بوون چەکێکی کاریگەرە.

- نەخێر، پێم وا نییە لە داهاتوودا کەسێک جورئەتی ئەوەی هەبێت، لە سەرکەوتوو بپرسێت، ئایە لەسەر حەق بوو یا نا؟

- ئەمە حیساباتی سیاسەتە.

- بە هەموو حیسابێک، ئەوەی لە جەنگدا مەبەست بێت، سەرکەوتنە، حەقیش موڵکی سەرکەوتووە، چ کەسێک بۆی نییە هیچ بڵێت... گرنگ ئەوەیە حەقیقەتێک ڕەچاو بکرێت، ڕەبیە گرتن، کوشتن، نابێتە مایەی سەرکەوتن.

- دەمەوێت زیاتر حاڵی بم.

- دە ڕۆژی دی، یا مانگێک، دوو مانگ، ئەو کارانە لەبیر دەچنەوە.

- بەڵام میللەتان بە هێزی بازوو و بە خوێنی خۆیان سەرفراز بوون...

- هەر میللەتە جۆرە دوژمنێکی هەیە.

- دوژمنی ئێمە بێقسوور بووە.

- لە چی؟

- کوشتن، وێرانکردن، هەموو کارێکی نائینسانی.

- بەڵام زیرەک و وریا بە... کورد بە مێش دەزانێت، بۆ پێشمەرگە (دی دی تی ڕۆکێت) و (سۆخۆ) بەکار دێنێت، بۆ ئەوانی دیش(هەنگوین)، تا زیاتر لە دەوریا کۆ ببنەوە.

- ئەمە دوژمنەکەمان وامان لێدەکات، ئەی خۆمان.

- بۆ تا ئێستا قسوورمان بە خۆ کردووە... چیمان بە یەک نەکردووە؟

- جا چی ماوە؟

***

دەڕۆشتین و شەویش تاریکتر دەبوو، پرسیارەکانی مێشکم زیاتر ئاڵۆز و بێ وەڵام دەبوون... گەلێک پرسیاری ئەوتۆ، مەگەر لە تاریکەشەوێکی وەک دوێنێ شەودا جورئەتی ئەوەیان هەبێ خۆیان بخەنە ڕوو و قایلیش بن بێ وەڵام بمێننەوە...

سەرباری ئەوەی کە کۆمەڵێک پێشمەرگەی زۆر بووین، دەخزاین و هەڵدەستاینەوە، کەچی شەوێکی گەلێک کشومات بوو، تەنانەت سەگەکانی ڕەبیەکانیش نەدەوەڕین... گەیشتینە جێ، بەپێی نەخشەی دیاریکراو دامەزراوین، مەحمودی برام، بۆ دڵنیابوون، هەموو پێشمەرگەکانی بەسەر کردەوە، ورەی زیاتری پێ دەبەخشین، دەیگوت:

- گەر ئەمجارەیان سەرکەوتین - ئەڵبەتە هەر سەریش دەکەوین - ئەوە بۆ دۆست و دوژمنی دەسەلمێنێت کە خاکی ئێمە، گۆڕستانی دوژمنی داگیرکەرە، دەبێت هەر واش بێت...

هەر کە مەحموود دەیگوت: دەبێت ئەمجارەیان سەرکەوین، دەیان سەرکەوتن و نەبەردی قارەمانانەی پێشمەرگەم دەهاتەوە بەرچاو، کە گەلێک جار لە دەمی هەندێک پێشمەرگەی بەتەمەنم بیستبوو، کە لە شۆڕشی ئەیلولدا، لە هەندرێن و زۆزک، لەسەر تیژ و سپیلک و شیوەسوور، لە گەرمیان و بەمۆدا، چییان بە داگیرکەر کردووە، چۆن لەو شەڕانەدا سەر کەوتوون، پاشانیش وەک دوو دێڕێ لە بڵاوکراوەیێک، یا لە یاددا تۆمار کراون، بێ ئەوەی بووبنە بناغەی ئەو(سەرکەوتنەی خەونی ئێمە)!

ئەگەر لەو کات و شوێنەدا نەبا، حەزم نەدەکرد لە مەحمود بپرسم:

- (کام سەرکەوتن؟ ئەو سەرکەوتنەی بۆ چەند ڕۆژ و مانگێک پەیمان پیا دەکات؟)

یا ڕاستتر، دەمویست ئەوەی بخەمەوە یاد، کە خۆی دەیان جار بۆی باس کردبووین (کورد چ جارێ و لە چ شۆڕشێکیا، لە رووی عەسکەرییەوە نەدۆڕاوە) منیش پێی بڵێم:

(ئەدی دەوڵەت لە رووی عەسکەرییەوە بە ئێمە دەدۆڕێت؟

نازانم گەر پرسیارم کردبا، ئەو چ وەڵامێکی دەدامەوە، بەڵام بەجوانی وەڵامی ئەم پرسیارەی خۆمم دەزانی...

هەر کە مەحمود دڵنیا بوو، هەموو شتێک بە پێی نەخشەکە ساز و ئامادەیە، ماخۆلانی تێکەوت و چاوەڕێی یەکەم تەقەی دەکرد، زوو زوو سەیری سەعاتەکەی دەکرد، کە بڕیار بوو لە سەعات چوار و چارەکدا دەست پێ بکرێت...

شەویکی ماوەدریژ بوو، هەموو چاوەڕێی سەعاتی سفرمان دەکرد، ئەو ڕەبیەیەی بۆ ئێمە داندرابوو - کە مەحمود خۆی هەڵیبژاردبوو - ڕەبیەییکی گەلیک سەخت بوو، لە پەڕ بوو، بە حیساباتی مەحمود و پێشمەرگەکانی دی، لە نیو سەعات زیاتر خۆی ناگریت، کەچی کە یەکەم تەقە دەستی پیکرد و شەوی بیدەنگ هەژیندرا، لەبەر ئاگری ئار پی جی و گوللەباران و گوللەی تەنویر، چ کەسیک هەستی بەوە نەدەکرد کە شەوە... لە پینج دەقیقەی یەکەمدا، دە - دوانزە گوللە ئار پی جی نران بە ڕەبیەکەوە، دەستەی هجومیش بە نارنجۆک و کلاشینکۆفەوە هێرشیان برد، پاش سێ - چوار دەقیقەییک کشانەوە، بێ ئەوەی بتوانن لە سیمە دڕکدارەکانی دەوری ڕەبیەکە بپەڕنەوە... بە دوو برینداری سووکەبرینەوە کشانەوە... ئەوەندە (تەنویر) بە ئاسمانەوە بوو، ببووە ڕۆژی ڕۆشن، گرمە و دەستڕێژ تا دەهات گەرمتر دەبوو، هەر لە نیو سەعاتی یەکەمدا، چوار ڕەبیە تەسلیم بوون... مەقەڕ سریەکان و مەقەڕ فەوج بە جۆریک شڵەژابوون شێتگیر ئاسا بە هەموو لایەکدا کوێرانە تەقەیان دەکرد... لەلای ئێمەوە جاریکی دی دەستەی هجومی پێشمەرگەکان، بە گوڕ و تەکانیکی تر، بەرەو ڕەبیە دیاریکراوەکە چوون و ئێمەیش حیمایەمان دەکردن... کەچی وەک جاری پێشوو گەڕانەوە، لەنیو ڕەبیەکە بەرگرییەکی سەخت دەکرا، تەقەکانیان ئەوەندە گەرم بوو، کەم کەس دەیتوانی سەر بەرز بکاتەوە بەجوانی بڕوانیتە ئەو ئاگربارانەی، کە زیاتر لە پانزە کیلۆمەتری چوارگۆشەیدا دۆزەخیکی داگیرساندبوو...

نازانم چۆن بوو، لەو کاتە سەخت و ناهەموارییەدا پیکەنین دایگرتم... ئەو قسە خۆشەم وەبیر هاتەوە کە پێشمەرگەییکی هاوڕێم بە تەمسیلکردنەوە بۆی گێڕامەوە:

- چەند ئەفەنییێکی بە دەم خوێن گەرم و بە پرتەوبۆڵە، کە هیچ شتێکیان بەدڵ نییە، شەوێ لە نادیدا دادەنیشن، یەکێکی نگ شێریان بەوانی دی دەڵێت:

قەت ئەمە وەزع نییە، پێشمەرگە چۆن وا دەبێت، بۆچی فلانە ڕەبیە و فلانە شوێن ناگرن، خۆ کارەکە ئەوەندە قورس نییە — لەو کاتەدا دەست بۆ پێکەکەی دەبات و بەڕەفیقەکانی دەڵێت: سەیر بکەن، بلێین ئەمە ڕەبیەکەیە - پاکەت و شقارتەکەشی دەخاتە ئەملا و ئەولای پێکەکەی، ئەمانەش دوو مەفرەزە پێشمەرگەن، بە هەردوو دەست پاکەت و شقارتەکە لە پێکەکە نزیک دەکاتەوە و — سەیر بکەن و چاوتان لێ بێت، گەر ئاوها بۆی بێن، ئەوا ڕەبیەکە موحاسەرە دەبێت - پاکەت و شقارتەکە دەگەیێنێتە پێکەکە و دەڵێت:

ئەوهاش بەئاسانی دەگیرێت... بیبینێ پێکەکەی هەڵدەدات: بە سەری ئێوە ئەوەندە قورس نییە، خۆ چاوتان پێوە بوو چەن بەئاسانی گرتم!

لەگەڵ گەرمی تەقە و دەسرپێژەکەدا، زیاتر پێکەنین دەیگرتم، یەک - دوو جار لەبەر خۆمەوە گوتم: (بەلێ، بەلێ، قورس نییە و دەیگرێت).

وەک دەستووری پێشمەرگایەتی، هەر ڕەبیەیێک بگیرێت سەلیەیێک فیشەکی گڕدار بەرەو ئاسمان دەتەقێندرێت... یەک لە دوای یەک، لە هەموو ڕەبیەکانی دیبەوە، سەلیيە فیشەکی گڕدار بەرەو ئاسمان دەچوون... تەنها ئەو ڕەبیەیەی بۆ ئێمە دیاری کرابوو بەرگری ژیان و مردنی دەکرد، هەندێکیش ئێمەیان شلەژاندبوو، وردە وردەش دنیا ڕۆشن دەبووەوە... دوژمنی داگیرکەریش دەیویست بە هانایانەوە بێت، کەچی چاکتر دەکەوتنە نێو ئەو بۆسانەی کە پێشوەخت بۆیان دامەزرابوون... ڕۆژی حەشر بوو، تەنها تاقە ڕەبیەکەی لای ئێمە خۆی

نەدابووە دەستەوە... پێم وا نییە چ جارێک مەحمودم ئاوها بەغەمباری و ڕەنگبواردوویی بینیبێت، هەموو پێشمەرگەکانی تیپەکەی ئێمە بە وردی کاری خۆیان وە ئەنجام گەیاندبوو، تەنها ئێمە نەبێت. ئەگەرچی لە سەرەتادا ناوی مەحمودی برام لەنێو ناوی ئەوکەسانە نەبوو، کە هجوم دەکەن، کەچی لە ساتەوەختێکدا شەش پێشمەرگەی کۆکردەوە و بەمنی گوت:

- مستەفا، ئێوە حیمایەمان بکەن و ئێمە هێرش دەبەین.

زۆرم حەز دەکرد ڕێی لێ بگرم، کەچی شەرم لە پێشمەرگەکان، تەنانەت شەرم لە خودی مەحمودیش، ڕێی قسەی لێ بڕیم، بێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، یەکسەر خۆمم تێکەڵ بەو شەش پێشمەرگەیە کرد، مەحمود دوبارەی کردەوە.

- ئێوە حیمایەمان بکەن.

چ وەڵامێکم پێ نەبوو، تێکەڵیان بووم، سەرەتا لە دوو لاوە بە ئار پی جی ڕەبیەکەمان داگرت، هەمووی پێنج - شەش دەقیقەی پێ نەچوو، خۆمان لەنێو ڕەبیەی خاپوردا بینییەوە... مەحمود، دوو - سێ شەقاو پێشم کەوتبوو، هەوڵم دا نزیکی ببمەوە، دەنگی تاقە تەقەیێکی نزیک مەحمودی بە دەما خست، تا فریای کەوتم بەرزی بکەمەوە، کار لە کار ترازابوو، جێ گوللەیێک چاوانەی بە نەخشی تەوێڵی دابوو، خوێن گەرم و فوارەی دەکرد، سەریم خستە سەر دەستم، بە حەپەسانەوە سەیری ئەو ڕووخسارەیم دەکرد، کە خوێن هەردوو چاوی قەپات کردبوو... دەنگی دەسرێژێک ئەو بێدەنگی و حەپەسانەی شێواندم... بەپەلە لام کردەوە... تەمەس یەکێک لە سەربازەکان بە برینداری، لە دەرەوەی ڕەبییە داتەپیوەکەدا، لە دووری هەشت - نۆ مەترێکەوە، تەقە

لە مەحمود دەکات، پێشمەرگەیێکیش، هەر لە هەمان کاتدا چاوی تێوە دەبێت، هەڵدەکوتێتە سەری و سەڵیەیێکی پێوە دەنێت.

ئەگەرچی لە خۆ نەچووبووم، سەیرم دەکرد و دەجوولانەوە، بەلام ئاگام لە هیچ شتێک نەمابوو، هەر ئەوەندە دەزانم کلاشینکۆفە قۆناغ خوێناوییەکەی مەحمودی برامم لە شان نا، ئیدی بەحەپەسانەوە سەیری ئەملا و ئەولام دەکرد... نازانم چۆن تەرمی مەحمود و بریندارەکانی دییان گەیاندە ئەودیو... نازانم خۆیشم چۆن هاتووم، ئاگام لە دەوروبەری خۆم نەبوو، نەمزانی چۆن (ئا لێرەدا) قەبریان بۆ هەڵکەند، کێ بانگی کردم... بەلام هەر کە دایانپۆشی، نەک فرمێسک، پێم وایە خوێنی لەشم لەبەر گەرمی دەروونم بیووە هەڵم، لەو کاتەدا هەستم بە بوونێکی نیمچە زیندووی خۆم کرد... ئەوا سێ سەعاتێکە مەحمودی برام لەنێو گۆڕدایە... بەئاستەم دەبینم پێشمەرگەکان باسی حەڤدە شەهید و چەند بریندارێکی دی دەکەن... باسی دیل و دەسکەوت و کوژراوێکی ئەوتۆ دەکەن، عەقڵ نایبڕێ... بەڵێ، ئێستا دەپرسم لە خۆم، لە کەسێکی خۆمئاسای بێکەس دەپرسم:

ئایا ئینسان، ئینسانی ئەم سەدەیە، لەم ڕۆژهەلاتە، دەتوانێت بەرگەی سەرکەوتنێکی مەزن و پشتشکانێکی مەزنتر بگرێت، بتوانێت باوەڕیش بە خۆی بێنێت، کە (هەیە) و دەتوانێت بەردەوامی بە ژیانی بدات؟

ڕەنگە کەسی مردوو تا لە ژیاندا بووبێت، هەند مردنی خۆی بەلاوە گران نەبووبێت، بە تایبەت بەقەد ئەوانەی کە ئەمی مردوویان خۆش ویستووە... ئەوا من(بڵێین)! دەتوانم، بە هەر جۆر بێت، ژیان بمگوزەرێنێت یا ژیان بگوزەرێنم، هانی خۆم بدەم... ئەوا من وا... ئەی جوان؟

***

ئەمە من و جێیەکەم و چیا سەخت و ڕووتەکەی بەرانبەرم و ئاگرستانەکەی ئەودیوی، ئەو دیوەی کە بەشێکی تەواوی تەمەنی هەرە خۆشی و منداڵی و هەرزەکاریمی هەڵمژیبوو، لەنێو ترس و حەپەسان و دووکەڵدا، فێری پشت بە خۆ بەستنی کردم، ئاشنایەتی لەنێو من و ئەو و هەورازەڕێ و برسییەتی پتەو کرد (شێخ ڕەشەکەی) بابوباپیریشی لە فرسەتێکدا دوو چڵی گەورەی پیرۆزی خۆی پێ بەخشین، من و مەحمودی برام لە جەولەیەکدا لەلای دارتاشێک کردمان بە قۆناغەتفەنگ، قۆناغی کلاشینکۆفەکانمان گۆڕی، (شێخ ڕەش) شەو لەژێر سەر، ڕۆژ لەسەر شان، لە مەترسیدا ورەی پتەوتر دەکردین...

ئەوا(ئێستا)ش دەستی بێهێزم بەسەر هەر دوو قۆناغی تفەنگەکاندا دەهێنم، سووکە ئارامی ڕووم تێدەکات و دڵم دەداتەوە، دڵنیام دەکات هەموو دار و دەوەن و چڵە دارێکی ئەم ولاتەم، پشت و پەنامن... هەر دەست لەسەر قۆناغەکان هەڵدەگرم، تەزووێکی سارد سەراپام دەگرێتەوە، وەک ئەوەی زمانی حاڵی خوێنەکەی مەحمود و چڵە بە(قۆناغ) بووەکەی (شێخ ڕەش) پێم بڵێن: (بێ ئێمە، ژیانی سەرفرازییت مەحاڵە).

ئەمە من و (ئێستا) و جێیەکەم... بەڵام لە پشتی منەوە، زنجیرە چیایێکی دیی سەخت و ڕووتتر، لەگەڵ ئەم زنجیرە چیای بەرانبەرمدا بوون بە دایک و باوکی ئەم دۆڵە درێژەی کە (ئێستا) من و غەم و ئاڵۆزی خەیاڵ و حەپەسانی لە پەنا گابەردێکدا ڕاگرتووە... ئەم دۆڵە تەنگ و درێژە هەزاران پیرەدار و سەدان گابەرد و دەیان کەندەڵانی گرتووەتە خۆی.

زنجیرە چیا سەخت و ڕووتەکەی لای پشتمەوە، بە باریکەڕێیەکی پێچاوپێچ بەستراوەتەوە، ئەم دۆڵە باریکە، ڕێیەکەش سەیرە، مرۆڤ

دەبێت لە هەندێک شوێنیا بە چنگەکرێ سەر بکەوێت، لە گەلێک شوێندا مرۆڤ بەرەو بەردەڵان دەبات، گەر شاخەوان و شارەزا نەبێت، ئەوا هەندێک توولەڕێ بەرەو هەڵدێر و ڕەوەزی ئەوتۆی دەبات، چەندین ڕێبوار و نەشارەزای ون کردووە... باریکەڕێیەکە لەنێوان دوو ترۆپکەوە، بە چەند پێچێ بەرەو ئەودیو ئەچێت، پاش سەعاتەوەختێک، مرۆڤ دەگەیێنێتە سەر کانیاوێکی سارد، کە لەنێو ئەشکەوتێکی ڕەشداگیراودا هەڵدەقوڵێت، هەر بیست مەترێک لە خوارووی ئەشکەوتەکەوە، ئاوی کانییەکە، بە نێو بەردەڵان و پێچەکاندا، گاهێ وەک نیمچە تاڤگە، گاهێ وەک جۆگەی خوڕ دادەکشێت و بەرەو خوار دەبێتەوە...

(ئێستا) گەر کەسێک، لەم ڕۆژەدا، باریکەڕێیەکە بگرێت و بەرەو زنجیرە چیا سەخت و ڕووتەکەی لای پشتمەوە بکەوێتە ڕێ، بچێتە لووتکە هەرە بەرزەکەی، کە ناوی کەڵکی شەیتانە، لە پایینی لووتکەوە وردە وردە بەرەو ئەودیو داکشێت و بگاتە سەر کانیاوەکەی (ئەشکەوتە ڕەش) لە پێچێکدا بەرەو لای چەپ، باریکە ڕێیەکە هەنگاوەکانی بەرەو نیمچەدۆڵێک دەبات، یەکسەر کەسەکە، دووکەڵی سۆپای سێ کوێرەماڵ دەبینێت، وەک هەناسەی دانیشتووانی، بەرەو ئاسمان و عەرشی خواوەند دەچن، شکایەت لە زوڵم و جەوری سەردەم دەکەن،ماڵەکان پاڵیان بە یەکەوە ناوە، تەنانەت هەناسەی کلۆڵی و کەساسیشیان تێکەڵە... یەکەم ماڵی ئەمسەریان - گەر کەسەکە بەوردی سەرنجی بدات، دەبینێت - پەرژینێکی ئەستووری هەند بەرز بووەتەوە، کەوانەی... گەر کەسەکە لەو کاتەدا بەختەوەر بێت، ئەوا ڕەشپۆشێکی کەڵەگەتی شەرمن و چاوڕەش و پرچدرێژ، بە تەنەکەیەکەوە خۆی دەهاوێتە نێو دیدەی، با بەرەو (کانی چاوان) هەنگاو دەنێت، با لە ئاو هێنان دەگەڕێتەوە، بێ ئەوەی کەسەکە قسە بکات، یەکسەر کچە ڕەشپۆشەکە، ماندوونەبوونی دەکات، بە ڕوویەکی گەشەوە فەرمووی لێدەکات.

خۆ ئەگەر کەسەکە پێشمەرگە بوو، ئەوا گەرمتر فەرمووی لێ دەکات، خۆ ئەگەر فەرموەکەی قەبووڵ کرد و چووە ماڵێ، ئافرەتێکی پەنجا ساڵەی ڕەشپۆش دەبینێت، لەنێو جێیەوە بە نووزەیێکەوە بەخێرهاتنی دەکات... خۆ ئەگەر کەسەکە لەوێدا بمێنێتەوە، لە دەمەو ئێوارەدا دوو کوڕ بەگەرمییەوە بەخێرهاتنی دەکەن، یەکێکیان تەمەنی حەڤدە ساڵە و ئەوی دییان مێردمناڵە، ئیدی کەسەکە دەکەوێتە بەر نەشتەری پرسیاری لەسەریەکی کچە و هەر دوو کوڕە، کچە ڕەشپۆشەکە زیاتر بەپەرۆشەوە پرسیار دەکات:

- زۆر بەخێر بێیت... دەنگوباسی ئەودیو چییە؟ پێشمەرگەکان چۆنن؟

ئەری ڕزگار دەناسی؟ لە تیپەکەی کاک مەحموددە، ئەری وەزعیان چۆنە؟ میوانەکە هەر وەڵامی باتەوە، سەمتی باسەکە هەر دەچێتەوە سەر ئەوەی، کە چۆن باسەکە بۆ ئەوە دەبات، کە چۆن باوکی لەگەڵ حاجی محێدینی موختار کوژدا دەکەونە نێو بۆسەوە، گەمارۆ دەدرێن، بۆ ئەوەی نەکەونە بەردەستی دوژمن، ناچار خۆیان دەکوژن، پاشان (عەسکەرەکان دەیانخەنە ژێر زنجیری دەبابەوە، ئەگەر کەسەکە لەگەڵ باسی کچەکەدا تێکەڵ بێت و سۆزی هەبلچێت، ئەوا باسی ئەوەت بۆ دەکات، کە هەشت ساڵ لەمەوبەر چۆن، لە بەربەیانێکدا (عەسکەرەکان) هاتن و گوندەکەیان سووتاند... باسی ئەوە دەکات، کە خەڵکی گوندەکەیان چۆن تەعویزیان وەرگرت، تەنها باوکی ئەم نەبێت، کە پێیان گوت: (هەموو سەروەتی دنیام بدەنێ، یەک دارگوێز، یەک چڵ هەنار، یەک هەرمێ نافرۆشم، تەنانەت زڕەتووییێک بە هەموو سەروەتی دنیا نادەم، بەهەشتم لێ تاپۆ بکەن نامەوێت، کەلاوەیێکی ئەم دێیە، ئەم دۆڵ و چیایە، بە هیچ شتێک ناگۆڕمەوە.

ئەوجا كچەكە دێتە سەر ئەوەی چۆن گوندەكەیان سووتاند، كانیاوەكانیان تەقاندەوە، ڕەنگە چەند جارێكیش بڵێ: (ئەوسا من دە ساڵان بووم، نەمدەزانی بۆ وامان لێدەكەن، هەر ئەوەندەم دەبیست... لەبەر ئەوەی كوردین، بۆیە وامان لێدەكەن.

باوكم وەك هیچی نەفرۆشت و تەعویزی وەرنەگرت، بە ئاسانیش دێی چۆڵ نەكرد، مەگەر ئەو خوایە بزانێت تا پاش ئەوەی ئێمەی دەرباز كرد - چەند عەسكەری داگیركەری كوشت.

ئەڵبەتە كەسەكە نازانێت ئەم كچە ڕەشپۆشە ناوی (جوان)ە بەر لەوەی باوكی لەگەڵ باوكی مندا شەهید بن، مارەی لە مەحمودی برام براوە، دەبا لە بەهاریشدا بگوازێتەوە... كەسەكە نازانێت، (جوان) چەند بە جورئەتە، چۆن بە ئەوپەڕی ڕاشكاوی لە ڕووی ئامۆزاكانیا وەستا و پێیانی گوت:

(من شوو بە ئێوە ناكەم... من شوو بە پێشمەرگە دەكەم... باوكم و ڕزگاری برام پێشمەرگەن... فەرموون ئێوەش ببن بە پێشمەرگە... سەد كچی وەكوو من ئاواتەخوازن شوو بە پێشمەرگە بكەن)...

ئەڵبەتە (جوان) گەلێك شەرم دەكات، نایەوێت باسی ئەو عەشقە بێدەنگەی خۆی لەگەڵ مەحمودی برامدا بكات، كە چۆن لەو سەرنجەوە دەستی پێكرد، كە ڕزگاری برای بریندار بوو، هاتە سەردانی، مەحمودی دەبینی چۆن نان و ئاو دەكاتە دەمی و چۆن كراسە خوێناوییەكەی بۆ شۆرد.

گەر كەسەكە بشزانێت، ئەمڕۆ مەحمود شەهید بووە، ناتوانێت ئەم هەواڵە ناخۆشەیان بداتێ...

ئەڵبەتـە کەسـەکە نازانێت هـەر ئەمشـەو ئـەم هەواڵـە جەرگبڕەیـان دەکاتێ، مـن بڕیاری ئـەوەم داوە هـەر ئەمشـەو، ئـەو ڕێیـە سـەختە دەبڕم، دەگەمـە ئـەوێ، چ شـتێک ناڵێـم، تفەنگـە میراتییەکـەی مەحمـودی دەدەمـێ، لێدەگەڕێم، بـا خوێنـی سـەر قۆناغەکـەی بێتـە زمـان و بڵـێ:

- (جوان...

فەرمـوو ئەمـە تفەنگ، ئەوەش مەیدان.)

١٩٨٥
سـەرگەڵو